




# بەشێک لە بابەت و وتووێژەکانی

## هاوڕێ بابا عەلی میهرپەروەر

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست


٭ مێهرەبانی کاکەم ............................................................... ئەحمەد ڕەحمانی

١- دوکتور قاسملوو عاشقی ئازادی و دێموکراسی بوو ............................................................... ٤

٢- وتوویژ سەبارەت بە هەڵبژاردنی نۆیەمین خولی سەرکۆماری لە ئێراندا ............ هەڤپەیڤین: عەلی بداغی ...... ٧

٣- وەڵامێک بە نووسراوەکەی کاک ئەنوەر محمدی ............................................................... ١٣

٤- وتوویژ ڕۆژهەڵاتی نێوەراست لەنێو ئاگری شەڕێکی دیکەدا ................ ئامادە کردنی: عەلی بداغی ..... ١٧

٥- من هیچ کام لەو دوو لایەنە بە بێ تاوان لەو لەت کردنەدا نازانم ............ ئامادەکردنی: مادێح ئەحمەدی ..... ٢١

٦- د. قاسملوو لە ڕوانگە و بیری کاک بابا عەلی مێهرپەروەر ................ ئامادەکردنی: محەممەد سولەیمانی ..... ٢٥

٧- دیمانە لەگەڵ شەقام ............................................................... ئەحمەد سەفا .............. ٢٨

٨- کاک دوکتور سەعید بەو شێوە کە من ناسیومە ............................................................... ٣٦

٩- وتوویژی بابەعەلی میهرپەروەر لە گەڵ کاک ئارێز ............................................................... ٤٢

١٠- وتوویژی ڕۆژی کورد لەگەڵ ڕێزدار باباعەلی میهرپەروەر ............................................................... ٤٩

١١- ئەسپی تیروای عیبادی لە مەخموور ............................................................... ٥٣

١٢- هەڵبژاردنی بەناو سەرکۆماریی و هەڵوێستی هاوبەشی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات ............................................................... ٥٥

١٣- پرسیارەکانم لەبابەت بەرەی کوردستانی و هۆکاری پێکنەهاتنی ئەو بەرەیە .............. برایم جەهانگیری ..... ٥٨

١٤- کوردانی ڕۆژئاوا و ئەگەرەکانی بەردەمیان ............................................................... ٦٠

١٥- ئایا ئێران خۆی واکسی نەکردوە؟ ............................................................... ٦١

١٦- حیزبەکان دەبێ لە گۆڕانکارییەکانی دواڕۆژدا دەور بگێڕن و ببن بە بەشێک لە گۆڕانکارییەکان .................. ٦٣

١٧- ئەگەر پیتان باشە، تکایە واژووی کەن ............................................................... ٦٥

١٨- ڕۆژنامەی کوردستان، تایبەتمەندی و ئاستەنگەکانی بەردەمی .............................. کوردستان و کورد ..... ٧٠

١٩- دیمانەیەک لەگەڵ بەرێز عەلی میهرپەروەر .................................................. تاهیر قاسمی ..... ٧٣

٢٠- دیمانە بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان .................................................. ڕەحمان نەقشی ..... ٧٩

٭ بەشێک لە هاوخەمی و پرسە، سوپاسنامە، پیرۆز بایی و هتد ...................... ٨١

## مێهرەبانی کاکەم

**ئەحمەد ڕەحمانی**



هەستمکرد لە گەورەدێ لەو شوێنەی منداڵیم تێدا بردە سەرێ کاک بابا عەلی دەبینم، دەنگی مێهرەبانی دەژنەوم،

هەستمکرد لە داوێنی قەندیل ئەو کاتەی نەوجەوانێکی تازە پێگەیشتوو بووم دەستی مێهرەبانی کاک بابا عەلی بە سەر سەرم دا دێ، هاوشانی دکتۆر قاسملووی ڕێبەر دەبینم، لە باڵای جوانیان دەڕوانم،

هەستمکرد لە نێو قەڵای خۆڕاگری دێموکڕات لە داوێنی چیای باواجی بە دەم هەڵکشانی تەمەنی خۆمەوە هەروەکو جاری جاران لە داوێنی بنارانی چیا کاک بابا عەلی بە مێهرەبانی هەمیشەییەوە دەبینم،

دوای ساڵانێکی زۆر لە غەریبی و تاراوگەنشینی لەو شوێنەی کە مرۆڤ وێڵە بە شوێن کەمێ لە سۆز و مێهرەبانی، کاک بابا عەلی جارێکی تر بێ بەشی نەکردم لە مێهرەبانی، بە ئامێز لێدانی کاکەمان جارێکی تر گەڕامەوە بۆ گەورەدێ، قەندیل و بۆڵێ، کۆیە و قەڵای دێموکڕات، ئەو سەردەمانەی گەورەبووم، پشکووت بیرم بە بیر و ڕێباری پیرۆزی دێموکڕات.

بەڵام ئێستاکە منیش سەرو ڕووخسارم وەکو کاکەم چەرموو، کلوی سپی بەفری تەمەن دایگرتووم ڕەنگ و ڕوو، لە ناخی خۆمدا دەڵێم تۆ بێژی ڕۆژێ لە ڕۆژان کاکەم بە ئازادی بگەڕێتەوە بۆ زرێباری مەریوان، منیش بۆ دۆڵی خدراوێ و لێڕەواری سەردەشتی سەر سەوز، کاکەم لە مەریوانی دوازدە سوارە لە ناو گەل و نیشتمانی ئازاد، منیش لە داوێنی گۆڕەمەر و دەڤەری مەلا خەلیل دڵخۆشبین لەوەی گەیشتین بە ئاوات و خۆزگەی چەندین ساڵەو دوورە وڵات.

## دوکتور قاسملوو عاشقی ئازادی و دێموکراسی بوو



* کاک دوکتور قاسملوو ڕووناکبیرێکی ئاکادمی، شۆڕشگێڕ بە تایبەتمەندی‌یەکی بەرزی ئینسانی‌یەوە و شارەزا لەسەر مەسائیلی جیهانی و نێونەتەوەیی بوو.

* دوکتور قاسملوو یا هەر کەسایەتی‌یەکی وەک ئەو کاتێک دەتوانێ ئەرکی نیشتمانیی خۆی بە باشی بەڕێوە بەرێ کە کەرەسە و ئیمکاناتی بەرەوپێش‌بردنی ئاواتەکانی لەبەر دەستدا بێ. باشترین ئیمکانات بۆ شۆڕشگێڕێک بوونی (تشکل) یا ڕێکخراوێکی سیاسی‌یە کە ئەو شۆڕشگێڕە بتوانێ ئاواتەکانی خۆی لە ئاوێنەی بەرنامە و ئامانج و پێڕەوی ئەو ڕێکخراوە دا ببینێ. بۆ دوکتور قاسملوو حیزبی دێموکڕات ئەو ڕێکخراوە بوو. لەوە زیاتریش ئەو ڕێکخراوە بە دەستی توانای (معمار) ێکی گەورەی وەک قاسملوو چاکسازی و تەعمیر و نۆژەن کرابۆوە. هەربۆیە قاسملوو لەگەڵ حیزب و حیزب لەگەڵ قاسملوو زۆر بە ئاسانی دەیانتوانی بگونجێن. حیزب لە زانست و ئەزموون و کەسایەتیی قاسملوو کەڵکی وەردەگرت و قاسملووش لە نفووز و ئیعتیبار، خۆشەویستی و پرستیژی ئەو حیزبە سوودی پێدەگەیشت و یەکتریان تەواو دەکرد. قاسملوو حیزبی هێنایەوە سەر هێڵی ڕاستەقینەی دامەزرێنەرانی، جارێکی دیکە کەسایەتیی بەرزی سەربەخۆبوونی پێبەخشییەوە و ئیعتیباری کزبووی بۆ گێڕایەوە و خۆی لە ژێر سیبەری ئەو کەسایەتی‌یە بەرزە دا هەڵی داو زیاتر گەشەی کرد و وەک ڕێبەرێکی هەڵکەوتوو لە

دەرەوەی سنووری مەعنەوی و جوغرافیای حیزبیش پەلی هاویشت و بوو بەلایەنی پرسوڕاپێ کردن و جێگەی بڕوا و متمانەی دەوروبەر و نەزەر و بۆچوونەکانی لەبەر چاو دەگیرا و بەرگی کردەوەی لەبەر دەکرا. هەر بۆیە وەک لە نێو حیزبی دێموکرات دا خاوەن نفووز و ئیعتیبار و قسەڕۆییو بوو، لەنێو بزووتنەوەی کوردیش دا سەری لە ناو سەران بوو و بەباشی نەخشی خۆی دەگێڕا.

* دوکتور قاسملوو حیزبی دووبارە داڕشتەوە و سەرلەنوێ چاکسازیی تێدا کرد و کردی بە حیزبێکی مۆدێڕن و خاوەنی بەرنامەیەکی روونی پێشکەوتووانەی گونجاو لەگەڵ سەردەم و دامەزراو لەسەر راستییەکانی کۆمەڵگای کوردەواری، بە کورتی دوکتور قاسملوو حیزبی زیندوو کردەوە و خستیە سەرپێ و هێنایەوە نێو جەرگەی خەبات و تێکۆشان.

* دوکتور قاسملوو لە گەڵ فەرهەنگی ئوروووپایی ئاشنایی تەواوی هەبوو، قاسملوو جگە لەوە کە لەباری زانستییەوە خاوەنی پلەیەکی بەرز وەک دوکتورای زانستی ئابووری و مامۆستای زانکۆ بوو. لەباری سیاسییشەوە خاوەنپلەیەکی بەرزی تێگەیشتوویی بوو. کەرەسەی بەکارهێنانی زانستی خۆیشی کە زمان زانی بوو بە دەستەوە بوو، ئەو دەیتوانی زۆر بە ئاسانی بە چەندین زمانی زیندووی نێونەتەوەیی وەک فەرانسەیی، ئینگلیسی، عەرەبی و ... نەزەرات و بۆچوونی خۆی لە کۆڕوکۆمەڵی جۆراوجۆر دا بۆ گوێگرانی باس بکا و شارەزایی خۆی لەو بوارە دا بسەلمێنێ. ئەگەر مرۆڤێک لەباری عیلمییەوە خاوەن پلەیەکی بەرز بێت، بتوانی بەزمانەکانی نێونەتەوەیی بێگرێوگۆڵ بدوێ، خاوەنزیرەکی و هۆش و حافیزەیەکی بەرز بێت، فەرهەنگ و کولتووری رۆژهەڵاتی زانایانە لەگەڵ کولتوور و دابونەریتی رۆژئاوا هاودەم کردبێ و لەهەر کامیان لە شوێنی خۆی کەڵکی وەرگرتبێ گومانی تێدا نیە سەرکەوتوو دەبێ.

* دوکتور قاسملوو بڕوای بەرێبەریی دەستەجەمعی هەبوو. بۆیە خۆی بێنیاز لە نەزەر و بۆچوونی رێبەرایەتی نەدەزانی. رێزی بۆ دادەنان و تێدەکۆشا دەستیان بگرێ و پەروەردەیان بکا. ئەوە قسەی دوکتور قاسملوویە کە دەیگوت ئێستا حیزبی دێموکرات خاوەنی رێبەرایەتییەکە کە ئەگەر چەند کەسێکی وەک خۆشی رۆژێک نەمێنن حیزب لە سەر پێی خۆی ڕادەوەستی و چۆک دانادا. کەوابوو دوکتور بایەخی تایبەتیی بە رێبەریی حیزب دەدا و نەخشی رێبەریی لە حیزب دا لەبەر چاو بوو.

زۆر روونە کاتێک کەسایەتییەک هەڵگری نەخشێکی قورس و سەنگینە لە بزووتنەوەیەک دا، کاتی لە دەسچوونی هەڵگرتنی ئەو قورساییە بۆ تاکە کەسێک ئەگەر ناوموکین نەبێ زۆر زەحمەتە، تەنیا رێگاچارە ئەوەیە کە ئەو قورساییە بەسەر کۆمەڵێک دا دابەش بکرێ و پێکەوە باری گرانی لەسەرعەرزکەوتوو هەڵگرن و کەلێنی وا گەورە پڕ بکەنەوە، مرۆڤ هەر چەند گەورە بێ هەر چەند زانا و تێگەیشتوو و لێهاتوو بێ کاتی نەمانی کەلێنەکەشی بەو ڕادەیە

گەورە دەبێ و بۆ پڕکردنەوەی هەوڵی زۆری دەوێ. بە خۆشی‌یەوە هەروەک لە پێش دا باس کرا، باوەڕی دوکتور قاسملوو بە ڕێبەری بەکۆمەڵ و هەوڵدانی بۆ پێکهاتنی ئەو ڕێبەرایەتی‌یە و جێکەوتنی ئەو پرەنسیپە کاریگەریی خۆی نواند و نەی‌هێڵا نەبوونی دوکتور قاسملوو زۆر زۆر بە حیزبی دێموکڕاتەوە دیار بێ.

* ئەو دوو پرسیارە پێوەندی‌یان پێکەوە زۆرە، کاک دوکتور قاسملوو بە قووڵی بڕوای بە دێموکراسی هەبوو، عاشقی ئازادی و ئازادەیی بوو، بڕوای وابوو بێ ئەوەی دێموکراسی باڵ بەسەر وڵات دا بکێشێ مەسەلەی نەتەوایەتی چارەسەر ناکرێ و یەک لەوان مەسەلەی کورد. هەر بۆیە دروشمی سەرەکیی ئێمە دێموکراسی بۆ ئێرانە، ناکرێ کەسێک عاشقی دێموکراسی بێ و مافی تاکەکانی کۆمەڵی لە بەرچاو نەبێ بە تایبەت مەسەلەی ژنان، لەو ڕوانگەیەوە کاک دوکتور بایەخی بە ئازادیی ژنان دەدا، یەکەم وەک دێموکراتێک رزگاریی مرۆڤەکانی لە دەلاقەی دێموکراسی‌یەوە دەبینی و هەم وەک دێموکڕاتێک کە ماوەیەکی دوورودرێژ لە ئورووپا ژیابوو و لەوێ مافی ژنان تا ڕادەیەکی زۆر دابین کراوە و لە کۆمەڵگا دا نیهادینە بووە و بۆتە بەشێک لە فەرهەنگیان، پێی وابوو ژنان دەتوانن نەخشی کاریگەریان لەکۆمەڵگا دا هەبێ و شیاوە شوێنی تایبەتی خۆیان پێبدرێ. هەروەها پێی وا بوو پێش ئەوەی پیاوان مافی ژنان دابین بکەن، دەبێ ژنان بۆ خۆیان هەم مافی خۆیان بناسن و بزانن هەم بۆ مسۆگەرکردنی پاراستنی بۆ خۆیان هەوڵ بدەن و لێوەشاوەیی لە خۆیان لەو بوارە دا نیشان بدەن.

* کاک دوکتور قاسملوو ئۆگری موتالەعە و خوێندنەوە بوو. ڕۆژانە کەمتر لە ٢ سەعات موتالەعەی نەدەکرد. هەروەک پێشتریش باسم کرد شارەزایی بەسەر چەندین زمانی زیندووی دنیادا هەبوو. ئەهلی شیعر و ئەدەبیات بوو. قسەخۆش و نوکتەزان بوو، ئەگەر لەمەجلیس دادەنیشت هەموو چاویان لە زاری ئەو بوو. شارەزای سیاسەتی جیهانی بوو و سیاسەتوانانی ناوداری دەناسی و دۆستایەتی‌یەکی شەخسیی لەگەڵ زۆر کەسی ناودار و دەسەڵاتبەدەست لە بواری سیاسی دا هەبوو. ئەو تایبەتمەندی‌یانە دەرەتانی کاری زیاترو پێشکەوتن و سەرکەوتنی زیاتری بۆ شەخسی دوکتور قاسملوو و لە ڕێگای ئەویشەوە بۆ حیزبەکەی بەدەست دەهێنا.

سەرچاوە: کتێبی دوکتور قاسملوو ڕێبەرێکی مودێڕن شۆڕشگێڕێکی دێموکرات. ئا: کاوە بەهرامی

# وتووێژ سەبارەت بە هەڵبژاردنی نۆیەمین خولی سەرکۆماری لە ئێراندا

**هەڤپەیڤین: عەلی بداغی**

**ئاماژە:**

**نزیک کەوتنەوەی کاتی هەڵبژاردنی نۆهەمین خولی سەرکۆماریی ئێران، رەددی سەلاحییەتی بەربلاوی کاندیداکان، گەڕاندنەوەی ئاغای موعین بە حوکمی حکوومەتی بۆ شانۆی هەڵبژاردنو پرسی کوردو هەڵبژاردن تەوەری چەند باسێکن کە لەم وتووێژەدا بەڕێز کاک عەلی مێهرپەروەر تیشکیان دەخاتە سەر.**

"کوردستان"

**عەلی بداغی: شورای نیگابان لیستی تەئیید کراوای کاندیداکانی بە رەتکردنەوەی ١٠٠٦ کاندیدا راگەیاند. رەتکردنەوەی سەڵاحییەتی موعینو دواتر تەئییدی سەلاحییەتی لە ڕێگەی حوکمی حکوومەتیی خامەنەیی‌یەوە چۆن لێک دەدەنەوە؟**

**عەلی مێهرپەروەر: بە پێی یاسای بنچینەیی، شورای نیگەهبان تەنیا ئەرکی چاوەدێری بەسەر هەڵبژاردنەکاندا پێسپێردراوە نە بەڕێوەبەریی هەڵبژاردنەکانو دیاریکردنی کاندیداکان. لە قانوونی ئەساسیدا ـ سەرەڕای بۆچوونی تەبعیزئامیزی ـ هاتوە کە چ کەسانێک دەتوانن خۆیان کاندیدا بکەن. دەبوا ئەو مەرجانە کە لە یاساکەدا هاتون لانیکەم بۆ رێزدانان بۆ یاسا هەر ئەوە لەبەرچاو بگیرایەو ئەوە خەڵکن کە تەشخیس دەدەن کێ موناسبەو کێ موناسب نیە. با لەوە گەڕێین تەفسیرێک کە شورای نیگەهبان لە یاسای بنەڕەتی کردوویەتی بۆ خۆی مافی نەزارەتی ئیستسوابیی داناوەو بە پێی ئەو تەفسیرە داتاشراوە حەق بە خۆی دەدا کێ تەئیید بکاو کێ رەد بکاتەوەو خۆشی بە بەرپرس نازانێ کە دەلیلو مەدرەکی ئەو رەدکردنە یا قەبووڵ کردنە بە بیروڕای گشتی رابگەیەنێ.**

**راستە هەروەک لە پرسیارەکەتان دا هاتبوو شوورای نیگەهبان لە کۆی ١٠١٤ کەس کاندیداتور ١٠٠٦ کەسی رەدکردوونەوەو ٨ کەس کە دووکەسیان بەپێی راسپاردەی خامەنەیی وەک باستان کرد بە حوکمی حکوومەتی کە ئەویش بۆخۆی مەعلووم نیە لەکوێوە هاتوەو سەرچاوەی یاسایی ئەو حوکمە حکوومەتی‌یە چیە؟ پەسند کراون. یەکێک لەو راسپردەکراوانە ئاغای موعینە**

کە بەستراوە بە قۆڵی بەناو ریفۆرمخوازی نێو دەسەڵاتی حاکمەوە کاندیدای جەبهەی موشارکەتی ئیسلامی‌یە. کاتێک موعین لە لایەن شورای نیگەهبانەوە رەد کرایەوە جەبهەی موشارکەت رایگەیاند ئەگەر موعین تەئیید نەکرێ هەڵبژاردن تەحریم دەکا. من پێم وایە سفارشی خامەنەیی بۆ تەئییدی موعین لەبەر ئەوە نەبووە کە کەش‌و هەوایەکی دیموکراتیک بخوڵقێنێ بەڵکوو لەبەر ئەوە بووە کە لانی کەم جەبهەی موشارکەت کە بەهەرحاڵ بە نیسبەت خۆی تاڕادەیەک لایەنگری هەیە بەشداری لە هەڵبژاردندا بکا. جگە لەوەش هەر لە ئێستاوە کە موعین قەبووڵی کردوە وەک کاندیدا لە سایەی حوکمی حکوومەتی‌دا بمێنێتەوە دەبێ خۆی بە بەرمێنەتی خامەنەیی بزانێ یا لە راستی‌دا ئەوە خامەنەیی‌یە کە پێی دەڵێ قسەی ئاخر من دەیکەم. جێی گومان نیە ئەو کەسانەش کە شوورای نیگەهبان پێشتر تەئییدی کردبوون، ئەوانیش هەر بە تەئییدی خامەنەیی بوون رەزامەندیی ئەوی لەسەر بووە. پێویستە لێرەدا قامک لە سەر یەک مەسەلە دابنێین ئەویش ئەوەیە کە شورای نیگەهبان بۆ دیاریکردنی بە وتەی خۆی سەلاحییەتی کاندیداکان هیچ پێوانەیەکیان نیە یا بڵێین بە یەک پێوانە چاو لە هەموو کاندیداکان ناکا. نموونەیەکی جالب هەیە کەسێک بە ناوی زەوارەیی ماوەی ٨ ساڵ یەکێک لە ئەندامانی شوورای نیگەهبان بووە سەلاحیەتی کاندیداکانی دیکەی تەئیید یا رەد کردۆتەوە کەچی ئێستا سەلاحییەتی خۆی رەد کراوەتەوە سەیر ئەوەیە ئیعترازی بەو رەد کردنەوەیە هەیە، بەڵام کاتێک بۆخۆی لە شورادا بوو ماوەیەکیش تەنانەت وەک دەمڕاستو قسەکەری شورا دەردەکەوت ئامادە نەبوو هۆی رەد کردنەوەکان بۆ خەڵکی شی بکاتەوە کەچی ئێستا بۆخۆی کەوتۆتە نێو داوی شورای نیگەهبان.

**عەلی بداغی**:: گرووپی بە ناو ریفۆرمخوازی کورد پشتیوانیی خۆی لە ئاغای موعین دەربڕی بوو. رەدکردنەوەی سەلاحییەتی موعین لە هەنگاوی یەکەم داو دواتر گەڕاندنەوەی بۆ شانۆی هەڵبژاردن ئەگەری چ گۆڕانێک لە ریزی ئەم گرووپەو ئاکامی هەڵبژاردن دا دروست دەکا؟

**عەلی مێهرپەروەر**: بەخۆشی‌یەوە پلەی ئاگاهی‌و وشیاریی خەڵکی کوردستان بەرادەیەک چۆتەسەر کە ئێستا خەڵک دەزانێ دەبێ چ بکا، دەزانێ بۆ دەنگ بداو دەزانێ بۆ دەنگ نەدا. خەڵکی کوردستان دووجار ئیسلاحخوازانی حکوومەتی‌یان تاقی کردۆتەوە، جارێک لە ٢ی جۆزەردانی ٧٦و جاری دووهەم لە ١٨ی جۆزەردانی ساڵی ٨٠ دا بە داخەوە هەر دوو جارەکە ئەو تاقیکردنەوانە ئاکامی تاڵیان بووە. بۆیە زۆر دژوارە لەگەڵ ئەوەی دەزانن پرۆسەی ریفۆرمخوازی حکوومەتی تووشی شکستو تێک رمان بووە بۆ سێهەم جاریش ئەو رێگە بگرنە بەرو هیوای پێ ببەستن. لەو پێوەندی‌یەدا ئەو کەسانەی کە خۆیان ناو ناوە ریفۆرمخوازی کورد، هەوڵێکی بێ‌ئاکام دەدەن‌و وەڵامێکی ئەرێنی لە خەڵکی کورد وەرناگرن. وەختێک خاتەمی بەو پشتیوانی‌یە بەرینەی خەڵک نەی توانی، یا نەی ویست، یا نەی توانی بە خەڵک بڵێ ناتوانم‌و هەشت ساڵ نەخشی پەیکەری دەم بە بزەی نێو ویترینی پێشانگای کۆماری ئیسلامیی گیڕا، کارێکی لە دەست نەهاتو ئیسلاحاتی حکوومەتیشی

زیندەبەچاڵ کرد بەڕاستی تاقمێک بە ناوی ریفۆرمخوازی کورد دەتوانێ چ دەستە گوڵێک لە یەخەی خەڵکی کوردستان بدا؟ ئەوان دەزانن ئێستا کورد لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە گشتیو لە عێراق بە تایبەتی دەتوانێ قسەی خۆی بکاو تەنانەت ئەو حکوومەتە دیکتاتۆریانەش کە کوردیان بەسەردا دابەش بووە حیساب بۆ هەڵوێستی کورد دەکەن، لە وەها هەلومەرجێک دایە کە ئەو تاقمە دەیانهەوێ لە نەخشی نوێنەرایەتیی کورددا خۆ دەربخەنو سواری شەپۆلی هەستی روو لە گەشەی نەتەوەیی کورد ببنو پێشا پێش بەرکوڵی لێبکەن. دەبوا کاتێک ئەو گرووپە لەگەڵ پێشوازیی ساردی خەڵکی کورد بەرەوڕوو بوون، رەدکرانەوەی کاندیداکەیان بە دەرفەتێکی لەبار داناباو خۆیان لەو گەمە لەپێشدا دۆراوە دەربهاویشتایەو رزگار بکردایە. من پێم وایە ئێستاش درەنگ نەبووەو ئەوانەش دەتوانن دەنگی خۆیان بخەنە پاڵ دەنگی خەڵکو نوێنەرانی راستەقینەی خەڵکو "نا" بەو هەڵبژاردنە بڵێن.

**عەلی بداغی**: گرووپی ریفۆرمخوازی کورد لە کۆبوونەوەکانیان لە شارە جیاجیاکانی کوردستاندا نەیانتوانی سەرکەوتنێک لە راکێشانی سەرنجی خەڵکی کوردستان بۆ لای خۆیان وەدەست بێنن. ئێوە راتان وایە ئەوە دەنگی "نا" بە ریفۆرمخوازیی حکوومەتییە یا رەتکردنەوەی حاکمییەت لە تەواوەتیی خۆیدا؟

**عەلی مێهرپەروەر**: هەروەک لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا ئیشارەم پێکرد خەڵکی کوردستان دووجار بۆ هەڵبژاردنی سەرکۆمار بەشدارییان کرد بە هیوای ئەوە کە بتوانن لەو رێگایەوە دەلاقەیەک بۆ نەفەس کێشانی ئازادانە بکەنەوە, بەڵام بەداخەوە نەیانتوانیو لە تاقیکردنەوەکەدا ئاکامی تاڵیان وەرگرت. ئەوە چ دەگەیەنێ یا باشتر بڵێین چ دەسەلمێنێ؟ ئەو مەسەلەیە ئەوەندە بە خەڵکی کورد دەڵێ کە ساختاری ئەو رێژیمەو زەرفییەتی ئەو نیزامە توانای تەنانەت ریفورمو چاکسازیی نیەو ئیسلاحاتی تێداناکرێ. ساختاری ئەو نیزامە لە سەر بنچینەی ویلایەتی فەقیە دامەزراوە. ئەوە نیە قسەی ئەوەڵو ئاخر وەلیی فەقیە دەیکا، نابێ لە رێژیمێک کە شێوەی بیرکردنەوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ١٤٠٠ ساڵ پێش، چاوەڕوانی بکەی وەک سەدەی بیستو یەک هەڵسوکەوت بکا. لەوانەیە لە تیکنۆلۆژیی سەدەی بیستو یەک کەڵک وەربگرێ بەڵام لە خزمەتی ئەو بۆچوونانە کە ئیمڕۆ بۆ ئیدارەی وڵات کاراییان نیە. لە کورتی ببڕمەوە تا لە نیزامێک دا ئایین وەک ئیدئۆلۆژی, حاکم بێ، ئازادیو دیموکراسی لەو وڵاتەدا جێگەی نابێتەوە.

هەر بۆیە خەڵک وەڵامی مەنفی بە ریفۆرمخوازانی حکوومەتی، وەڵامی رەدیش بە ناو ریفۆرمخوازانی کورد دەدەنەوەو هاتونە سەر ئەو باوەڕە کە ئەو رێژیمە لە تەواوەتی خۆیدا تاریخ مەسرەفی بەسەرچووەو دەبێ لە رەگو ریشەوە بگۆڕدرێ. ئەو جۆرە مانۆرانەش بۆ خەڵەتاندنی خەڵک ئەوەندە دووپات کراونەتەوە کە جەماوەر لێیان بێزار بووە.

**عەلی بداغی**:: ریفۆرمخوازانو بە تایبەتی ریفۆرمخوازنی کورد تەئییدی سەلاحییەتی ئاغای موعین بە تێپەڕین لە شورای نیگەهبانو ئەوەش بە سەرکەوتنێکی گەورە دەبینن. دەکرێ ئەوە لە جێدا بەسەرکەوتنێک بۆ ریفۆرمخوازانو هەنگاوێک پاشەکشە لەلایەن پاوانخوازانەوە بزانین؟

**عەلی میهرپەروەر**: راسپاردن بۆ تەئییدی موعین لەلایەن خامەنەییەوە ناکرێ وەک پاشەکشەی شورای نیگەهبان دابنرێ بەڵکوو حەرەکەتێکە کە دەتوانێ بە زیانی بەناو ریفۆرمخوازانیش تەواو ببێ. هۆیەکەشی ئەوەیە موعین پێشتر رای گەیاندبوو بە دژی حوکمی حکوومەتی هەڵوێست دەگرێ کەچی ئێستا بە پێی ئەو حوکمە، دەتوانێ لە کێبەرکێی هەڵبژاردن دا بەشدار بێ. ئەگەر حوکمەکەی رەد بکردایەتەوە زیاتر دەیتوانی لە نێو خەڵک دا مەقبووڵیەت بۆخۆی دەستەبەر بکا، ئێستا کە قبووڵی کردوە لە یەکەم هەنگاودا لەگەڵ خەڵک درۆی کردوە.

وەک پێشتریش باس کرا تەئییدی سەلاحییەتی کاندیدای جەبهەی موشارکەت بۆ هێنانە سەر سندووقی لایەنگرانی ئەو جەبهەیەیە نە بۆ سەرکەوتنی کاندیداکەیان. مەسەلەیەکی دیکەش کە جێگای ئاماژە پێکردن ئەوەیە کە خەڵک لە هەڵبژاردنی شوراکانی شارو دێو هەڵبژاردنی نوێنەرانی دەورەی حەوتەمی مەجلیس دا پەیامی خۆیان گەیاندە ریفۆرمخوازانی حکوومەتی. ئەوان باوەڕێکیان بە ئیسلاح بە زیری نیزام نیە تا بگا بە ئیسلاحخوازانی حکوومەتی. رێفۆرمخوازان جارێکی دیکە کەسی عامە پەسندتریان لە خاتەمی دەست ناکەوێ دیتمان کە خەڵک کردەوەی ئەویشیان تاقی کردەوەو بە جارێ روویان لە ریفۆرمخوازانی بێدەسەڵات وەرگێڕاوە.

**عەلی بداغی**: ئاکامی ئەو هەڵبژاردنە تا چەندە دەتوانێ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا لەسەر کێشەکانی ئێران لەگەڵ کۆمەڵگای جیهانیو دنیای دەرەوەدا کاریگەریی هەبێ؟

**عەلی میهرپەروەر**: پێم خۆشە ئەوە بڵێم کە ئاخوندەکان سەرەڕای دروشمی قەبەو بریقەدارو بە رواڵەت دژی غەرب بە تایبەت ئەمریکا لە کاتی ئەستەمو چارەنووسسازدا ئەهلی سازانو مامەڵەکردننو تا رادەیەکیش لەو کارەدا سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە. بۆیە رەنگ بێ بۆ کورتخایەن بتوانن هێندێک لە کێشەکانیان چارەسەر بکەن، بەڵام لە درێژخایەن دا ناتوانن. چونکە ساختاری کۆماری ئیسلامی لە تەواوەتی خۆیدا دژی پرۆسەی ئاشتی، ئازادیو دیمۆکراسیو مافی مرۆڤەو ئەو چەمکانەش ئێستا ویستی زۆربەی خەڵکی جیهانو لە ناوچەش دا مەسەلەی رۆژە.

رێژیم هەرچی بکا ناتوانێ بەو ساختارەوە خۆی لەگەڵ ئەو رەوتە رێک بخاو گۆڕان بەسەرخۆیدا بێنێو لە نێوەرۆکەوە

بگۆڕدرێ. سەرکۆماریش لەو سیستمەدا نەخشێکی کاریگەری نیە لە زنجیرەی دەسەڵات دا هەم بە پێی یاسا وەک پلە بەندی کەسی دووهەم وەک دەسەڵاتیش کەسی چەندەمە. ئورووپاییەکانیش ئێستا بۆیان دەرکەوتوە کە ئەوە دەوڵەت بەسەرکۆماریشیەوە نیە کە قسەی یەکەم دەکا، بەڵکوو نەخشی بنەڕەتی لە دەستی ڕێبەرو ئەو نیهادانە دایە کە لە ژێر ئەمرو نەهی ڕێبەر دانو لە دەرەوەی بازنەی دەوڵەتینو هەڵبژێردراوی خەڵک نین.

ئەوەی ئێستا بە هانای ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە تەواوەتی خۆیدا هاتوە قازانج پەرستیی ئورووپاییەکانو جەزابیەتی بازاڕی تیجاریی ئێرانو ئەو ئیمتیازە ئابووریانە بووە کە ئورووپاییەکان دەستیان کەوتون. بەڵام لەبیرمان نەچێ ئەو مەترسیانە ئێران بۆ جیهانی ئازادی دروست کردووە دەیکا وەک پشتیوانی لە تیرۆریزمو هەوڵدان بۆ دروستکردنی چەکی ناوکیو دژایەتی لەگەڵ سوڵحی جیهانی و... ئورووپاییەکان ناچار دەکا بۆ پاراستنی لانی کەم خۆیان لەبەرانبەر هەڕەشەی چەکی ئەتۆمیی ئێران، هەڵوێستێکی جیددیو لێبڕاوانە لە بەرانبەر ئێران دا بگرن.

**عەلی بداغی:** ئەگەری هێنانە دەرێی ڕەفسەنجانی لە نێو سندووقەکانی دەنگ ڕا یەکجار لەسەرێیە. ڕەفسەنجانی دەتوانێ ڕزگاریدەرو کەشتیوانی ڕێژیم لە نێو ئەو دەریا خرۆشانەی کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران تێی کەوتوە؟

**عەلی میهرپەروەر:** ئەگەر خاتەمی وەک ڕێبەری ئیسلاحخوازانی حکوومەتی ئیمتیحانی خۆیداو بۆ دنیای دەرەوە دەرکەوت نە هیچی پێدەکرێو نە دەیهەوێ هیچ کارێک بکا، ڕەفسەنجانییش وەک پیاوی ناوبراو بە پراگماتیستو ئەهلی کردەوەش ٨ ساڵ وەک سەرکۆمار لەمەیدان دا بوو. دەرکەوت گەندەڵی، فەساد، ئاوسانی دراوی، بێکاریو نابەسامانیی ئابووری لە سەردەمی ڕەفسەنجانی دا ریشەی داکوتاوە ئێستاش خەڵک بەدەستیانەوە دەناڵێنن. جگە لەوانە ڕەفسەنجانی یەکێک لە گەورەترین پشتیوانانی تیرۆریزمو تیرۆریستانە. لەراستیدا لە سەردەمی ڕەفسەنجانیدا بوو کە قەتڵەزنجیرەییەکان بە تایبەت لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران دەستیان پێکرد تیرۆرکرانی دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی لە سەرەتای سەرکۆماریی ڕەفسەنجانیدا بوو. قەتڵی شاپووری بەختیار، دوکتور سادق شەرەفکەندیو هاوڕێکانیو زۆر لە ڕێبەرانی ئوپوزیسیۆن لە کاتی سەرکۆماریی ڕەفسەنجانیدا روویان دا. حوکمی دادگای میکونووس بەڵگەیەکی حاشاهەڵنگرە لە تاوانباربوونی ڕەفسەنجانیدا. بۆیە ڕەفسەنجانی نەتەنیا ناتوانێ کەشتیوانێکی باش بێ بەڵکوو بۆخۆی قەیران خوڵقێنەو تۆفان زایە.

دەورانی ڕەفسەنجانی بەسەرچووەو خەڵکی لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی دەورەی شەشەمی مەجلیس پەیامی خۆیان گەیاندە ناوبراو.

**عەلی بداغی**:: دوا وتە و سەرنجتان لەم پێوەندی‌یەدا؟

**عەلی مێهرپەروەر**: ئەگەر بمانەوێ بە کورتی جەمعبەندی‌یەک لە قسەکان بکەین پێمان وایە خەڵک ئاگایانە ناچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان، لە کوردستانیش نە وادەو بەڵێنە رەنگاورەنگەکان، نە مانۆردانی گرووپی بەناو ریفۆرمخوازی کورد، نە شانۆسازی‌یەکانی دیکە کاریگەری‌یەکی ئەوتۆیان لە راکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکان دەبێ.

هەروەک حیزبەکەمان بە راشکاوی ئەو هەڵبژاردنەی تەحریم کردوە لێرەشەوە داوا لە خەڵک دەکەین رۆژی هەڵبژاردن بە نەهاتنەدەر لەماڵو نەچوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان بۆ جارێکی دیکەش پەیامێکی روونو ئاشکرا بۆ کاربەدەستانی رێژیم بنێرن کە "نا" بۆ ئەم رێژیمەیە.

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٤١٤

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان میدیا – رێکەوتی: مانگی ٦ی ٢٠٠٥

## وەڵامێک بە نووسراوەکەی کاک ئەنوەر محمدی

بابە عەلی مێهرپەروەرکاک ئەنوەر محمدی ئەندامی سەرکردایەتیی رێکخراوی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە رێکەوتی ١٥ - ١ - ٢٠٠٦ی زایینی بەرانبەر ٢٥ - ١٠ - ١٣٨٤ی هەتاوی بابەتێکی لەژێر سەردێری "بەرەی کوردستانیو قسەیەکی راشکاوانە" بڵاو کردۆتەوەو لەو بابەتەدا تێکۆشاوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە کۆسپی سەر رێی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی لەقەڵەم بدا. پێش ئەوەی تیشک بخەینە سەر ناوەرۆکی بابەتەکە نەزەری خوێنەرانی بەڕێز بۆ دوو خاڵ رادەکێشین:

١- گومان لەوەدا نیە کە پێکهاتنی بەرەی کوردستانی و سەریەک خستنی هێزو تواناکان بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ دوژمنی نەتەوەی کورد و باقی نەتەوەکانی ئێران هەنگاوێکی پێویست و بەسوودە.

٢- بەشداری کردن یا نەکردن لە هەر چەشنە ئیئتیلاف و هاوکاری یان بەرەیەک بە رێکەوتن لە سەر خاڵی هاوبەش کارێکی داوتەڵەبانە و دڵخوازانەیە.

کاک ئەنوەر محمدی ئاوا دەست بە بابەتەکەی دەکا کە: "کۆمەڵە لە مێژووی سێ دەیە خەباتی خۆیدا هێزێکی راستگۆو شەفاف بووەو هەموو مەسەلە گرینگ و هەستیارەکانی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورددا راشکاوانە لە گەڵ کۆمەڵانی خەڵک هێناوەتە گۆڕێ." کەمترین نەتیجەگیری لەو رستەیە ئەوەیە کە دەیهەوێ بڵێ خوێنەری بەڕێز ئاگادار بە ئەوەی لەو بابەتەدا هاتوە گومانی لە سەر نیە و راستگۆیانەیە!! پاشان دەنووسێ: "پێکهێنانی بەرە یەکێک لەو خاڵە گرینگانەیە کە چەند ساڵێکە کۆمەڵە هەڵسووڕاوانە کاری بۆ دەکا. لەو ماوەیەدا ئێمە (تەئکید لە نووسەری وەڵامەکەیە) گەلێک کۆبوونەوەمان لە گەڵ حیزبی دێموکرات بووە." لێرەدا ئەگەر نەزەری کاک ئەنوەر ئەوە بوو بێ کە هەر ئەو چەند ساڵە کۆمەڵە کەوتوەتە بیری بەرە ئەوە شتێکەو رەخنەی لە سەر نیە. بەڵام ئەگەر مەبەستەکە ئەوە بێ داهێنەر و پێشەنگی بەرە ئەوان بوون دەبێ هەر لە یەکەم دێڕەکانەوە نیشانەیەکی پرسیار لە بەر وشەی راستگۆ دابنرێ. جگە لەوە دەنووسێ ئێمە گەلێک کۆبوونەوەمان لە گەڵ حیزبی دێموکرات بووە. بەڕاستی ئەوە هەر ئێوە بوون کە پێکهێنەری کۆبوونەوەکان بوون؟

بۆ ئاگاداری خوێنەرانی بەڕێز پێش ئەوەی کە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران جیایی خۆی لە حیزبی

کومۆنیستی ئێران رابگەیەنێ حیزبی دێموکرات بە هەست بە بەرپرسایەتی کردن و بۆ دانانی بەرنامەی خۆ ئامادەکردن بۆ رووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ رووداو و گۆڕانە چاوەڕوانکراو و نەکراوەکان، هەروەها خەباتی هاوبەش بۆ رووخانی رێژیم، گەلاڵەیەکی لەژێر ناونیشانی "گەلاڵەی هاوکاریی هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستانی ئێران" لە گەڵ رێبەرایەتی حیزبی کومۆنیست و سازمانی کوردستانیی حیزبی کومۆنیستی ئێران (کۆمەڵە) هێنایەگۆڕ و خستیە بەرباس و بۆ ماوەیەکیش کاری لە سەر کراو پاش دابەشبوونی کۆمەڵەش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەو رەوتەی هەم لە گەڵ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و هەم لە گەڵ سازمانی کوردستانیی حیزبی کومۆنیستی ئێران (کۆمەڵە) درێژە پێدا.

کاک ئەنوەر لە درێژەی باسەکەدا دەنووسێ: "کۆمەڵە پێی باش بوو دوای دانیشتنەکان روو لە جەماوەری خەڵک بکەین و بڵێین نەتیجەی کۆبوونەوەکانمان چی بووە."هەر لێرە دەست بە تاوانبار کردنی حیزب دەکا. قسەی ئێمە لەو پێوەندی‌یەدا ئەوە بوو کە مادام بە ئاکام نەگەیشتووین چ شتێک بە خەڵک رادەگەیەنین؟ بۆیە باشترە لە راگەیاندنی دا پەلە نەکەین. جگە لەوە ئێمە لەو باوەڕەدا بووین و هەین کە نابێ تەبلیغ کردن بەو مەسەلەوە بۆ قازانج و بەرژەوەندی حیزبایەتی لە سەرووی هەموو شتێکەوە بێ و ببێ بە ئامانج.

خاڵی سەرەکی لە بابەتەکەی کاک ئەنوەر بۆ سەلماندنی تەگەرە درووست کردن لە رێی پێکهێنانی بەرە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە ئەوەیە کە گوایە حیزب ئیسراری بووە: "بزانین حیزبی دێموکرات لەو بەرەیەدا دەور و جێگەی چیە؟"

باس لە پێگەو شوێنی حیزبەکان لە نێو بەرەدا لە ئاییننامەی نێوخۆیی "ئێئتیلافی رێکخراوە سیاسی‌یەکانی کوردستانی ئێران" هاتبوە بەرباس، نە لەکاتی باس کردن لە سەر گەلاڵەی هاوکاری هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستان ئەویش نە بۆ باس کردن لە پێگەی حیزب بەتەنیا بەڵکوو هەموو هێزەکانی بەشدار لە ئێئتیلافدا.

بۆ ئەوەی خوێنەرانی بەڕێز زیاتر لە مەتنی ئەو بەندە پێشنیار کراوە کە لە ئاییننامە نێوخۆیی‌یەکەدا هاتبوو ئاگادار بن دەقی بەندەکە وەک خۆی دەنووسین:

"ئۆرگانی بەڕێوەبەری، لە حیزب و رێکخراوو کەسایەتیە سیاسی - فەرهەنگی‌یەکان (پێکدێ) کە هەرکام بە لەبەرچاو گرتنی پێگەی کۆمەلایەتی کە بە پێوانەی جێگەی پەسەند دیاری دەکرێ، نوێنەریان دەبێ یان دەنگیان دەبێ.

مەبەست ئەوەیە ڕێکخراوەکان هەموو یەک دەنگیان نیە."

ئاشکرایە هەم ئەو بەندەو هەم بەندەکانی دیکەش جێی موناقەشەو باس کردن بوون، کاک ئەنوەر کە سەردێڕی بابەتەکەی بە وشەی راشکاوانە دەست پێکردووەو بە وشەی راستگۆیانە رازاندوویەتیەوە حەق وابوو مەسەلەکە چۆن بووە ئاوا باسی کردبا. حیزبی دێموکرات قەت بەتەنێ باسی خۆی نەکردوە. کاتێک کە پرسیاریان کرد پێوانەی جێگای پەسند وەک چی وتمان وەک ئاکامی هەڵبژاردنەکان. بۆ نموونە کاتێک لە ساڵی ١٣٥٨دا خەڵکی کوردستان بەشداریی لە هەڵبژاردنێکی ئازاددا کرد، بە تێکڕا لەو شارانە کە هەڵبژاردن کرا زیاتر لە ٧٥%ی دەنگەکان بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو. دەکرێ ئەوە وەک یەکێک لە پێوانەکان لە بەرچاو بگیردرێ. ئەوان باسی ئەوەیان کرد کە ئەو هەڵبژاردنە ٢٥ ساڵ پێش کراوەو ئاڵوگۆڕ لە کوردستاندا هاتوەتە کایەوەو نەسڵێکی نوێ لە مەیداندان و... . ئێمەش هەم ئەوکات و هەم ئێستاش تەئیدی ئاڵوگۆڕەکان دەکەین، بەڵام بە پێچەوانەی نەزەری کاک ئەنوەر نیشانەکان وا دەردەخەن کە گۆڕانەکان نەتەنیا بە زیانی حیزبی دێموکرات نیە بەڵکوو بە قازانجی حیزبن. گۆڕان لە چیدا پێکهاتووە؟ گۆڕان لە بیرکردنەوەی بیری چەپی رادیکاڵ بەرەو دێموکراسیو عەداڵەتی کۆمەڵایەتیو لە نەفی مەسەلەی نەتەوایەتی بەرەو رەوابوونی ئەو مەسەلە وەرچەرخاوە کە دروشمەکانی حیزب لەو بارەوە نەتەنیا لە ئێعتیبار نەکەوتوون و کەمڕەنگ نەبوونەتەوە بەڵکوو ئێستا پڕڕەنگتریش بوونەتەوەو تەنانەت کۆمەڵەیش کەپێشتر ناسیۆنالیزمی بە عەیب دەزانی، بەخۆشیەوە ئێستا لەو زەمینەدا هەوڵ دەدا.

بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی کاک ئەنوەر کۆسپی سەر ڕێی پێکهاتنی بەرە ئەوکات و ئێستاش ئەو بەندە نەبوو و نیە بەڵکوو لە راستیدا ئیسراری کۆمەڵە لە سەر ئەوەی کە با بەرە بە حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە پێک بێو پاشان حیزبەکانی دیکەش بەشدار بن، بە کۆسپ دەزانین. لە هەلومەرجیکدا کە چەندین حیزبی بە پێشینە لە کوردستاندا تێکۆشانیان هەیە دروست نیە لایەنێک وەلا بنرێ، مەگەر ئەوەی بۆخۆی ئامادەی بەشداری لە بەرەدا نەبێ. لە وەڵامدا هەروەک لە بابەتەکەی کاک ئەنوەردا هاتوە ئەوان دەڵێن ئێستا کە بە دوو حیزب ئامادە نین با هەمووان بێن (لە راستیدا بێسنوور) ئێمە ئەوەش بە درووست نازانین چوونکە حیزبی دێموکرات لە گەڵ ئەو ڕێکخراوانە کە لە مەیدانی کردەوەدا نەیناسیون ناچێتە بەرەوە.

ئەوەی لە وتووێژەکاندا هاتوە ئەوەیە کە لە حاڵێکدا کە هێندێک لەو حیزبانە تەنانەت لە گەڵ یەکتریش دانانیشن و پێوەندی دۆستانەیان نیە، دژوارە بەرەیان لێ پێکبێ و لە راستیدا کۆسپی سەرەکی سەر ڕێگای پێک نەهاتنی بەرە ئەوەیە نەک ئەوەی کە بە وتەی کاک ئەنوەر حیزبی دێموکرات وتوویە هەموو حیزبەکان بە بێ هەڵبژاردن سەروەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران قبووڵ بکەن.

لەوانەیە هێنانی نموونەیەک خوێنەری ئەو دێڕانە زیاتر بە کۆسپە سەرەکیەکانی ڕێی پێکهاتنی بەرە ئاشنا بکا؛ لە هاوینی رابردوو داو لە سەرەتای سەرهەڵدانەکانی کوردستانی ئێران بە نووسراوە داوامان لە حیزبەکانی کوردستانی ئێران و یەک لەوان کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران کرد کە پێکەوە کۆ ببینەوەو سیاسەتێکی هاوبەش و یەکدەست لەو پێوەندییەدا بگرینە پێش و بە یەک نەزەرو یەک هەڵوێست لەگەڵ رووداوەکان و سەرهەڵدانەکە هەڵسوکەوت بکەین و هەماهەنگ روومان لە خەڵکەکە بێ. هەرچەند پێش بانگهێشتنەکەی ئێمە لە حیزبەکان کۆمەڵە پێشنیاری دانیشتنی دووقۆڵیی دابوو، بەداخەوە کە لە لیستی حیزبەکان ئاگادار بوون یەکێک لەو رێکخراوانە کە بە دەلیلی پێکهاتەی حیزبە بانگهێشتن کراوەکان ئامادەی بەشداری نەبوو، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بوو. پرسیار ئەوەیە کە ئەگەر بەڕاستی مەبەست لە پێکهێنانی بەرە تەنیا بۆ تەبلیغ کردن نیە، چۆنە بۆ هاوکارییەکی کورتخایەن کە بۆخۆی دەبوە ئەزموونێکی باش لە کاری بەکۆمەڵدا، ئامادە نەبوون؟

باسێکی دیکە لە بابەتەکەی کاک ئەنوەردا هاتۆتە گۆڕێ ئەوەیە کە حیزبی بە کۆسپی سەر رێی پێک نەهاتنی کۆبوونەوەیەک بە ئیبتیکاری بەڕێز دوکتور سامان شاڵی سەرۆکی KNC تاوانبار کردوە. بەکورتی جەرەیانەکە ئەوە بوو کاتێک بەڕێز دوکتور شاڵی ئەو پێشنیارەی لەگەڵ حیزب هێنا بەرباس، حیزب لەگەڵ هەوڵەکە موافق بوو و ئامادەیی خۆیشی بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەکەدا راگەیاند و لەگەڵ دوکتور شاڵی لە سەر میکانیزمی کۆبوونەوەکە ساغ بۆوە. پاشان دەرکەوت کە بەبێ ئاگاداری حیزب چەند لایەنێک بانگهێشتن کراون کە پێچەوانەی تەوافوقی پێشوو بوو. بەو هۆیە حیزب ئامادەی بەشدارییەکە نەبوو.

بەکورتی وەک لە سەرەتای ئەو بابەتەدا ئیشارە کرا. حیزب پێکهێنانی بەرە یان ئیئتیلاف یان شتێکی لەو بابەتە کە بتوانێ هێزەکانی سەربەخۆو ناسراوی کوردی مەیدانی بەربەرەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە سەر بەرنامەیەکی روون کە لە سەر تەوافوقی هەموو ئەو لایەنانە بێ کۆ بکاتەوە، بە کارێکی پێویستی زانیوەو دەیزانێ. لە هەمان کاتدا لە سەر ئەو باوەڕەین بەرەی کوردستانی بە دوو لایەن پێکنایەو، هێزەکانی بەشدار لە وتووێژ بۆ پێکهێنانی بەرەش پێویستە ناسیارییان لە سەر یەکتر هەبێ. ئەوانەنش شەرت نین بەڵکوو سەرەتاییترین زەمینەی پێکهاتنی بەرەن.
کەوابوو حیزبی دێموکرات نەتەنیا کۆسپ لە سەر رێگای پێکهاتنی بەرەدا ساز ناکا بەڵکوو بە راشکاوی دەڵێین هەوڵی حیزبی دێموکرات لەو بارەوە بەبێ تەبلیغ، ئامادە کردنی زەمینەی هاوکارییە بۆ پێکهاتنی بەرەیەکە کە بتوانێ درێژە بە کارەکانی بدا نەک هەر لە هەنگاوی یەکەمدا هەڵوەشێتەوە. لەو پێوەندییەدا هەوڵەکانی بەردەوام دەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ – ڕێکەوتی: ٢ی فێبریوێری ٢٠٠٦

## وتووێژ رۆژهەڵاتی نێوەراست لەنێو ئاگری شەرێکی دیکەدا.

**ئامادە کردنی: عەلی بداغی**

**پرسیار: شەڕی نوێ "ئیسرائیلو حزبالله" لە لوبنان بە کوشتنی چەند سەربازو رفاندنی ٢ سەربازی دیکەی ئیسرائیلی هەڵگیرسا لە راستیدا گیرانی ئەو دوو سەبازە هۆی سەرەکی هەڵگیرسانی ئەو شەڕە بوو؟ یان هۆکاریتر؟**

**وەڵام**: لە پێشدا دەبی ئەو بڵێین کە هەڵگرسێنەری ئەو شەڕە لەو قۆناخەدا حزبالله بوو. بەڵام بۆ حزبالله ئەو شەڕەی هەڵگیرساند، دەتوانین ئاماژە بە چەند هۆکار بکرین:

الف: رێکخراوی حەماس چەند رۆژ پێش ئەو رووداوە سەربازێکی ئئیسرائیلی رفاند بووو ئیسرائیلیش و هەم بۆ تولەکردنەوەو هەم بۆ ئازادکردنی سەربازەکەی هێرشێکی بەربلاوی بۆ سەر بارێکەی غەزە دەست پێکردبوو. لە غەزە شەرێکی توند کە ویرانیو کوژرانو برینداری زۆری لێکەوتبووەوە لە ئارادا بووو ئێستاش درێژەی هەیەو مەسەلەکە چارەسەر نەکراوە. حزبالله بەو هەنگاوەی ویستویە بەرەیەکی دیکە بکاتەوە کە قورسایی شەڕەکە لەسەر غەزە کەم بکاتەوە ئەوە دەکرێ وەک یەکێک لە هۆکارەکان ئاماژەی پێ بکرێ هەر چەند هۆکاری سەرەکی نیە.

ب: ماوەیەکی زۆرە کە حزب الله فشاری لەسەرە بۆ ئەوەی چەک دابنێو وەک حزبێکی سیاسی لە لوبناندا چالاکی سیاسی بنوێنێ هەڵگیرسانی ئەو شەڕە ئەو بیانوە بە حزبالله دەدا کە خۆی لەژێر ئەو فشارە رزگار بکا هەرچەند ئەو حەرەکەتە دەبێتە هۆی سوور بوونی زیاتری ئەو لایەنانە کە خوازیاری چەک دانانی حزباللەن.

ج: حزبالله ئەهرومی فشاری ئێرانو سووریەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست بەتایبەت بۆ رووبەروبوونەوە لەگەڵ ئیسرائیل. بڕیاری هێرش بۆ سەر ئیسرائیلو رفاندنی ئەو دوو سەربازی ئیسرائیلیە دەتوانین بڵێن زیاتر لەوە کە لە لایەن حزباللەوە درابێ لە لایەن ئێرانو بە مەشوەرەتی سووریە دراوە. بەڵام بۆ ئێرانو سووریە ئەو شەریانە هەڵگیرساندوە؟

**دەکرێ بەو هۆکارانە ئا ماژە بکەین:**

**١- ئێران کە یارمەتیدەری سەرەکی بە حزباللەیەو لە راستیدا دەستنیای ئێرانەو حزباللەی بۆ وەها رۆژانێک دەوێ. ئێران لەو رۆژانەدابە توندی کەوتوە ژێر فشار بە هۆی مەسەلەی ناوکیو وڵاتانی ١+٥ بەجیدی داوایان لێکرد کە پێش بەستنی کونفرانسی G8 لە رووسیە ئێران وەڵامی ئەرێ یان نە بە پێشنیاری ئەو وڵاتانە سەبارەت بە مەسەلەی ناوکیی بداتەوەو ئەو مەسەلە یەکێک لە باسە سەرەکیەکانی وڵاتانی گرووپی G8 دەبوو. خوڵقاندنی قەیرانی شەڕی لوبنان و ئیسرائیل یان حزباللەو ئیسرائیل مەسەلەی ناوکی ئێران دەخستە پەراوێزو باسی ئەو قەیرانە هەواڵی سەرەکی راگەیەنە گشتییەکان دەبێ.**

**٢- ئێران بەو کارە بە رۆژئاوا نیشان دەدا کە ئەگەر بیهەوێ ئاژاوە بنێتەوە ئامرازی ئەو کارەی لە بەردەست دایەو لە راستیدا وەک ئەهرومێک کەڵکی لێوەردەگرێ.**

**٣- ئێران دەیهەوێ کێشەکە بکاتە کێشەی کوفرو ئیسلام و لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا ئیسرائیل بە سەمبولی کوفر بە موسلمانان دەناسێنێ بۆخویشی وەک داکوکیکار لە داخوازی ئومەتی ئیسلامی دەناسێنی. ئەو کارە زیاتر لە نێوخۆی وڵات کەڵکی لێوەردەگیرێ.**

**٤- ئێران بۆی دەردەکەوێ کاربردی ئەو چەکو چۆڵانە تەحویلی حزباللەی داوە چەندە، کاریگەریەکەی چەندەیەو لە راستیدا بە تاقییان دەکاتەوە.**

**٥- لاریجانی لە هەوڵەکانی خۆی بۆ قەناعەت پێکردنی وڵاتانی ١+٥ بۆ ئەوەی وەڵامی پێشنیارەکانیان دوای کۆبوونەوەی گرووپی G8 بداتەوە سەرنەکەوتو لەوێ یەک راست سەردانی سووریەی کردو پاش ئەو سەردانە بوو کە حزباللە هێرشی بۆ سەر ئێسرائیلو رفاندنی ئەو سەربازانەی دەست پێکرد**

**پرسیار: ئەوەی کە بڕیارنامەی شورای ئەمنییەت لە پێوەندی لەگەڵ قەیرانی لوبنان لە لایەن ئەمریکاوە وتو کرا، بەو مانایە کە جاری بڕیارنامەی دیکە پەسەند ناکرێو دەبێ چاوەڕوانی قووڵتر بوونەوەی ئەو شەڕە بین؟ ئێوە دوا ئاکامەکانی ئەو شەڕە لەچی دادەبینن؟**

**وەڵام**: وتـوکردنی بڕیـاراتی شـوورای ئەمنیـەت بەتـایبـەت ئـەو بڕیاراتـە کـە ئیسـرائیل تێیـدا مـەحکوم دەکـرێ لـە لایـەن ئەمریکاوە یەکەم جار نیەو دوا جاریش نابێ ئەمریکا پشتیوانی هەرەشیلگیری ئیسرائیلەو ئەو مەسەلە چاوەروان کراو بوو.

وادیارە ئاسۆیەکی روون بۆ کوتایی هاتنی ئەو شەرە لانیکەم لە کورتخایەندا بەرچاوناکەوێ. ئیسرائیل رایگەیاندووە تا سەربازەکانی ئآزاد نەکا بەو شەرە درێژەدەدا ئەزمونیش نیشانی داوە کە حزبالله بەم زووانە دیلەکانی خۆی ئآزاد ناکا. جگە لە مەسەلەی دیلەکان فاکتەری دیکە هاتوونەکایەوە ویرانی زۆری شارەکانی لوبنانو موشەک هاویشتنی حزبالله بۆ شاری حەیفا کە زیاتر لە ٥٠ کیلومیتر لە سنووری لوبنانەوە دوورەو کوژرانی چەندین کەس لەو شارە ئەوە لەلایەک توانای هێزی حزبالله نیشان دەداو لە لایەکی دیکە ئیسرائیل سوورتر دەکا کە حیسابی خۆی لەگەڵ حزبالله یەکسرە بکاتەوە لەوانەیە ئیسرائیل ئامادەیی تەواوی بۆ ئەو شەڕە نەبووبیو حزبالله بە سەریدا سەپاندبێتی بەڵام ئیسرائیل لانیکەم بیانوویەکی باشی وەچنگ کەوتووە کە گورزی خۆی لە حزبالله بوەشێنێ. تا چەندە ئیسرائیل لەو بەرنامەی خویدا سەردەکەوێ یان موشەکەکانی حزبالله چەندە لە حەیفا تێپەر دەبنو دوورتر دەپێکن هەر وەک حسن نصرالله ڕایگەیاندوە، داهاتوو نیشانی دەدا. بە کورتی دووپاتی دەکەمەوە ئەوە لە راستیدا ململانێی ئێران لە پلەی یەکو سووریە لە پلەی دووهەمدا لەگەڵ ئیسرائیلە لەسەر خاکی لوبنانی کوڵوڵ.

**پرسیار**: ئایا ئێران لەو شەرەدا ئەو لایەنەیە کە قازانج دەکا؟

**وەڵام**: ئەگەر ئاوای لیک بدەینەوە کە مەبەستی ئێران خولّقاندنی قەیران بێ، سەرقاڵ کردنی ئیسرائیل بێ لە دووبەرەی شەڕدا، لە پەراوێزخستنی باسی مەسەلەی ناوکی ئێران وەک مەسەلەی رۆژ، نیشاندانی ئەهرمی فشاری خۆیو زەربە وەشاندن لە ئیسرائیل و نائەمن کردنی شارەکانی ئیسرائیل و... هتد لە کورتخایەن دا دەتوانین بڵێین ئێران قازانجی لێوەرگرتوە بەڵام ئەگەر ویران کردنی شارەکانی لوبنان ئاکامی شەڕەکەو هێزی ویرانکەری سپای ئیسرائیلو قووڵ بوونەوەی شەڕەکە ولاواز کردن یان تێکشکاندنی حزباللەو ساغ کردنەوەی ولاتانی دەسەڵاتبەدەستو بڕیار بەدەستی جیهان لەسەر ئەو مەسەلە کە بەراستی ئێران ماکەی ئاژاوە لە رۆژهەلاتی ناوەراستداو پتەوکردنی بەرەی دژی ئێران بەتایبەت کزکردنی پشتیوانی رووسیەو چین لە ئێرانو کشان بەلای ئەمریکاو ئورووپاو پێداگری زۆرتریان بۆ فشار هێنان بۆ سەر ئێران بەمەبەستی، وازهێنان لە پیتاندنی ئورانیومو ... بە زیانی ئێران تەواو دەبێ بە کورتی درێژە کێشانی شەڕە کە لەوە ناچێ قازانجی ئێرانی تێدابێ.

**پرسیار**: ئەگەری ئەوە هەیە کە پریشکەی ئەو شەڕە بگاتە ئێران و سووریە؟ چونکی بەرپرسانی ئیسرائیل دەڵێن

**موشەکەکانی حزبالله موشەکی فەجری ٣ی ئێرانە؟**

**وەڵام: شەڕ ئاگرێکە کە کەوتووەتەوە زەمینەش بەداخەوە بۆ پەرەسەندنی ئەو ئاگرە لەبارە. هیچ بە دووری نازانم ئەگەر شەڕەکە هەر بەوشێوە درێژەبکێشێ و ئێران بیهەوێ و نەیهەوێ وەک لایەنێکی شەڕە کە ناسراوە، پێی ئەویش بە شێوەیەکی روونتر دەگرێتەوە. لە راستیدا ئیسرائیل حزبالله بەدەستی ئێران دەزانێ و ئێران بەلایەنێکی بەرانبەری خۆی دادەنێ هەم تیوەگلانی سووریەو هەم تێوەگلانی ئێران ئەگەر شەڕەکە بەربڵاوتر بێ چاوەڕوان دەکرێ**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ – ڕێکەوتی: مانگی جوولای ٢٠٠٦**

**من هیچ کام لەو دوو لایەنە بە بێ تاوان لەو لەت کردنەدا نازانم ئامادەکردنی:**

**مادێح ئەحمەدی**

**ئامـاژە: کێشـە نێوخۆییـەکانی "حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران" ئـەو بـوو کـە لەئاکامـدا لـەتبوونی ئـەو حیزبـەی لـێ کەوتەوە. ئەو کێشانە دەکرێ لە چەند رەهەندەوە لێکبدرێتەوەو خەسارناسیی بکرێت.**

**بەڕێز "عەلی مێهرپەروەر" ٢٧ ساڵە لەو حیزبەدا سەرقاڵی چالاکی و خەباتـەو لـە کۆنگرەی5 دا بۆتـە ئەنـدامی کومیتـەی ناوەندی و ١٩ ساڵیشە ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی ناوبراوە.**

**ناوبراوە وەک کەسێکی سەربەخۆ لەو حیزبەدا هەولێکی زۆری داوە بۆ بەرگری لە لـەتبوونی"حدکا"و پـاش ئـەو رووداوە لـە راگەیەندراوێکدا، راگرتنی خەباتی سیاسیی خۆی لە چوارچێوەی حیزبایەتیدا راگەیاند. بەمەبەستی لێکدانـەوەی ئـەم بابەتە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی بەڕێزیان کرد کە ئەمە دەقی ئەو وتوێژەیە.**

**مـادێح ئەحمـەدی: بـەڕێز کـاک"عـەلی مێهرپـەروەر" وەک یەکـەم پرسـیار هۆکـارە سـەرەکیەکانی ئـەو لەتبوونـەی "حیزبـی دیموکراتی کوردستانی ئێران" بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**عەلی مێهرپەروەر: یەکەم و سەرەکیترین هۆکاری ئەو لەت بوونە دەگەڕێتەوە بـۆ دیـاردەی جینـاح بازییـەک کـە پشـتی بـە بەرنامەو پرۆژەی تایبەت نەبەستبوو و لە راستییدا جیناحەکان لەسەر دوورو نزیکی لەم کەسایەتی یان ئەو کەسایەتی لە نێو حیزبدا شکڵی گرتبوو. جا ئەگەر جیناحەکانیش بەرنامەی روونی بۆدوا رۆژی حیزب و بۆ کـار لـە نێـو حیزبـدا نـەبێ، ناچـارە روو لـە کەسـایەتیەکان بکـا. نەفسـی جیناحـەکان خـۆی لـە خۆیـدا جۆرێـک لـەت بـوونی دروست کردبـوو و بەرەبـەرە کەلێنەکان قووڵتر بوونەوەو بە داخەوە هەوڵەکانیش بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە ئاکامی دڵخوازی لێ نەکەوتەوە.**

**مادێح ئەحمەدی: بەپێی ئەوەی بـەڕێزتان هـەوڵێکی زۆرتـان دا کـە پـێش بـەو لەتبوونـە بگـرن، ئـەو مکانیزمانـەی کـە لـەم پێناوەدا کاریگەر بوون بەڕای ئێوە کامانەن؟**

**عـەلی مێهرپـەروەر**: ئـەو هەوڵانـەی کـە من لـە پێنـاوی نەهێشـتنی جینـاح بـازی و بـەرگری لـە لـەتبوونی حیـزب دام، دەگەڕێتەوە بۆ ئیسڵاحی شێوەی هەڵبژاردنەکان لە کۆنفرانس و کۆنگرەکاندا، لە بەر ئەوەی کە ڕۆڵی جیناحەکان لە هێنانـە سـەر یـا هێنانـە خـواری کەسـایەتییەکان کـەم بکرێتـەوە یـان نـەی هێڵـێ. بـۆ نموونـە: گەڵاڵەیـەک بـوو کـە لـە سـاڵی ١٣٨١هەتاویدا پێشکەشی دەفتەری سیاسیم کرد و پاش پەسەند کردنی دەفتەری سیاسی، پێشکەشی کومیتـەی ناوەنـدی کـرا. بنـەمای ئـەو گەڵاڵـە لەسـەر پشت بەستن بـەکارلێهاتوویی و شایسـتەیی تاکەکانی نێـو حیـزب دامەزرابوو، بـەو مانایـە کـە ناسێنەری هەرکەس خودی خۆی بێ و پێوانەی بۆ دۆزینەوەی قورسـایی و قـەبارەی خـۆی لـە نێـو حیزبـدا هـەر خـۆی بـێ. بـە داخەوە ئەو گەڵاڵەیە نەکەوتە بواری پراکتیک و عەمەل پێکردن. دووهەم گەڵاڵەیەک کە هەر لەو بوارەدا ئامادەم کرد، لـە ساڵی ١٣٨٤دا بوو کە ئەویش لـە بنـەمادا پشـتی بـە نـەزەرو بیروڕای گشـتی بەدەنـەی حیـزب بەسـتبوو. ئـەویش لـە یەکـەم قۆناغـەکانی دا لەگـەڵ ئاستەنگ بـەرەوڕوو بـووەوەو نـەیتوانی لـە بـەر تـەوژمی جینـاح بازیـدا خـۆی ڕابگـرێ. جگـە لەوانـە کە وەک کاری بنەڕەتی بوو، لە پرۆسەی ئەو قەیرانەی ئەم دواییەش دا هـەر چەنـدە لـە نێـوان دوو جیناحەکـەدا بـێ لایـەن بووم، بەڵام سەبارەت بە کێشە نێوخۆییەکانی حیزب بێ هەڵوێست نەبووم، بۆیە چ بـە کۆبوونـەوە، چ بـە نووسـراو و دیـاری کردنی میکانیزمی وا کە بتـوانێ وەڵامـدەری پەرۆشی هـەردوولا بـێ، هەوڵمـدا ئـەو دوو لایەنـە لێک نزیـک بکەمـەوە، بـەڵام بەداخەوە هەوڵی من و دۆستان و دڵسۆزانی دیکەی حیزب نەیتوانی بەرگری لەو ڕووداوە تاڵە بکا.

**مادێح ئەحمەدی**: بۆچی ئەو دووباڵەی نێو حیزب هیچ کامیان خاوەن پرۆژە و مکانیزمی جیددی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە ناوخۆییانە و پاراستنی یەکپارچەیی حیزبی دیموکرات نەبوون؟

**عـەلی مێهرپـەروەر**: پێم باشـە ئـەو پرسیارە لـە ڕێبـەرانی ئـەو دوولایەنـە بکرایـە. من نـاتوانم لەلایـەن ئەوانـەوە وەڵام بدەمەوە.

**مـادێح ئەحمـەدی**: بـەڕای جـەنابتان هۆکـاری ئـەوەی کـە ئـەو دووباڵـە لەحیزبـدا بەنیسبەت داخوازییـەکانین بـۆ پاراسـتنی یەکپارچەیی حیزب تەسامۆح و لێبووردەییەکیان نەبوو چییە؟

**عەلی مێهرپەروەر**: دەگەڕێتەوە بۆ قووڵبوونەوەی کەلێنی دووبەرەکیەکە و نادروستی ململانیەکە.

**مـادێح ئەحمـەدی**: پێتـان وایـە لایەنـە سیاسییەکانی باشووری کوردستان (بەتایبـەت یەکیـەتی و پـارتی) بـۆ پـێش گـرتن بەلەتبوونی "حدکا" دەیانتوانی کاریگەر و خاوەن پرۆژە بن؟

**عەلی میهرپەروەر**: پێم باشە وەک شاهیدیش بێ ئەوە بڵێم کە هەم پارتی، هەم یەکیەتی، هەم حکوومەتی هەرێم و هەم بەڕێزان "مام جەلال" و کاک "مەسعوود" بە ناردنی نوێنەر لە ئاستێکی بەرزدا پەرۆشی و دڵنگەرانی خۆیان لە بارودۆخی نێو حیزب چەند جار دەربڕی و تەنانەت بە راشکاوی پێی ناخۆشی خۆیان لە لەتبوونی حیزب راگەیاند و بەزیانی جووڵانەوەی کوردیان زانی. لە گەڵ ئەوەی کە هەموو جارێک رایاندەگەیاند کە نایانهەوێ لە کاروباری نێوخۆیی ئەو حیزبەدا دەست وەربدەن و چارەسەری کێشەکەیان بە خۆمان دەسپارد و ئێمەش خۆمان بەرپرسیاری چارەسەریەکە دەبووین. ئەو دوو رێکخراوە لەگەڵ زۆر رێکخراوی دۆستی دیکەش کە هەموو پارچەکانی کوردستانی دەگرتەوە لە لایەن خۆیانەوە هەوڵی نێوبژیوانیان دا، بەڵام بە داخەوە هەوڵی دڵسۆزانەی ئەوانیش وەڵامی پێویستی وەرنەگرت.

**مادێح ئەحمەدی**: کاریگەری ئەو لەتبوونە لەم بارودۆخە ناسکەدا لە سەر بزووتنەوەی میللی دیموکراتیکی کورد (بەتایبەت لە رۆژهەڵاتی کوردستان) چییە؟

**عەلی میهرپەروەر**: ئەم لەتبوونە بێ ئەم لاو ئەولا کاریگەری نەرێتی لەسەر بزووتنەوەی کورد بەگشتی و بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی دەبێ. لە گەڵ ئەوەی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان ئامرازی دەست پێڕاگەیشتن بە ئامانجە سیاسیی و نەتەوەییەکانن بەو حاڵەش لەتبوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران خەسارێکی قەرەبوو نەکراوەیە بۆ کورد لە کوردستانی ئێراندا.

**مادێح ئەحمەدی**: ئەو هۆکارانەی بوون بەهۆی ئەوەیکە پاش لەتبوونی "حدکا" ئێوە وەک کەسییەتییێکی سەربەخۆ لەگەڵ هیچ لایەنێک نەکەون و راگرتنی خەباتی سیاسی خۆتان لەچوارچێوەی حیزبایەتیدا رابگەیەنن چییە؟

**عەلی میهرپەروەر**: هەروەک لەراگەیندراوەکەدا هاتبوو لە لایەن خۆمەوە بەهۆی ئەو بەرپرسایەتییەی کە لە حیزبدا هەم بووە، نەمدەتوانی سەبارەت بە کێشەکانی نێو خۆی حیزب بێ هەڵوێست بم و هەوڵی زۆرمدا بەڵکوو بتوانم بە یارمەتی کەسانی دیکە لە نێو حیزبدا کە سەربەخۆ بیریان دەکردەوە(هەرچەند لە باری چۆنییەتییەوە زۆر پڕ بایەخ بوون، بەڵام لە باری چەندایەتییەوە ئەوەندە زۆر نەبوون کە بتوانن دەوری کاریگەرتر بنوێنن) بەسەر ئەو کۆسپەدا سەر بکەوین. هەر وەک پێشتریش باسم کرد هەوڵەکانمان بێ ئاکام مانەوە. من هیچ کام لەو دوو لایەنە بە بێ تاوان لەو لەت کردنەدا نازانم و باش دەزانم کە خەڵکی کوردستان تا چ رادەیەک لەو رووداوە نارەحەت و بە پەرۆشن، بۆیە وەک دەربڕینی ناڕەزایەتی لەو کردەوە ئەو هەڵوێستەم گرت و لەگەڵ هەموو ئەو کەسانە هاودەنگم کە"نا" بەو لەتبوونە دەڵێن. داواش دەکەم کە ناڕەزایەتی خۆیان بە چ شێوەیەک بە باش دەزانن، دەرببڕن.

**مادێح ئەحمەدی**: ئایا ئێوە بەرنامەیەکی سیاسی نوێتان هەیە یا هەر بەشێوەیەکی سەربەخۆ دەمێننەوە؟

**عەلی مێهرپەروەر**: وەک لە ڕاگەیەندراوەکەمدا هاتبوو، من ناتوانم دەست لە بیرو باوەڕ و ئامانجەکانم کە لە بەرنامەی حیزبی دیموکراتدا هاتبوو، هەڵبگرم و هەموو کات هەوڵی وەدیهێنانی دەدەم. لەبەر ئەوەی ئەو ڕووداوە تاڵە هەرچەند لە راستی دا چاوەڕوان نەکراو نەبوو، بەو حاڵەش بۆ من بەتایبەت لەو کاتەدا کە لە دەرەوەی وڵات بووم کوتووپڕ بوو، بۆیە ئێستا بەرنامەیەکی روونم لەو بارەوە نییە. بێ گومان بۆ درێژەدان بە خەبات لە پێناو ئامانجەکانمدا ڕێگەی لە بار و میکانیزمی گونجاو دەدۆزمەوە.

**مادێح ئەحمەدی**: بەپێی ئەوەی خاوەن رابردوو و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی ـ سیاسیی متمانە پێکراون بۆچی رەوتێکی سیاسی نوێ دانامەزرێنن؟

**عەلی مێهرپەروەر**: پێموایە لە پرسیاری پێشوودا وەڵامم داوەتەوە.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ – ڕێکەوتی: مانگی دێسەمبەری ٢٠٠٦**

---

## د. قاسملوو لە ڕوانگە و بیری کاک بابا عەلی مێهرپەروەر

ئامادەکردنی: محەممەد سولەیمانی

بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ، ٢٠مین ساڵرۆژی شەهیدکرانی د. قاسملوو و کاک عەبدوڵڵا قادری چەند پرسیارێکمان ئاراستەی هاوڕێی بەڕێز کاک بابە عەلی مێهرپەروەر کردوە و بەڕێزیان وەڵامی پرسیارەکانی ماڵپەڕی خاکەلێوەی داوەتەوە و سەرنجی ئێوە خوێنەری بەڕێز بۆ دەقی پرسیارەکان و وەڵامەکەی بەڕێز کاک بابە عەلی ڕادەکێشین.

**پرسیار**: بەڕێز و تێکۆشەر کاک بابە عەلی مێهرپەروەر، بەڕێزتان وەکوو کەسایەتییەکی سیاسی و سەربەخۆ و ڕووناکبیرێکی نیشتمانپەروەر و ئازادیخواز، و شارەزا بە لاپەڕە زێڕینەکانی خەبات و تێکۆشانی ڕێبەری شەهیدمان د. عەبدولرەحمان قاسملوو. بە بۆنەی بیستەمینساڵوەگەڕی تیرۆری ٢٢ی پوشپەڕ لە وییەن، ئەم چەند پرسیارە ئاراستەی بەڕێزتان دەکەینەوە و تکایە بۆ خوێنەرانی ماڵپەڕی خاکەلێوە بدوێن و پێناسە و لێکدانەوەی ئێوەی بەڕێز، لە سەر کەسایەتیی ڕێبەری گەورەی گەلی کورد شەهیدی هەرگیز نەمر د. قاسملووی زانا چییە و بە تایبەت هەڵسەنگاندنی بەڕێزتان لەبواری فیکری و فەلسەفە و مودیرییەت و ڕوانگەکانی دوکتۆری هەمیشەزیندوو، بە تایبەت لە دونیای دەرەوە چۆن پێناسە دەکەن. و هەروەها چەند بەشێک لەو ئەزمونە شاراوانە کە لە مەیدانی خەبات و تێکۆشان و لە نزیکەوە کە یار و وەفاداری د. قاسملوو بوون بۆ خوێنەرانی بەڕێزی ماڵپەڕی خاکەلێوە بدوێن.؟

**وەڵام**: باس لە کەسایەتیی بەرزی کاک دوکتور قاسملوو لە وەڵامێکی کورتی لەو بابەتەدا زۆر دژوارە. دوکتور قاسملوو مرۆڤێکی ڕووناکبیری شۆڕشگێڕ بوو کە دەڵێین ڕووناکبیر بەو مانایە کە ئەو مرۆڤە لەپێشدا خاوەن زانیارییەکی زانستیی بەرزە لەبارەی کۆمەڵایەتییەوە بەتایبەت ئەو کۆمەڵگایەک کە بۆ خۆی تێیدا ژیاوە، گەورە بووە و کولتوور و فەرهەنگەکەی دەناسێ، لەگەڵ دەرد و ئازارەکانی گەلی خۆی ئاشنایە و هەستی پێدەکا. قاسملووش خاوەنپلەیەکی بەرزی زانستی لەبواری سیاسی وئابووری و کۆمەڵایەتی بوو. ئەو کە هەستی بەخەم و ئازاری گەلەکەی دەکرد، بەشوێن گونجاوترین ڕێگە چارەی سارێژکردنەوەی برین وخەمەکاندا دەگەڕا. ئەو وەک ڕووناکبیرێک بەلێکدانەوەی زانستی خوازیاری ئاڵوگۆڕی قووڵی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری لەژیانی گەلانی ئێران بەتایبەت گەلی کورددا بوو. قاسملوو تەنیا وەک ئایدیایەک

باسی لەو ئاڵوگۆڕانە نەدەکرد بەڵکوو بەکردەوەش وەک شۆڕشگێڕێکی مەیدانی خەباتیش قۆڵی لێهەڵماڵیبوو و چووبوە نێو گۆڕەپانەکەوە. ئەو دەیزانی خەبات بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانج وداخوازانە لە ڕیژیمگەلێکی دیکتاتۆری پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا چەند پڕکەندوکۆسپ و پڕمەترسیە، بەو حاڵەش سڵی لە مەترسیە کان نەدەکردەوە ولێبڕاوانە لەپێناو بیر بۆچوونەکەیدا تێدەکۆشا.

قاسملوو هەم بانگەوازکەری دەردو ئازاری گەلی خۆی بوو هەم وەک شۆڕشگێڕێک چالاکی مەیدان بوو. ئەو لە لایەک داوای مافی نەتەوەیی و لە لایەک خوازیاری سەقامگیربوونی دیموکراسی و ئازادیە بنەرەتیەکان لە کوردستان و سەرتاسەری وڵاتدا بوو.

دوکتور قاسملوو بڕوای بە جەماوەر و هێزی گەل بوو هەر بۆیە پێی وابوو کە ئەو خەڵکە بۆ ئەوەی بتوانن داخوازەکانیان گەلاڵە بکەن و لە دوو توێی بەرنامەیەکی مۆدێرن و پێشکەوتنخوازانەدا جێی بکەنەوە پێویست دەکا حیزب و ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیان هەبێت چونکوو حیزب یان ڕێکخراو دەتوانی هێز و توانای تاکەکان کۆ بکاتەوە و لەو هێزە بۆ بردنەپێشی ئامانجەکان کەڵک وەربگرێت. ئەو بۆ تێکۆشانی سیاسیی خۆی حیزبی دیموکراتی هەڵبژاردبوو، ئەو حیزبەی کە لە تافی مێرمنداڵیەوە لەریزی یەکیەتیی لاوانەکەیدا تێکۆشانی هەبوو.

قاسملوو ئەگەر بڕوای بە کاری ڕێکخراوەیی هەبوو لەهەمانکاتدا بڕواشی بە کاری جەمعی و کاری بە کۆمەڵ هەبوو. دیارە کاری بەکۆمەڵ پێویستیی بەوە هەیە کە مرۆڤ ڕێز بۆ بیروبۆچوونی هاوڕێیان و هاوکارانی دابنێ، راوێژیان لەگەل بکات و بڕیارەکانی ڕەنگدانەوەی کۆی بۆچوونی هاوڕێیانی بێ کە وەها بڕیارێک دەبێتە ئاکامی بیری گشتی و هەموو ئەو لایەنانە کە بەشداری وەها بڕیارێک بوون ملکەچی دەبن و بەدڵەوە بەڕێوەی دەبەن.

ڕێکخراوێکی سیاسی کە خاوەن بەرنامە و پێڕەوێکی مۆدێرن و پێشکەوتنخوازانە بێت، بێگومان پێویستیی بە بەڕێوەبەرییەک هەیە کە بنەماکانی بەڕێوەبەریی"مدیریت"ی زانستی لەبەرچاو بگرێ. قاسملوو بۆ خۆی بەڕێوەبەر یان مودیرێکی لێزان و کارامە بوو. ئەو لە بەڕێوەبەریدا لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە بەڕێوەبەر دەبێ پێش لە هەموو شتێک شارەزاییەکی ڕێژەیی "نسبی"لەسەر بنەماکانی بەڕێوەبەری هەبێت کە خۆی لەچەند بابەتی سەرەکیدا دەبینیتەوە. بۆ نموونە وەک شارەزایی لەسەر ئەو ئەرکە کە بەڕێوەبەر پێی دەسپێردرێت، پێکهێنانی هاوئاهەنگی لەنێوان بەشە جۆراوجۆرەکان و هاوکارانیدا، شێلگیربوون لەسەر بەڕێوەچوونی بڕیارەکان، ڕێزدانان بۆ بیروڕاو بۆچوونی هاوڕێ و هاوکارانی، پێکهێنانی هاوسەنگی لە نێوان دەسەلات وبەرپرسایەتیدا "صلاحیت و مسئولیت" و... لەهەموو ئەو بوارانەدا کە

یەکێک وەک قاسملوو هەم وەک دەرسو وانە بەهاوڕێیانی دەوت و هەم لە مەیدانی کردەوەو لەحیزبدا بەرێوەی دەبرد، دەبووایە بنەماکانی دیموکراسی لەبەرچاو بگیردرایە. ئەوە مەسەلەیەک بوو کە قاسملوو بەجیدی پێی لەسەر دادەگرت.

رووی تێکۆشانی قاسملوو تەنیا لەنێوخۆی وڵات و نێوخۆی حیزبەکە نەبوو بەڵکوو بایەخێکی زۆری بە پێوەندیی دەرەوەی حیزب دەدا لە چوارچێوە و سنوورێک کە کۆڵەکەکەی پرەنسیپی سەربەخۆیی بڕیاردانی حیزب بوو. لادان لەوپرەنسیپە لەلای قاسملوو خەتی سوور بوو. قاسملوو لەبواری پێوەندیی دەرەوەی ئەو حیزبەدا شارەزایی و لێهاتوویی‌یەکی کەموێنەی هەبوو لەبەر ئەوەی ناوبراو هەم شارەزایی بەسەر چەندین زمانی گرنگی نیونەتەوەیی‌دا هەبوو هەم چونکوو بۆ ماوەیەکی بەرچاو لە ئوروپادا ژیابوو ،بەباشی شارەزایی بەسەر فەرهەنگ و کولتووری ئورووپایی‌یەکان‌دا هەبوو. ئەو دوو هۆکارە واتا زمانزانی و ئاشنایی بەسەر فەرهەنگی رۆژئاوادا یارمەتی‌یان دەدا کە قاسملوو لە دیدارو چاوپێکەوتنەکانی‌دا لەگەڵ پارت و لایەنە سیاسی وفەرهەنگی‌یەکانی ئورووپا سەرکەوتوو بێ. دەتوانم بە دڵنیایی بڵێم کەمکەس توانیویە بەرادەی قاسملوو لە ناساندنی کێشەی گەلی کورد بە ئورووپایی‌یەکان سەرکەوتوو بووبێ.

قاسملوو لەو ناساندنانەدا نەی‌دەویست بابەتی نادروست و دوور لەراستی بە بیروڕای دەرەوە بناسێنێ و لەو پێوەندی‌یەدا هەمووکات بڕوای بەوە هەبوو کە دەبێ لە سیاسەتدا ئەخلاق وپرەنسیپە مرۆیی‌یەکان بپارێزێ و ڕێزیان بۆ دابنێ. هەرچەند بەداخەوە ئەو بڕوا قووڵەی کە ئەو بە ئەخلاق و بنەما ئەخلاقی‌یەکان هەیبوو، بوو بە پاشنەی ئاشیل بۆ قاسملوو و کۆماری ئیسلامی لەو ڕێگاوە دەرفەتی وەگیر هێنا و گورزی خۆی لە مەیدانی بەناو وتووێژ و دیالۆگدا کە قاسملوو بڕوایەکی قووڵی پێی بوو، بۆ چارەسەری کێشەکان وەشاند وخوێنی‌یان بەناهەق ڕژاند و شەهیدیان کرد.

قاسملوو نە بۆ کەسێک وەک من کە خۆم بە قوتابی‌یەکی بچووکی مەکتەبی قاسملوو دەزانم، بەڵکوو بۆ هەموو ڕێبوارانی ڕێی ئەو گەورەپیاوە،سەمبول و ڕێنوێنە. ئەگەر بەراستی هەموومان ڕێنوێنی‌یەکانیمان لەبەرچاو بووایە ئیستا وەزعیەتێکی زۆر باشتر لەوە کە ئیستا هەیە دەمانبوو.

سەرچاوە: ماڵپەری خاکەلێوە - ڕێکەوتی: جوولای ٢٠٠٩

## بابا عەلی مێهرپەروەر: کۆنگرەکەی حدکا دەرگای دیالۆگ نەکاتەوە وەک ئێستا هەردوولا "ئاویان بە جۆگەیەکدا ناڕوا"

**شەقام. دیداری: ئەحمەد سەفا**

**شەقام: لەمدوایانەدا کێشەی ناوخۆیی حزبی دیموکراتی کوردستان بوبەهۆی ڕاگەیاندنی گروپی "هەلویست" و ئەم گروپەش دوای دەرکردنی چەند بەیاننـامەیەک بە پەلە تـێکەل بە حزبـی دیمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران بـوو، بە ڕای ئێـوە کێشـەکان چین، هۆکارەکانیان چ بون، هەلویست ڕاستی دەکرد؟، ئایا چاکی کرد کە لەگەل لایەنـی دیکە کەوت؟ حدک دوای ئەمە چی بکا باشە؟**

**کاک بابا عەلی**: من زۆر لە وردەکاریەکانی نێو خۆی حدک دا زانیـاریم نیە تـا بەروونـی و بەدروسـتی بـزانم کێشـەکان چین. ئەوەی کە دەیبیستین لە ڕێی ڕاگەیەندراوە فەرمی ونافەرمیەکانی لایەنی کێشەکانە، بۆ ئەوەی کەسێک بتوانیت بە دوور لە "حب و بغض" ڕوانگەی خۆی دەربرێت پێویستی بەزانیـاری زۆرتـر هەیە. کەوابـوو نـاتوانم لە سـەر ئەوەی کە حەقێقەتـی کێشەکان چین "ئێستا کە وا نەبوەو دەرکەوتوە جگە لەژمـارەیەکی کەم (تـائیستا) بەکردەوە و لەریـزی گروپـی هەڵوێسـتدا نەچـوونەتە پـاڵ حـدکا، جگە لە ئـاڵۆزکردنی کەش و هەوایەکـی دڵخۆشـکەر لە پێوەنـدی نێـوان ئەو دوو بەشـەی حزبـی دیموکراتـدا کە مـاوەیەک بـوو هـاتبوە ئـاراوە، کـارێکی ئەوتـۆی نەکـردوە. دەرئەنجـامێکی دیکەشـی هەبوویێت ئەوە بـوە کە هەندێک دڵی ئەو کەسانەی بۆ ماوەیەکی کورت خۆشکرد کە دژ بە نزیکبوونەوە و چارەسەری کێشـەکانی نێوان دیموکراتەکـان لەرێی دیالۆگەوە بوون." وەڵامێکی ڕاستتان بدەمەوە.

ئەوەی کە هەڵوێست ڕاستی دەکرد؟ ئەگەر هەڵوێست لەکەسێکدا ببینین و لەسەر هەڵسوکەوتەکانی ئەو یەک کەسە (کەسی یەکەم و دیـاری ئەو گـرووپە) دادوەری بکەیـن نـاتوانین لە یەک وشـەدا بڵێـێن چـاکی کـرد یـان خراپـی کـرد. بەرای مـن چوونەوەی لەو کات و ساتەدا بۆ ناو حدکا ئاوا دەمهەوێت باس بکەم ئەگەر ئەو هاورێیە وەک خۆی (کـاک رامبـود) و بە پێـێ هەڵسەنگاندنی خۆی کە لە کوێ دەتوانی باشتر بەئامانجەکانی کە خزمەت بەگەلی کورد بێت بگـات، ئەوە مـافی خۆیەتـی و کەس بۆی نیە بڵێت کە وا باش بـوو یـان وا خـراپ بـوو. تـاک بـۆ خـۆی مـافی بریـاردانی لە سەر رێبـازی سیاسـی و چـالاکی سیاسـی خـۆی هەیە و دەتوانێت چ رێگەیەک بە بـاش دەزانێت هەڵـی بژێرێـت. بەڵام ئەگەر چـوونەوەکەی وەک ئەوەی کە

ڕاگەیەنـدراوە گـوایە بەمەسـتی یەکخسـتنەوەی زووتـری ڕێزەکـانی حـزب بوویێـت، بەو هۆیـانە کە باسـی دەکەم بەقـازانجی نازانم. یەکەم، وەک ئیدعا کراوە، گروپی هەڵوێست و بەکۆمەڵ چوونەتەوە پاڵ حدکا، بەڵام دەرکەوت وانەبـوە ئەگەر واش بوایە شتێکی لە مەسەلەکە نەدەگۆڕی چونکە نە حدک بە ڕۆیشتنی ئەو گروپە لە پێ دەکەوت وملکەچی داخوزایەکـانی حدکا دەبـوو نە حـدکاش دەیتـوانی برینـی دابرانـی پـێ سـارێژ بکـات. ئێسـتا کە وا نەبـوەو دەرکەوتـوە جگە لەژمـارەیەکی کەم (تـائیستا) بەکردەوە و لەریزی گروپی هەڵوێستدا نەچوونەتە پاڵ حدکا، جگە لە ئاڵۆزکردنی کەش و هەوایەکی دڵخۆشکەر لە پێوەنـدی نێـوان ئەو دوو بەشـەی حزبـی دیموکراتـدا کە مـاوەیەک بـوو هـاتبوە ئـاراوە، کـارێکی ئەوتـۆی نەکـردوە . دەرئەنجـامێکی دیکەشـی هەبوویێـت ئەوە بـوە کە هەنـدێک دڵـی ئەو کەسـانەی بـۆ مـاوەیەکی کـورت خۆشـکرد کە دژ بە نزیکبوونەوە و چارەسەری کێشەکانی نێوان دیموکراتەکان لەرێی دیالۆگەوە بوون. من پێموایە ئەوانیش ئێستا لەو شاگەشکە بوونەی سەرەتاییان پەشیمان بوویێتنەوە، چونکە ئەوەی ئەوان خەونیان پێوە دەبینی کە بتوانن لە کونگرەی ١٥دا کە گوایە بەم زووانە بەرێوەدەچێت بەسەر فەزای یەکبوون و یەکگرتنخوازیدا زاڵ بن و ئەو گرووپە بکەن بە نموونەی لێک بڵاوبـوونی حدک و نەمانی زەروورەتی دیالوک و وتوویژ، نەهـاتە دی. بەڵگەشم بـۆ ئەو قسـەیە ئەو ڕاگەیانـدراوە بە پەلەی دەفتەری سیاسی حدکا یە لە کاتێکدا کەسی یەکەمی حزب لە دەرەوەی وڵات بووە و پێدەچێت لە رووی زانیاری ناراست رەزامەنـدی لە سـەر ئەو ڕاگەیانـدراوە دەربرێبێـت. بـۆیە دەتـوانم بەراشـکاوی بڵـێم ئەگەر حـدکا و بەتـایبەت سکرتێری حـزب لەجیـاتی بیرکـردنەوە لە ڕێگەچـارەیەکی سـەرەکی بـۆ کێشـەکان لەگەل تەواوەتـی حـدک دڵ بەو جـۆرە شـتانە خـۆش بـکەن، نە تەنهـا کێشەکان چارەسەر نابن بەڵکو قەیرانەکە قووڵتریش دەبێتەوە. هەر لەو پێوەندیەدا ئەوەش زیاد بکەم پێموایە زیانـدیتووی سـەرەکی لەو کێشـەدا بە پـلەی یەکەم کـاک رامبـودە، چـونکە هەر ئەوانەی بەهیـوای گەرانەوی ژمـارەیەک پتـر لە ١٠٠ کەس، بـاوەشی ئـاوەڵایان بۆ ناوبراو کردەوە، ئێستا کە وەزعەکە بەوجۆرە بە پێچەوانەی پێشبینیەکەیان دەبینن، سروشتیە چاوێک بەرەفتاری خۆیان لەگەل کاک رامبود بخشێننەوە.

بەدوای لە پێشـگرتنی ئەو حەرەکەتە لە لایەن گروپـی هەڵوێسـت یـان بەنـاوی "دەتـوانم بەراشـکاوی بڵـێم ئەگەر حـدکا و بەتـایبەت سـکرتێری حـزب لەجیـاتی بیرکـردنەوە لە ڕێگەچـارەیەکی سـەرەکی بـۆ کێشـەکان لەگەل تەواوەتـی حـدک دڵ بەو جۆرە شتانە خۆش بکەن، نە تەنها کێشـەکان چارەسـەر نـابن بەڵکـو قەیـرانەکە قـووڵتریش دەبێتەوە. هەر لەو پێوەنـدیەدا ئەوەش زیـاد بـکەم پێمـوایە زیانـدیتووی سـەرەکی لەو کێشـەدا بە پـلەی یەکەم کـاک رامبـودە، چـونکە هەر ئەوانەی بەهیـوای گەرانەوی ژمـارەیەک پتـر لە ١٠٠ کەس، بـاوەشـی ئـاوەڵایـان بـۆ نـاوبراو کـردەوە، ئێسـتا کە وەزعەکە بەوجـۆرە بە پێچەوانەی پێشبینیەکەیان دەبینن، سروشتیە چاوێک بەرەفتاری خۆیان لەگەل کاک رامبود بخشێننەوە. "هەڵوێستەوە، رێگەی لوژیکی بۆ حدک ئەوەیە کە پتر بەخۆدا بچێتەوە، بـۆ هۆکارەکـانی سەرهەڵدانی وەهـا گروپێـک بگەرێت، و ئـاورێک لە سیاسـەتەکانی خۆی وموعـامیلە ورەفتـار لەگەل وەهـا دیـاردەیەک بـداتەوە. بـۆ ئەوەی لەوەهـا گروپگەلێکدا بە قـازانجی گۆڕانکـاری ئەرێنـی

کەڵک وەربگرێت و سینگ فراوانترانەتر بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داواکاریەکانی گروپی فیکری لەوشێوەیە بچێت، و بە دیدو بۆچوونێکی قوولترەوە لە کێشەی دوو دیموکرات بڕوانێت و وانەکات کە ئەو حەرەکەتە سەرنەکەوتوانەی گروپی ناوبراو کاریگەریەکی وا لەسەر ڕێبەرایەتیەکەی دابنێت کە واز لە هەوڵی چارەسەری دوو دیموکرات بێنێت. هەروەک ئاوات و مەبەستی دژبەرانی یەکبوونەوەی دووبارەی حزبی دیموکراتە. بەڵکو شیاوتر ئەوەیە وەک دەڵێن ئەو مەسەلە "بە فاڵ نیک" بگرێت و چاوکراوەتر بۆ خۆی هەنگاو بۆ چارەسەری هەڵبگرێت. بە بڕوای من ئەرکی حدک بۆ هەڵسوکەوت لەگەل ئەوانەی لەلیستی هەڵویستدا بوون و هەڵوێستێکیان بێجگە لە هەڵوێستی ئەو کەسانە بوو کە کەوتنە نێو گەمەیەکی لە پێشدا دۆراو، وابێت کە بۆ ڕاگرتنیان، لەجیاتی دانی هەندێک ئیمتیازی کاتیی هەنگاو بۆ جێبەجیکردنی داوا بەجێکانیان کە بێگۆمان بە قازانجی گشتی تەواو دەبێت هەڵبگرێت.

**شەقام**: بۆ کێشە نیوخۆییەکانی حدکا ڕات چیە؟، چۆن چارەسەر دەکرێن؟، وەرگرتنی گروپی هەڵویست دەبێتە سەرەتای هەنگاوێک بۆ چارەسەریان؟

**کاک بابا عەلی**: هەروەک پێشتریش سەبارەت بە حدک وتم من ئاگاداریەکی زۆرم لە سەر کێشە نێو خۆیەکانی حدکاش (ئەگەر بش بێت) نیە، بەڵام ئەوەی کە لە ڕاگەیاندنەکانیشدا باسی لێدەکریت ئەوەیە کە لە بەرەبەری بەرێوەچوونی کونگرەی ١٥دا دوو بۆچوون و ڕوانگە (کە ناکرێت وەک کێشەش سەیری بکەین) ڕووبەرووی یەکتر ڕاوەستاون، یەکەمیان ئەوەیە کە پێویستە بۆ چارەسەری کێشەی نێوان دوو بەشی لێکدابڕاوی حزبەکەیان واز لە مەرجی نە گونجاو و بەربەستەکان بێنن و ڕێگەی دیالۆگ بۆ چارەسەری بگرنە پێش. لایەنگرانی ئەو بۆچوونە زۆرینەی بەدەنەی تەشکیلاتی حدکا لە خۆ دەگرێت لەگەڵ بەشێک لە ڕێبەرایەتی. ئەو بۆچوونە لە کونفرانسەکانی پێش کونگرەدا بە ئاشکرا وبەروونی و بە زەقی خۆی نواندوە. دووهەم بۆ چوونی دژبەرانی لێک نزیک بوونەوە و کردنەوەی دەرکی دیالۆگە، هەرچەند لایەنگرانی ئەو بۆچوونە لە بەدەنەدا لە چاو بۆچوونی یەکەمدا بەژمارە زۆر کەمترن بەڵام لە ئاستی ڕێبەریدا بەرچاون. سازکردنی هەراوهۆریای گەڕانەوە یان پێوەستبوونی گرووپی هەڵوێست لە بەرەبەری کونگرەدا لە ڕاستای پەکخستنی ڕەوتی یەکگرتنخوازانە دابوو، کە وادیارە بەو جۆرە کە کیسەیان بۆ ئەو مەسەلە هەڵدووریبوو وادەرنەچوو، لەسەرەتادا توانیان بۆ چەند ڕۆژێک جەوێکی بێ هیوایی لە ئاست کرانەوەی دەرکی دیالۆگ هاتە ئاراوە بەڵام بە نیشتنەوەی تەپ وتۆزی سازکراو ودەرکەوتنی ڕاستیەکان جەوە بێ هێوایەکە ڕەواوەتەوە.

**شەقام**: کۆنگرەی ١٥ لە پێش حدکایە، کۆنگرە دەبێ چی بکا بۆ کۆتایی هێنان بە کێشەکان، چ ئاڵوگۆڕییەک ئەنجامبدات؟

**کاک بابا عەلی**: هەرچۆنێک بێت کونگرەی ١٥ ئەرکێکی گرنگی لە سەرشانە و بە هیواین بتوانێت ئەرکی شیاوی خۆی بەڕیوەبەرێت و بڕیارێکی یەکلاکەرەوە سەبارەت بە دیاردەی دوو دیموکرات بدات. ڕێگەچارەی هەمووکێشەکان چ لە حدکا چ لەنێو حدک چ لەنێو حزبە سیاسیەکانی دیکەی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا پێکەوە دانیشتن و دیالۆگێکی کارسازە، هەروەک بە کورتی ئاماژەم پێکرد کونگرەی ١٥ی حدکا ئەرکی سەرەکی چاوخشاندنەوە بە سیاسەت و چالاکیەکانی حزب لە چوار ساڵی ڕابردوویداو یەک لەوان سیاسەتی بایکوت و دانانی مەرجی ناو گۆڕێن بۆ کردنەوەی دەرکی دیالۆگ لەگەڵ بەشەکەی دیکەی حزبی دیموکراتە. ئەگەر کونگرە بەتێگەیشتن لە هەستیاری بارودۆخی نێو خۆی وڵات و ئەو قەیرانانە کە کۆماری ئیسلامی تێیکەوتوە، ئەو ئاڵوگۆڕانە کە لەماوەی دوو کونگرەدا لە ناوچەکەدا ڕوویانداوەو هەروەها ئەو داخوازیانە کە لەلایەن خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستانەوە بۆ چارەسەری کێشەی نێوان دووبەشی لێکدابڕاوی حزب پێشکەشکراون بڕیاری گونجاو بدات، دەکرێت بەکونگرەیەکی سەرکەوتووی لەقەڵەمی بدەیت.

**شەقام**: یەکگرتنەوە و یەکخستنەوەی دیموکراتەکان باسێکی گرنگە لەو نێوەدا، ئایا ئەمە عەمەلییە ؟ کام لا زیاتر پابەندە بەم داوایە؟

**کاک بابا عەلی**: بۆئەوەی دەستنیشان بکرێت کام لا پابەندە بەم داوایە، ئەوە لەپرۆسەی وتوێژەکاندا دەردەکەوێت، تائیستا لە ڕاگەیاندراو و لە زاری ڕێبەرایەتی و بەرپرسانی حدکەوە بیستراوە کە ئامادەی دیالۆگ و وتووێژن، بەبێ مەرج بۆ چارەسەری کێشەکان. بەڵام ئەوە هێشتا هەر قسەیەو هەرچەندیش باش بێت تا ئەوکاتەی لەگەڵ حدکا هەنگاوی بە کردەوەی بۆ هەڵنەگیراوە لەو قۆناخەدا دەمێنێتەوە. لەم دوایانەدا لە زاری سکرتێری گشتیی حدکاوە لە کۆبوونەوە نێوخۆیەکانی حزبیدا باسی چارەسەری کێشەی دووبەشی لێکدابڕاوی حزب لەڕێگای وتوێژ و دیالۆگەوە هاتۆتە ئاراوە. ئەگەر بەڕێزیان لە پاش دەرچوونی ئەو ڕاگەیاندراوەی دەفتەری سیاسی حدکا لەسەر پەیوەست بونی گروپی هەڵوێست کە هەندێک ئاڵۆزی لە فەزاکەدا پێکهێناوە، هەروەک پێشتر لەسەر قسەکانی سوور بێت ودیالۆک بەڕێگەچارە بزانێت، دەتوانێت دۆخەکە بگێڕێنێتەوە بۆ دۆخی پێش دەرکرانی ڕاگەیاندراوەکە، بەڵام ئەگەر ئەویش پێی وابێت کە ڕاگەیاندراوەکە لەجێی خۆیدا بوەو کاریگەری ماوە و وەشوێن ئەو پرۆسەیە بکەوێت، ئەوا هیوا بە نزیکبوونەوە بەم زوانە کەمتر دەبێت.

**شەقام**: چۆن دەکرێ ئەم دوو بەشە یەکبگرنەوە؟ چۆن؟ دەکرێ ئاستەنگەکانی بەردەم یەکگرتنەوە دەستنیشان بکەی؟

**کاک بابا عەلی**: لەوەڵامی ئەو بەشە لە پرسیارەکەت کە دەڵێت "چۆن دەکرێ ئەم دووبەشە یەک بگرنەوە؟" دڵنیام مەبەستت میکانیزمی یەکگرتنەوەکەیە، نە محاڵ بوونی یەکگرتنەوە. بۆیە وەڵامەکەی منیش بەوپێیە دەبێت. پێش لەهەر مەسەلەیەک

ئەو کـارە پێویستی بە بڕیـارێکی ئـازایـانەی ڕێبەرایەتیەکـانە کە بـۆ چارەسـەری ئەو کێشـانە پـێکەوە و لە کەشوهەوایەکی سـالمدا دانیشن. کاتێـک تـابۆی یەکتـر نەدوان وبـایکوت شکا بـۆ یەکگرتنەوەیەکـی بەمانـای یەکبـوونەوە پیویسـتە هەردوولا ڕاشکاوانە پێ لە هەڵەکانی خۆیان بنێن بۆ ئەوەی بتوانن کێشەکان لە ریشەوە چارەسەر بکەن. پاشـان لیژنەیەکـی هـاوبەش بـۆ دارشـتنی بەرنـامە و پێرەوێکـی وا کە ڕەنگدانەوی بیـروڕای هەردوولایەن بێـت (بەخۆشیەوە هێشـتا لەزۆربەی بوارەکانـدا لێکنـزیکن) ئـامـادەبکەن و پـاشـان لە کـۆنگرەیەکی تـایبەتـداو بە هەڵبژاردنـی ڕێبەرایەتیەکـی نـوێ حزبـی نـوێی دیمـوکرات بونیـــات بنێـــنەوە. گومـــان لەوەدانـــیە ئەگەر ئیـــرادەی یەکگرتنەوەخـــوازی بەهێـــز بێـــت ئەوکـــارە عەمەلیـــیە. لەوەڵامی بەشێکی دیکەی ئەم پرسیارەتدا دەبێ بڵێم ئاستەنگەکانی بەردەمی ئێستا هەر ئەو روانگە وبۆچوونـانەی هۆکـاری لێکـدابرانن. دەبێـت ئەو روانگـانە لەبەر بەرژەوەنـدی گشـتی بگۆردرێـت و گەشـبینی ویەکتـر قەبـووڵکردن جێـی ململانـێ نـا سالمەکانی پێشوو بگرێتەوە.

**شەقام: ئایـا تەنیـا بە یەکگـرتنەوەی دیموکراتەکـان قەیرانـی نـاو بـزوتنەوەی کـورد لە ڕۆژهەڵات کۆتـایی دیت؟ ڕێگە بـۆ بەرەیەکی بەرفراوان دەکرێتەوە؟، یەکێتی و پارتی لەو نێوەدا دەوریان چیە؟**

**کاک بابا عەلی:** یەکگرتنەوەی ئەم دوو بەشە هەموو قەیرانەکانی بەردەم بزووتنەوەی کورد چارەسەر ناکات، بەڵام دەتوانێت کاریگەیەکی زۆری لە سەر کێشەکان هەبێت. قەیـران لە هەر ڕێکخراوێکدا لەوانەیە بێتە ئـاراوە بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی دیموکراتیک و بەرپرسانە لەگەڵ کێشەکان موعامیلە و ڕەفتار بکرێت سەرکەوتن بەسەریـاندا زۆر ئاسانتر دەبێت. زۆر لەمێژە بـاس لەسـەر پێکهێنـانی بەرەیەکـی یەکگرتـوو لە حزبەکـانی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتاندا دەکرێـت وهێشـتا لە قۆنـاخی قسـەدا تێنەپەڕیـوە، بەبـڕوای من ئاسـتەنگی هەرە سـەرەکی خـۆ بە میحـوەر زانینـی حزبەکـانە. لە جیـاتی لە فیکـری ئەوەدابـن کە هێزەکـانی خۆیـان سـەر یەک بـخەن و لەدەور کۆمەڵێک دروشـمی هـاوبەشـی نەتەوەیـی کـۆببنەوە، پـێش هەر شـتێک لەفیکـری ئەوەدان شـوێن وپـێگەی ئەوان لەو بەرەدا ون دەبێـت. ڕێکەوتـن لەسـەر خـاڵە هـاوبەشـەکان هەمـوو کاتێـک ئـاسـانتر بـوە تـارێکەوتن لەسـەر پـێگەی هەرکـام لەحزبەکـان لە بەرەدا (بـۆیە تـائێسـتا بەرە پێکنەهـاتوە). بـابەتێکی دیـکە کە وەک ئاستەنگ لەبەردەم بەرەدا بووە ئەوەیە هەنـدێک لە حزبەکـان ئـامـادەنین لەگەڵ هەنـدێکی دیکە لەحزبەکـان لە یەک بەرەدا کـۆببنەوە. تەنـانەت بەداخەوە زۆر جـاریش ئـامـادەنەبوون لەسـەر پرسـێکی تـایبەت هەڵوێسـتێکی هـاوبەش بگـرن تەنـانەت ئەگەریش بۆچوونێکی هاوشێوەشیان بووبێت بەلایانەوە باش بوە هەرکام بۆ خۆیان، یـان ئەو پەرەکەی دوو دوو یـان سێ سێ پێکەوە هەڵوێستێکی هاوبەش بگرن، کە بێگومـان لەبرشـتی کـاریگەریەکەی کەمدەبێتەوە. یەکێتـی و پـارتی وەک دوو حزبـی سەرەکی لە کوردستانی باشوور و دوو حزبی دەسەڵات بەدەست لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، دۆستـایەتیان لەگەڵ هەمـوو حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە. لەوانەیە لە قۆنـاخی جیـاوازدا هەڵکشـان وداکشـانێک لە ئـاستی پێوەنـدیەکانی ئەو

دوو پارتە لەگەل یەک یان چەند حزبێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هاتبێتە ئاراوە. ئەو وتەیە بەو مانایە نیە کە هەموو کاتێک یەکێتی و پارتی لەبەرانبەر حزبە میوانەکان لە باشووری کوردستاندا یەک هەڵوێستی هاوشێوەیان بووبێت. چونکە هەر کام لەو حزبانەش زۆر سروشتیە کە بە شوێن بەرژەوەندی خۆیانەوە بن. بەڵام پێک نەهاتنی بەرە هۆکارەسەرەکیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خودی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. جگە لەو بەربەستانەی سەرەوە کە ئاماژەیان پێ کرا، بەر بەستێکی زۆر گرینگی دیکە، ناکۆکی و ململانی لە نێو حیزبەکانـدایە، بۆ وێنە، لایەن و تەیفی کۆمەڵەکان لەگەڵ یەکتر و دیموکراتەکانیش لەگەڵ یەکتر ناکۆکن. حزبی دیموکرات لەخۆیدا کۆڵەکەیەکی قایمە لە هەر بەرەیەکدا و کاتێک حزب دەتوانێت ئەو نەخشە بگێرێت کە بۆ خۆی یەکدەست ویەکگرتووبێت، لەکاتێکدا بەداخەوە ئیستاشی لەگەڵ بێت هیچ پێوەندیەکی فەرمی لە نێوان ئەو دووبەشە لێک دابراوە، لە ئارادا نیە. کۆمەڵەکانیش هەر بەو شێوەیە. بۆیە پێکهاتنی بەرەیەک لە ئیستادا ئەگەر نەڵێین مەحاڵە دەبلێین زۆر ئەستەمە.

**شەقام: داهاتوی دیموکراتەکان بەکوێ دەگا، ئەنجامەکان چۆن دەبینی؟**

**کاک بابا عەلی**: من پێموایە چارەنووسی دوو دیموکراتەکە لەم کۆنگرەی بەردەمی حدکادا دیاری دەکرێت، بەو مانایە کە ئەگەر بریاری کرانەوەی دەرکی دیالۆگ لەگەڵ حدک بدرێت زۆر ناخایەنێت کە پێوەندیەکان زۆر ئاسایی دەبنەوەو بەو ناسینەی کە لە دیموکراتەکان هەمە زۆری پێناچێت یەکیش دەگرنەوە یان بەواتایەکی دیکە دەبنەوە بە یەک. ئەگەریش لەم گونگرەدا سیاسەت هەر ئەو سیاسەتەی ئێستا بێت و مەرجی نەگونجاو بۆ دیالۆگ دابنرێت، لە باشترین حاڵەتدا وەک ئێستا دەبێت و "ئاویان بە چۆگەیەکدا ناروا".

**شەقام: کەس و لایەنەکانی دیموکراتی جیا لەو دوبەشە دەبی چی بکەن، ئەو گروپ و کامپینانەی کە بۆ یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان چالاک بون چیان بەسەرهات، "گروپی یەکبون" کە جەنابیشت تێیدا چالاکیت چ بەرنامەیەکی هەیە؟**

**کاک بابا عەلی**: ئەو کەس و لایەنە دیموکراتانە کە پێش لە دابەشبوونی حزب لە سالی١٣٨٥ دا، یان پاش ئەو ڕووداوە تێکۆشانی سیاسی خۆیان سەربەخۆیانە ولەدەرەوەی ریزی تەشکیلاتی دووبەشەکەی دیموکرات درێژە پێداوە، هەرچەند وەک ئەندامی حزب هەڵسوکەوتیان نەکردوە بەڵام شوێن ئاوات وئامانجە سەرەکیەکانی حزبی دیموکرات کەوتوون و بەدەگمەن کەسی واپەیدا دەبێت ماڵئاوایی لەهەموو ئەو ئامانجانە کردبێت کە رۆژانێک لە پێناویاندا فیداکاری کردوە. بۆیە دەتوانم بڵێم هەر هەموویان بەشێوەیەک لە شێوەکان و لە دەرەوەی بازنەی حزبەکان هەوڵی لێک نزیککردنەوەو ئارامکردنەوەی جەوی زاڵ بەسەر پێوەندی ئەو دوو لایەنەیاندا داوە، بەڵام لەبەر هۆی ئەوەی کە ئەو کەسانە لەبازنەی دەسەڵات یان

تەشکیلاتدا نەماون، کەمتر بایەخ بەهەوڵەکانیان دراوە و هەر لایەنەش چاویان لە وشە وشەی ڕوانگەکەکانیان کردوە تابزانن بەکام لادا قورسایی دەکەن ئەوکات بێبەزەیانە لەلایەن لایەنگرانیانەوە کەوتوونەتە بەر هێرش وتەنانەت تۆمەتی نارەوا و لە باشترین حاڵەتیشدا بە بێلایەن نەبوون تۆمەتباریان کردوون. بۆیە زۆرکەس هەیە سەرەرای بەپەرۆشی بۆ بارودۆخەکە ریسکی خۆخستنەبەر پەڵ ناکەن و زۆرجار لە ئاست ڕووداوەکان بێدەنگە دەکەن. بەو حاڵەش ئەرکی ویژدانیانە کە سەرەرای کەند وکوسپەکان هەرکەسە و لەئاست خۆیەوە بەئەرکی خۆی هەستێ و بۆ بەهێزکردنی ڕەوتی یەکبوونەوەی دووبەشەکەی حزبی دیموکرات هەوڵی خۆی بخاتە گەر.

یەک لەو گرووپانە کە بۆ یەکخستنەوەی دووبەشی لێکدابراوی حزبی دیموکرات لەو چەند ساڵەی ڕابردوودا لە هەوڵدابووە کەمپینی یەکبوونە. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەهەڵە تێگەیشتنێک لەلایەن هەندێک کەس و لایەنەوە سەبارەت بەم گرووپە بکەم:

**یەکەم**، هەندێک کەس پێیانوایە کە ئەو کەمپینە لەوکەسانە پێکهاتوە کە لەریزی تەشکیلاتی حزبە دیموکراتەکاندا نەماون، کەئەوە هەڵەیەکی گەورەیە، هەروەها پێیانوایە کەمپین بریتیە لە چەند کەسێکی دیار کە لە کومیتەی بەرێوەبەریدا چالاکیان هەیە، یان وابیردەکەنەوە کە کەمپین بۆ خۆی ریکخراوێکە و بەوجۆرە سەیری دەکەن، کەئەویش هەر لەراستی بەدوورە، بەکورتی بڵێم ئەو گرووپە لە ئەندامان و لایەنگران ودۆستانی هەر دووبەشی حزبی دیموکرات و بە مەبەستی خۆشکردنی زەمینەی دیالوک ووتوێژ لەنێوان دووبەشی لێکدابراوی حزبدا پێکهاتوە. لەگەڵ هەمووی ئەو ئاستەنگانە کە لەبەردەم ئەو دڵسۆزانەدا بوو بەخۆشیەوە هەوڵەکانیان بەرەبەرە دەرئەنجامەکانی دەرکەوتوە و ئێستا باسی یەکگرتنەوە و یەکبوونەوە کە ماوەیەک یاساغ و بڤە بوو لە کونفرانسەکانی پێش کونگرەی ١٥ی حدکادا، گەرمە و ئەوانە شانسی هەڵبژاردنیان بۆ نوێنەرایەتی کونگرە پترە کە لایەنگری لە ئاسایی کردنەوەی پێوەندی نێوان حدکا وحدک دەکەن، و برگەی سەرەکی بریارنامەی کونفرانسەکان داوای ئاسایی کردنەوە و ئاوەڵاکردنی دەرکی دیالوک لەنێوان دوو دیموکاتەکان. دەکات، ئێمە هەموو ئەو کەسانە کە خوازیاری چارەسەری کێشەی دووبەشەکەی حزب لە رێگەی دیالۆگەوەن بە هاوبیر و هاوهەڵوێستی خۆمان دەزانین و بەخۆشیەوە ئێستا لە هەموو کاتێک زۆرترن.

**شەقام**: بەم وەزعە داهاتوی بزوتنەوەی کورد لە رۆژهەڵات، پەیوەندی هێزو لایەنەکان لە ئاستی ئێران و لە ئاستی گشت کوردستان بەکوێ دەگات و چارەنوسی کورد و کۆماری ئیسلامی چی لیدێت؟.


**کاک بابا عەلی**: پێویستە بڵێم کە بزووتنەوەی کورد تەنها و تەنها نەبەستراوەتەوە بەحزبەکانی رۆژهەڵات هەرچەند

حزبەکـان نەخشـی حاشـاهەڵنەگریان لەو بـزووتنەوەدا هەبـوە وهەیـانە. پـێش هەرشـتێک ئەوە سیاسـەتی چەوت و سەرکوتکەرانە و تەنـانەت دوژمنکـارانەی ڕژیمەکـانی زاڵ بەسـەر وڵاتـی ئێران لە سەدەکانی ڕابـردوو بە تـایبەت لە سەدەی بیستەمدا، و لەبەرانبەر گەلی گورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بـووە کە مـاکەو جەوهەری بـزووتنەوەی کورد بـووە. تەنـانەت فـاکتەری سـەرەکی و فەلسـەفەی بـوونی حزبەکـانیش بەرهەمی وەهـا سیاسـەتێکی چەوت بـووە. هەمـوو ڕژێـمە یەک لە دوای یەکەکـان بەزۆری سـەربازی هەوڵـی یەکێتـی خـاکی وڵاتیـان داوە بێـئەوەی بچـووکترین بایەخێکیـان بەیەکێتـی لە نێـوان نەتەوەکانی نیشتەجێی سەرزەوینێک بـدەن کە نـاوی ئێرانە. بـۆیە ئەگەر توانیویـانە بەزەبـری چەک چوارچێوەی سەرزەوینی وڵات بپـارێزن بەڵام لە هەمانکـاتـدا چ بیانەوێت وچ نەیانەوێت تـووی لێکترازانـێ ئەو ئێرانەیـان کە تەنهـا چەک گرنتـی مانەوەی کردوە، وەشاندوە. بەرای من ئێران لەداهاتوودا چارەنووسێکی لە هاوشێوەی یوگوسلاوی زیـاتر نابێت.

لە لایەکـی تـر هەرچۆنێـک بێـت بـارودۆخی نـاوچەیی و نێوخـۆی وڵات وادەخوازێـت کە ئەو حزبـانە ڕێگەیەکیـان بـێجگە لە نزیکبوونەوە لەیەکتر و چارەسـەری کێشـەکانی نێوانیـان نەبێت. هیچ گومانێک لەوەدا نیە کە ئەگەر بچـووکترین دەرەتـان و فەزایەکی تـارادەیەک دیموکراتیـک لە نێوخـۆی وڵاتـدا برەخسـێت حزبـی نـوێ کە هەڵقـوڵاوی بیـرو ئەندێشـەی بەرەی نـوێ و داخوازی نوێی گەلی کوردی ڕۆژهەڵات بێت سەر هەڵدەدات و حزبە لە مێژینەکان (سەرەرای هەمـوو فیـداکاریەک کە ڕابـردوودا کردوویانە و سەرەرای پێشکەشکردنی ئەو هەمووشەهیدە بەنرخانە کە ڕێز وقەدریان لە دڵی خەڵکدا هەر دەمێنێت) دەخەنە پەراوێز و دەیانکەن بە حزبی کەمینە (نموونە لەو بوارەدا زۆرە)، چونکە بەراستی گەلی کورد زۆریان لێ تووڕەن. ئەگەریش ئەو حزبانە بەخۆدابچنەوە، ڕوو لە نوێبوونەوەو نوێژەنکردنەوەی خۆبکەن، چی دیکە بەرژەوەنـدی گشـتیی نەخەنە ژێـر پێیـی بەرژەوەندی تـاک، پـێ لەهەڵەکـانی خۆیـان لە شێوەی ڕێبەری کردنـدا بنێن و بێکەنە بنچینـەی دارشـتنی سیاسـەتێکی نـوێ وگشـتگیر، هەموویـان لە دەوری کۆمەڵێـک دروشـمی سـتراتیژیکی نەتەوەیـی کـۆببنەوەو لە بەرەیەکـی یەکگرتـوودا بەشـداری ململانی سیاسیەکان لە ئاستی سەرتـاسەریدا بـکەن و لەو ڕێگەوە لانیکەم لە نێـو ئوپۆزسیۆنی نێوخـۆ و دەرەوەدا مـافی کـورد بچەسپێنن، هەروەهـا لەئـاسـتێکی نەتەوەییـدا لەگەڵ هێـزە سیاسیەکانی کوردسـتان لەسـەر پلانێکـی هـاوبەش بـۆ داهـاتووی کوردسـتان ڕێکبکەون، دەتـوانن جـارێکی دیکە ئەو پـێگە بەهێزەیـان لەنێـو دڵـی کـوردی ڕۆژهەڵاتـدا ببـووژێننەوە. کۆمـاری ئیسلامی نیشـانی داوە کە تـا سـەر ئیسـقان دژی داخـوازە ڕەواکـانی گەلـی کـوردە بەتـایبەت لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتاندا، بە ڕاستی چۆن دەکرێت بەو وەزعیەتە کە ئێستا حزبەکـان تێیـدا دەژیـن لەبەربەرەکـانی لەگەڵ ڕژێمێکـی وەهـا دڕنـدە و تەیـار بەچەک و پارە و درۆ و تەزویر و ڕیا، سەرکەوتن بەدەستبێنن؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژپریس – ڕێکەوتی: ١٨ی جوولای ٢٠١٢

## کاک دوکتور سەعید بەو شێوە کە من ناسیومە



سەرەتا لەسەروبەندی بیستەمین ساڵی تیرۆرکرانی تێکۆشەری ناوداری کورد کاک دوکتور سەعید سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێکانی لە شاری بێرلینی وڵاتی ئاڵمان، هەزاران سڵاویان پێشکەش دەکەم و سەری رێز و حورمەت لە بەرانبەر گەورەییاندا دا دەنوێنم.

باسکردن لەسەر کەسایەتییەکان بەتایبەت ئەوانەی کە بوونەتە یەکێک لە مرۆڤە ناودارەکانی مێژووی گەلێک، بەشیوەیەک کە بکرێت هەموو کەلێن وقوژبنەکانی کەسایەتییەکە بپشکنرێت و بێلایەنانە لە سەری دادوەری بکرێت، ئەگەر نەڵێم نامومکین دەتوانم بڵێم زۆر ئەستەمە. چونکە کەسێک کە سەبارەت بە مرۆڤێک کە ناسیاری لەسەری هەیە دەدوێت گومانی تێدانیە کە ناتوانێت بێ لایەنی رەها بێت، بەڵکوو بەرێژەیەک بەلایەکی ئەرێنی یان نەرێنیدا دەشکێنێتەوە.

هەر مرۆڤێک خاوەن کۆمەڵێک تایبەتمەندییە کە سەرجەم کەسایەتیی ئەو کەسە دەنەخشێنێت. بێ گومان لەو تایبەتمەندیانەدا خاڵی لاواز وبە هێز یان ئەرێنی ونەرێنی بوونی هەیە. بەگشتی ئەو کەسەی خاڵی ئەرێنی زۆرترە لە نێو خەڵکدا  بە مرۆڤێکی باش ناودێر دەکرێت. بە کورتی کە سایەتیی هەر مرۆڤێک لەرووی رێژەی تایبەتمەندییە باش و ناباشەکانیەوە پێناسە دەکرێت. هەر چەند ئەو تایبەتمەندییانەش لە مرۆڤێکدا نەگۆڕ و چەسپاو نین و  بەدرێژایی تەمەنی هەر مرۆڤێک گۆڕانیان بەسەردا دێت.

من هەوڵ دەدەم تائەو جێیە کە بیرم بڕ دەکات و بە پشت بەستن بەو ئاستە لە زانیاری کە لە سەر کەسایەتیی کاک دوکتور سەعید[دوکتور سادق شەرەفکەندی]هەمە بەهۆی ئەو ماوە کە دەرفەت و شانازیی هاوکاریی ناوبراوم بووە، کورتەیەک لەسەر کەسایەتیی ناوبراو بنووسم. بەڵام پێش ئەوەی بچمە سەر باسەکە، ئەو پرسیارە دێتە پێش کە پێویستە وەڵامی بدرێتەوە. ئەویش ئەوەیە کە مەبەست لە باس لە سەر وەها کەسایەتییەک بە چ مەبەستێکە؟ گومان لەوەدانیە کە ئەرکێکی سەرەکییە لاوەکان وجیلی ئێمرۆ لە بەسەرهات و ژیانی کەسانی ناوداری گەلەکەمان ئاگادار بن، بەومەبەستە کە هەم بیرەوەریی میژوویی (حافظە تاریخی) گەلەکەمان بپارێزین، هەم تۆوی رێز وخۆشەویستیمان سەبارەت بە پاڵەوانای مێژووی بزووتنەوەی کورد لە دڵی لاوەکاندا چاندبێت، و هەم بتوانین دەرس لە رێباز و بیر و ئەندێشە وفیداکارییان لە رێی ئازادی وسەربەستیی نەتەوەی کورددا وەر بگرین.

من ناچمە سەر ئەو بابەتە کە کاک سەعید لە کوی لە دایک بووە یان ژیان وبەسەرهاتی منداڵی و مێر منداڵی و لاوەتیی ناوبراو بگێڕمەوە. بەڵکوو پتر هەوڵ دەدەم کەسایەتیی ناوبراو بخەمە روو. کاک سەعید مرۆڤێکی خاوەن پلەیەکی بەرزی خۆێندەواری بوو. خوێندەوار بوون و چاوکراوەیی کاک سەعید لە پلەیەکی بەرزی خوێندەواری وەکوو دوکتورا لە بەشی کیمیای شیکردنەوە (شیمی تجزیە) کە لە سەردەمی خۆیدا زۆر کەم بوون ئەو کەسانە کە لە ئێراندا خاوەن وەها پلەیەک بن، بەتایبەت کە خویندنەکەی لەوڵاتیک وەک فەرانسە ولە یەکیک لە زانکۆ بەناوبانگەکانی پاریس واتا زانکۆی ژمارە ٦ی ئەو شارە بەدەست هێنابێت. بیگومان خویندن لەفەرانسە وتوانای وەرگرتنی وەها پلەیەکی زانستی پێویستی بە زانینی زمانی فەرانسە ئەویش لە ئاستێکی بەرزدا دەبێت. کاک سەعید بەتەواوی بەسەر ئەو زمانەدا زاڵ بوو. شارەزایی لە زمانێکی گرینگی دەرەکی سەرەرای زمانی فارسی و زمانی دایکی، ئەو توانایەی پێ بەخشیبوو کە بتوانێت لە سەرچاوە زانستیەکان بە باشی کەڵک وەر بگرێت و لە رووی زانستیەوە خۆی پێ دەوڵەمەندتر بکات و بەهرەیەکی زۆرتر بە خویندکارەکانی لە زانکۆکانی تاراندا ببەخشێت.

خاڵێکی دیکەی جێی ئاماژە پێکردن ئەوەیە کاک سەعید پێش ئەوەی کورسیی زانکۆ بەرەو شاخ بە جێ بێڵێت، مامۆستا بووە، گومان لەوەدانیە کە هەر کار وپیشەیەک خاوەن هەندێک تایبەتمەندییە کە لە کەسایەتیی خاوەن پیشەکەدا بە شێوەیەک لە شێوەکان رەنگ دەداتەوە وکاریگەری دەبێت و شوێن دادەنێت. پیشەی ماموستایەتی بۆ کاک سەعیدیش بەدەر لە و نورمە نەبوو. یەکێک لەو تایبەتمەندیانە کە ماموستایان هەیانە دلاوەڵایی و بەخشەندەیی (سخاوت) یە. ماموستایان لەگواستنەوەی ئەوەی کە دەیزانن بۆ قوتابیەکانیان درێغ ناکەن، بۆیە کاک سەعیدیش بەشێک لەو بەخشەندەیی ودڵاوەڵاییە کە هەیبوو و سنووری نەدەناسی لە مامۆستایەتیەکەیەوە بۆی مابۆوە. من کەم کەسم دیوە کە بەرادەی کاک سەعید دڵاوەڵا بێت. ئەو لە کاتی وتنەوەی وانە زانستیەکانی لە زانکۆ دا ئەویش لە زانستێکی وەک کیمیا، پەنای بۆ بەڵگە و یاسا

زانستیەکان دەبرد و دەی سەلماند. بۆیە نائاسایی نەبوو کاتێک لە ژیانی سیاسییشدا هیچ بابەتێکی سیاسی یان کۆمەلایەتی یان... بە بێ بەڵگە وەرنە گرتبایە. بۆ قسە و راو بۆچوونەکانی بەڵگەی دەهێنایە و قەناعەتی بە لایەنی بەرانبەری خۆی دەهێنا. لەخۆڕایی نەبوو کە کاک سەعید لە ئاخەوتندا راشکاو و قسە لەروو، بوێر ولەئاستیکی لۆژیکیدا جەسوور وچاونەترس بوو.

هەر چەند لە ریزی شۆڕشدا بەفەرمی ئەرکی ناوبراو مامۆستایەتی نەبوو، بەڵام هەموو کات بۆ هاوڕێیانی نەخشی مامۆستایەکی دڵسۆزی هەبوو و هەوڵی دەدا بنەماکانی شۆڕش وشۆڕشگێری لە رووی زانستیەوە بۆ کادەرەکانی حیزب لە خولەکانی راهێناندا شی بکاتەوە. لەسەر ئەو بروایەدا بوو کە مرۆڤی شۆڕشگێر لە پەنای هەستی شۆڕشگێریدا پێویستە بە زانست و زانیاری سەبارەت بە بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان کە پێوەندیان بە شۆڕش و شۆڕشگێرییەوە هەیە، تەیار ببێت.

وا نیە هەر کەس زانابوو، خوێندەوار بوو، مامۆستابوو،و... حەتمەن دەبێ شۆڕشگێریش بێت. یان هەر شۆڕشگێریکیش بەناچاری پیویستە پلەی بەرزی زانستیی هەبێت. ئەوە بۆ کەم کەس رێ دەکەوێت کە هەر لە تەمەنی منداڵیەوە بە هۆی بارودۆخی تایبەتیی بنەماڵەکەیەوە هەستیکی شۆڕشگێری و ئاگایی لەسەر بێبەشی و مەزڵوومیەتی گەلەکەی لا دروست بووبێت کە پاشان لە گەورەییدا بووبێت بە شعوورێکی شۆڕشگێری وبڕوایەکی پتەو و چەسپاو بۆ هەوڵدان و خەبات و فیداکاری لە رێی ئازادی و سەربەستیی گەلەکەیدا. شۆڕشگێریی کاک سەعید کوتوپڕ و یەکدا بە دوو نەبوو بەڵکوو هاوتەریب لە گەل چوونەسەری تەمەن و تێکەڵ بوون بە ژیانی کۆمەڵایەتی، هەست کردن بە زوڵم وستەمی رێژیمی زاڵ بەسەر وڵاتدا لە ناخیدا جێی خۆی کردەوە و ئەوکاتەی کە هە ر لە تافی لاوەتیدا بەتاوانێکی نەکردوو و بەهۆی مامۆستابوون و بەهۆی کوردبوون، لەزێدی باب وباپیرانی و بە تۆپزی دوور خرایەوە تا سەر ئیسقان هەستی بە بەشخوراوی و ژێر دەستەیی گەلەکەی کرد.

شۆرش و خەبات لە رێگای رزگاری گەلێکدا تەنها شێوازێکی نیە و لە تاکە روانگەیەکەوە نابینرێت یان بەواتایەکی دیکە رزگاریی گەلێک تەنها لەوە دا نیە کە خاکەکەی لە دەست دوژمنەکەی رزگار بێت، بەڵکوو هاوتەریب لەگەل ئەوەش شۆڕشگێرەکان پێویستە لە رووی ئابووری وسیاسی و کۆمەڵایەتییشەوە پلانی رزگاریی گەلەکەیان لە چنگ بێعەدالەتی و چەوسانەوە و دابینکردنی دیموکراسی وئازادییش هەبێت. کاک سەعید یەک لەو کەسانە بوو کە بروایەکی قووڵی بە عەداڵەتی کۆمەڵایەتی وئابوورییش هەبوو کە هەم لەرووی سیاسی وکومەڵایەتیەوە چەشنێک لە یەکسانی باڵ بە سەر کۆمەڵگای کوردیدا بکێشێت و هەم لە رووی ئابوورییەوە ژیانی مرۆڤەکان هاوسەنگیەکیان لە نێواندا هەبێت و ئاستیک لە

ژیانی نورمال بۆ هەموو خەڵکی کوردستان مسۆگەر ببێت. ئەو بۆ دابین بوونی وەها ئاوات وئامانجێک سوسیالیزمی دیموکراتیکی بە ئولگوو و نموونەیەکی باش دەزانی کە لە لایەک ژیانی ئابووریی خەڵک مسۆگەر بێت و لە لایەک ئازادیی سیاسی نەبێتە قوربانیی خۆشگوزەرانی. هەربۆیە بە توندی پشتیوانیی لەو ئایدیایە دەکرد و بەرێگەیەکی گونجاوی بۆ بەختەوەریی خەڵک دەزانی.

سەردەمی خەباتی کاک سەعید خەباتی چەکداری وژیانەکەی، ژیانی پێشمەرگایەتی وئەرکەکەی رێبەریی شۆڕشێکی چەکداری بوو . بۆیە بەو هۆیەوە هەر دەم ژیانی لە مەترسیدا بوو،(هەر وەک بە دەست تیرۆریستە نێردراوەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ بێرلین شەهید کرا) رێبەری شۆڕشێکی وەها پێویستی بە ورە و بوێرییەکی واهەیە کە لە کاتە هەستیارەکاندا بتوانێت بڕیاری دروست بدات و ورەی هاوڕێیانی دەوروبەری رابگرێ و بپارێزێ و تەنانەت بەرزیشی بکاتە وە. ئەو تایبەتمەندییە لەو پەڕی خۆیدا لە کەسایەتیی کاک سەعید دا رەنگی دەدایەوە و هەموو ئەو کەسانەی کە ئەو گەورە پیاوەیان دەناسی دانیان بە ورەی بەرز و خۆڕاگریی ئەودا دەنا و تەنانەت موخالیفەکانیشی نەیان دەتوانی حاشا لە وەها تایبەتمەندییەک بکەن. ئەو بوێرییە تەنها لە بواری مەیدانەکانی شەڕی داسەپاوی رێژیمدا نەبوو، بەڵکوو مرۆڤ بۆ دەربڕینی را وبۆ چوونی خۆی لەهەموو هەلو مەجێکدا پێویستی بە چەشنێک لە ئازایەتی و چاو نەترسی هەیە. کاک سەعید لە ئاخاوتنەکانیدا لە هەر کۆڕ و کۆمەلێکدا بە راشکاوی و جەسوورانە قسەی دلی خۆی دەکرد و ئەهلی نان بە قەرزدان و چاو نووقاندن لە ئاست راستییەکاندا نەبوو.

بۆ کەسێک زۆر گرینگە کە خەڵکیی بروا ومتمانەیان پێی بێت، گومان نەخەنە سەر قسەکانی و ئەوە کە دەیڵێت بەدڵنیاییەوە لەلایەن جەماوەرەوە لێی وەر بگیرێت. ئەو متمانە بەدەست هێنانە کاری رۆژێک و دوو رۆژ نیە، بەڵکوو کاری ساڵانێکی دوور و درێژە. هەر چەند لە کیس چوون و لە دەست دانی متمانە، پێویستی بەو هەموو ساڵە نیە. راستوێژی وراستگۆییش لەو تایبەتمەندییانەن کە لە هەندێک کەسایەتیدا خۆ دەنوێنن. بەخۆشیەوە کاک سەعیدی جێی باسی ئەم بابەتە خاوەن وەها خەسڵەتێک بوو. زۆر کەس لە تەمەنی گەورەساڵیدا نازناویکیان پێ دەبرێت کە جاری واهەیە ئەرێنیە وجاری واشە نەرێنی ونگەتیفە، بەڵام کاک سەعید پاش لەدایکبوونی ناوی (صادق)ی لەسەر دانرا هەرواش بوو تالەژیانیدا مابوو مرۆڤێکی راستوێژ، قسەلەروو، بێ رووەدەربایست و ئەوەی لە دڵیدا بوایە، بەزمانیش دەری دەبڕی وپاکی لەکەسێک نەبوو کە ئەوەیش خۆی لە خۆیدا جۆرێک لە بوێرییە. ئەوەی کەدەی گوت قسەی دڵی بوو، وانەبوو کە بەزمان شتێک بڵێت و لەدڵیدا بە پێچەوانەکەی بیر بکاتەوە، بۆیە خەلک برِوایان بە وتەکانی هەبوو وگۆمانیان نەدەخستە سەر قسەکانی و ئەوە بۆ رێبەرێکی شۆرشگێر تایبەتمەندییەکی بەرز وبەنرخ ولەهەمان کاتدا پێویستە.رەنگ بێت «صادق» بوون بۆ ئەو ئەرکێک بووبێت کە هەر لە منداڵیەوە پێی ئەسپێردرابێت.

کاک سەعید بەخۆشیەوە ئەو دەرفەتەی بۆ رەخسابوو کە لەمەکتەبی گەورە پیاوی مێژووی بزووتنەوەی کورد واتا دوکتور قاسملوو پەروەردە ببێت. ئەو مەجال و دەرەتانەی بۆ رەخسا کە چەم و خەمی بەڕێوەبەری واتا (مدیریت)ی ڕێکخراوێکی پان وبەرین و جەماوەریی وەک حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە تەنیشت قاسملووی مامۆستای بەباشی فێر بێت و لەو بوارەشدا کەم نەهێنێت. کاک دوکتور سەعید بۆ خۆی کەسێکی بە بەرنامە وخاوەن پلان بۆ کارەکانی بوو،هەروەک پێشتریش باسمان کرد ماموستا بوو، کە ماموستاکان هەرچەند لە رووی زانیاری و شارەزایی بە سەر وانەکانیشدا زاڵ بن، بەڵام هەر پێویستە لە هونەری بەڕێوەبەریی پۆلەکەشدا شارەزابن. ئەوە لە خۆیدا راهێنانێکی باش بووە بۆ کەسێک کە بەڕێوەبەریی حیزبێکی گەورەی لە هەلومەرجێکی دژواردا کەوتبێتە ئەستۆ. بە راشکاوی دەتوانین بلێن کە کاک سەعید بەرێوەبەرێکی باش بوو بەو مانایە دەیزانی کەسی شیاو بۆ پۆستی شیاو دابنێت، رێز لە تێکۆشانی هاوریانی بگرێت و بایەخ بە کارەکانیان بدا، ولەئاست کەم وکووریەکان و هەڵە و کەمکاری هاورێکانیدا بی دەنگ نەبیت. کەسێک بوو کە بەکردەوە بنەماکانی بەڕێوەبەریی[مودیریەت] بەڕێوە دەبرد. سەرەڕای بە بڕشت بوون لە بەڕێوەبەریدا تاکرەو و دیکتاتۆر مەسلەک نەبوو، و ئەهلی راوێژ و پرسورا لە وەرگرتنی بڕیاردا بوو. هەرچەند وەک باس کرا هەموو کاتێک بەراشکاوی ڕای خۆی دەردەبڕی، بەڵام لە بەرانبەر دەلیل و بەڵگەی بەرانبەری خۆیدا قەناعەتی هەبوو.

کاک دوکتور سەعید لە هەمانکاتدا بۆ راپەراندنی کارەکان زۆر جیدی بوو، و لە بەرانبەر گنخاندن و شل و وێلی لەکارەکاندا لەکەس خۆش نەدەبوو، بەڵام لەژیانی تایبەتیدا مرۆڤێکی قسەخۆش و مەجلیس گەرم بوو. سەرەرای ئەوەی پلەی زانستیی ئەو لە بواری ئەدەبیاتدا نەبوو بەلام بۆخۆی دەستی نووسینی باڵای هەبوو. بەتایبەت لە نووسیی بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا. هەر وەها لەگەل ئەوەی شاعیر نەبوو بەڵام شیعرناس بوو، زۆر شیعری شاعیرانی لە بەر بوو بەتایبەت ئۆگریی بە شێعری حافزەوە زۆر بوو. زۆر جار دەمدیت بە وردبینییەکی سەیرەوە پارچە شێعری شاعیرانی کوردی بۆ نموونە شاعیری بەناوبانگ شێرکۆ بێکەسی بە دەستخەتی خۆی دەنووسیەوە ولەبەری دەکرد.

نامهەوێ بە ئەنقەست هەرچی خەسڵەتی باشە بیدەمە پاڵ کاک دوکتورسەعید، بەڵام لەهەمانکاتیشدا بەهەڵەی دەزانم ئەگەر تایبەتمەندییەکی بەرزی ببێ و من پێی بزانم، بیشارمەوە. بۆ نموونە بەراستی ئەو کەسێک بوو کە زۆر بە سادەیی دەژیا و خۆشی لە زەرق وبەرقی تەشریفات نەدەهات و تەنانەت لێیشی قەڵس بوو. سادە وساکاری وخاکی بوون، ژیانی پێشمەرگایەتی بۆئەو ئاسان کردبوو. ئەوە راست بوو کە کاک سەعید هەموو هاورێیانی بەیەک چاو سەیر دەکرد بەڵام وەک هەموو کەسێک لە بواری ژیانی تایبەتی خۆیدا کۆمەڵێک دۆستی نزیکی هە بوو کە لە دۆستایەتیدا لەگەلیان زۆرسەمیمی و بە وەفا بوو.

کەسایەتیی کاک سەعید ئەو کاتە بەتەواوی خۆی دەرخست کە بەرپرسایەتیی راستەوخۆی رێبەریی حیزبی دیموکراتی پاش شەهید کرانی کاک دوکتور قاسملوو کەوتە ئەستۆ. بەواتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین تائەو کاتەی دوکتور قاسملوو لەژیاندا مابوو، کاک دوکتور سەعید لە سێبەردا دەژیا و جگە لە بەڕێوەبردنی ئەرکە پێ سپێردراوەکانی لە حیزبدا کەمتر خۆی دەر دەخست، یان دەر دەکەوت و دەناسرا. بەلام کاتێک کە بووبە سکرتێری حیزب ئەو کات هەموو توانا و داهێنانی خۆی لە لایەک بۆ سارێژ کردنەوەی برینی قووڵی شەهیدکرانی کاک دوکتور قاسملوو لە جەستەی حیزب و بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان، ولە لایەکی دیکە بۆ بەرەو پێشبردنی کاروبارەکانی حیزب تەرخان کرد. هەر چەند ماوەی سکرتێریی کاک دوکتور سەعید چەند ساڵ زیاتری نە خایاند و ئەویش هەر وەک مامۆستاکەی کەوتە بەر تیری تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی و شەهید کرا و بۆ جارێکی دیکە حیزبی دیموکرات سکرتێرێکی بە وەج و بزووتنەوەی کورد رۆڵەیەکی هەڵکەوتووی خۆی لە دەست دا، بەلام ئەوە کە لێرەدا دەتوانم بە راشکاوی قامکی لە سەر دابنێم ئەوەیە کە ئەگەر مەرگ مەجالی ژیانی پتری بە کاک دوکتور سەعید بدایە زۆر بە باشی دەیتوانی ئەو برینە کە ئاماژەم پێ کرد سارێژ بکاتەوە و جێی بەتاڵی قاسملوو بەباشی پڕ بکاتەوە. بەلام سەد مەخابن ئەو دەرفەتە نە بۆ ئەو ونە بۆ حیزبی دیموکرات ونە بۆ کورد لە رۆژهەلاتی کوردستاندا، نە رەخسا.

هەر وەک لە سەرەتای ئەم بابەتشدا باسم کرد بۆ کەسێک ئەستەمە بتوانێت هەموو کون و قوژبنەکانی کەسایەتیی مرۆڤێک بپشکنێت و سەری لێ دەر بکات. بۆیە ئەوەی کە لەسەرەوە سەبارەت بەو کەڵە پیاوەی مێژووی جووڵانەوەی کورد باسم کرد، مشتێک لە خەرواری تایبەتمەندییەکانی کاک دوکتور سەعید بوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٢

## وتووێژی بابەعەلی میهرپەروەر لە گەڵ کاک ئاریێز

ماوەیەک پێش ئیستا کاک ئاریێز بەهۆی هاوڕێی خۆشەویستم کاک مادح ئەحمەدی کۆمەڵی پرسیاری سەبارەت بە کونگرەی نەتەوەیی کە بڕیارە بەم زوانە بەڕێوە بچێت بۆ ناردم.

بڕیار بوو کە وتوێژەکە لە پێشدا لە یەکێک لە گۆڤار یان ڕۆژنامەکانی باشووری کوردستاندا بڵاو بکرێتەوە. پاشان هەموو ئەو وتوێژانە کە لەگەڵ خەڵکێکدا سەبارەت بە کونگرەی نەتەوەیی کراون لە کتێبێکدا بڵاو بکرێتەوە.

ڕۆژی دووشەمە ٣٠ - ٨ - ٢٠١٣ لە ژمارە ٤٣٤ی ڕۆژنامەی چاودێر بەشێکی وتوێژەکەی بڵاو کردەوە کە لێرەدا سوپاسی کاک ئاریێز و ڕۆژنامەی چاودێر دەکەم. بەڵام بەو هۆیانە خوارەوە پێم باشبوو هەموو وەڵامەکان یەکجێ بڵاو بکەمەوە.

من لەو ئاستەنگانە کە لەبەردەم گۆڤار ورۆژنامەکاندا هەن ئاگادارم، لەوانەیە ڕۆژنامەی چاودێر هەم لە رووی قەبارە و هەم لە رووی ناوەرۆکی وتووێژەکەوە بەتەواوی دەستی ئاوەڵا نەبووبێت کە هەمووی بڵاو بکاتەوە.

وەک هەموان ئاگادارن بڕیارە نزیک بە دووحەوتووی دیکە کونگرەکە بەڕێوە بچێت. بۆیە پێم باش بوو پێش بەستنی کونگرە هەموو بابەتەکە بڵاو بکرێتەوە.
خۆ ئەگەر بابەتەکە لەو کتێبەشدا کە بڕیارە بڵاو بکریتەوە هەم بەم زوانە نابێت هەم هەموو کەسیش دەستیان بەو کتێبە ڕاناگات.

(عەلی میهرپەروەر)

**پرسیار:** کونگرەی نەتەوەیی دەتوانێت داهاتوویەک بۆ کورد چی بکات، بۆ نموونە دەتوانێت بڕیار لەسەر دروستبوونی کیان یان دەولەتێکی کوردی بدات؟

**وەڵام:** ئەگەر بە مانای راستەقینەکەی لە کونگرەی نەتەوەیی بڕوانین پێویست دەکات کونگرەی نەتەوەیی بەرزترین دامەزراوەی سیاسی بێت لە ئاستی کوردستاندا کە بتوانێت زەمینە و بەستێنی پێویست و هەروەها هاوئاهەنگی تەواو بۆ

بڕیاردان لە سەر چارەنووسی کورد بە گشتیی و هەرکام لە پارچەکانی کوردستان بەتایبەتی ئامادەبکات. بەڵام ئایا ئەو کونگرەیە کە بڕیارە پێک بێت خاوەن وەها پێگەیەک دەبێت؟ بەکردەوە دەسەڵاتی لە چوار چێوەی ئەو سنوورەدا کە بۆی دیاری دەکرێت بەرزتر لە دەسەڵاتی پارتە سەرەکیە پێکهێنەرەکانی دەبێت؟ پابەند بوونی پارتە بەشدار بوەکان بە بەرێوەبردنی بڕیارەکانی کونگرە ئەگەر تەنانەت لەگەڵ سیاسەتی پارتەکەش هاوئاهەنگ نەبێت تاچ ئاستێک دەبێت؟ ئەگەر پارت یان پارتگەلێک لە بەرانبەر بڕیارەکانی کونگرەدا ملیان بادا چ میکانیزمێک بۆ ملکەچ کردنیان لە ئارادا دەبێت. بە کورتی وەڵامی پرسیارەکەت دەگەرێتەوە بۆ دەسەڵاتی بەکردەوەی کونگرەکە و لەبەرچاو گرتنی هەمووکۆسپەکانی بەردەمی.

**پرسیار**: ئەگەر پێتوابێت ئەمە لە ئیستادا کارێکی قورسە، ئایا دەتوانێت هێزێکی سەربازی دروستبکات بۆ رووبەروو بوونەوەی مەترسیەکان کە لەسەر کورد هەن؟

**وەڵام**: بمانهەوێت و نەمانهەوێت کۆڵەکەی سەرەکی و هێزی بزوێنەری ئەو کونگرەیە پارتە سیاسیەکانی هەر چوار پارچەی کوردستانن. تاچە رادەیەک پارتەکان ئامادەدەبن لە دەسەڵات و بەرژەوەندی تایبەت بە خۆ یان بەقازانجی بەرژەوەندی گشتیی و نەتەوەیی کەم بکەنەوە و ملکەچی فیدرالیسمێکی راستەقینە لە کونگرەدابن. هەر وەها بە پێی ئەو پێشمەرجانە کە کونگرە دەتوانی بە گوێرەی پێویست و سیاسەتێکی نەتەوەیی پلان بە بردنە پێشی بەرنامەکانی خۆی دابنێت. بۆ نموونە ئەگەر پێویست بکات هێزێکی سەربازی ئامادە وتەیاری هاوبەش بۆ برگری لە بەرژەوەندی کورد پێک بێنێت. لەئیستادا پێشبینی وەها بارودۆخێکی لەو چەشنە ئەستەمە.

**پرسیار**: بۆ چوونێک هەیە دەڵێت بەبێ دروستکردنی ناسیونالیزمی کوردی، کونگرە چ مانایەکی هەیە؟

**وەڵام**: من وابیر ناکەمەوە بەڵکوو پێم وایە ئەگەر کونگرە لە سەر بناخەیەکی پتەو وقورس و قایم دابمەزرێت ئەوە بۆ خۆی دەتوانێت لە بەرز کردنەوەی هەستی ناسیۆنالیستی کوردیدا کاریگەری هەبێت. ئەو دوانە دەتوانن تەواوکەری یەکتر بن و کاریگەریان لە سەر یەکتر هەبێت. نابێت بە بیانووی ئەوەی کە گوایە هێشتا ناسیۆ نالیزمی کوردی دروست نەبوە واز لە پێکهێانی کونگرەی نەتەوەییەکی راستەقینە بێنین.

**پرسیار**: تێروانینی ئێوە چیە لەسەر کونگرە و پێتانوایە ئەگەر سەرکەوتوو بێت ئەبێ چبکات؟

**وەڵام**: لە پێشدا دەبێ بزانین مەبەست لە سەرکەوتن چیە، ئایا خودی پێکهاتنی کونگرە سەرکەوتنە، یان بە سەرکەوتن دادەنرێت؟ دەکرێت بڵێین سەرکەوتنە لە هەڵگرتنی هەنگاوێکی هاوبەش لە راستای ئامانجی هابەشی کورددا. بەڵام سەرکەوتنی راستەقینەی کونگرە ئەو کاتەیە کە تاچ رادەیەک دەتوانیت ئامانجە دەست نیشانکراوەکانی بە دەست بێنێت. گەورەترین ئەرکی کونگرە پاراستنی هاوئاهەنگی و تەبایی لە نێو پێکهێنەران وکۆڵەکەسەرەکیەکانی کونگرەدایە.

**پرسیار**: قسە لەوە دەکرێت ئێوە هەست بە مەترسیەکی گەورەدەکەن وەکوو لایەنەکانی رۆژهەلات لەم کونگرەدا، کە داوای کۆتایی هێنان بە خەباتی چەکداری نکرێت لێتان؟

**وەڵام**: کۆتایی هێنان بەخەباتی چەکداری بە چ مەبەستێک، ئایا هۆکاری ئەوەی کە ئەگەر کورد لە رۆژهەلاتی کوردستاندا تائیستا بە ئامانجەکانی خۆی نەگەیشتوە دەگەرێتەوە بۆ ناکارایی خەباتی چەکداریی هێزە سیاسیەکانی بەشدار لە بزوووتنەوەی کورد لەو بەشەدا؟ ئایا ئەو هۆکارانە کە کوردی ناچار کرد دەست بۆ چەک بەرێت، لە ئارادا نەماوە؟ ئایا سیاسەتی سەرکوتی سەربازی لە لایەن رێژیمی زاڵ بە سەر رۆژهەلاتی کوردستاندا وازی لێ هێنراوە و وەلای ناوە یان خستوویەتە ژێر پرسیار و رێگەچارەی ناسەربازی و ئاشتیخوازانەی هەڵبژاردوە؟ ئایا ئەوە گوشارو داخوازی ژێر بەژێری کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کونگرەیەک کە هێشتا پێکنەهاتوە بۆسەر هێزە سیاسیەکانی رۆژهەلاتی کوردستان نیە؟[کە ئەگەری زاڵە] ئەوەی کە ئێوە لە پرسیارەکەتاندا ئاماژە بەوە دەکەن کە هێزە سیاسیەکانی رۆژهەلاتی کوردستان هەست بە مەترسیەکی گەورە دەکەن، ئەوە دەگەیەنیت کە گوشارێک لە دەرەوەی ئیرادە و ویستی هێزە سیاسیەکانی رۆژهەلاتی کوردستان لە ئارادایە بۆ ناچار کردنیان بە وازهێنان لە خەباتی چەکداریی لە رێی کونگرەی نەتەوەیەوە. ئەگەر یەکەم هەنگاوی کونگرە یان یەکێک لە ئامانجەکانی پێکهێنانی کونگرە ئەو ئەرکە بێت، من پیم وایە کونگرە لە یەکەم هەنگاویدا لەجیاتی هەوڵدان بۆ دابینکردنی ئامانجەکانی گەلی کورد بەداخەوە چاوی لە داخوازەکانی دوژمنانی کوردە.[ هیوادارم ئەو بۆ چوونەی من بە راست نەگەرێت] ولەوەها حاڵەتێکدا نەبوونی کونگرەکە قازانجی پترە لە بوونی.

بەڵام ئەگەر روون بێتەوە کە خەباتی چەکداری هۆکارێکە بۆ وەدواکەوتنی دابین بوونی ئامانجەکانی کورد یان خەباتی چەکداریی دژی بەرژەوەندی کوردە لە وەها حاڵەتێکدا راگرتنی کارێکی شیاوە. خەباتی چەکداریی ئەگەر بەلاوازی بەرێوە بچێت و تەنها ببێتە بیانوو یان رەواییدان بە سەرکوتی رێژیمەکانی زاڵ بە سەر کورستاندا نەکردنی باشترە بەڵام ئەگەر هێز یان هێزگەلێکی چەکدار کێشەی قووڵ بۆ دوژمنانی کورد و بۆ دیکتاتۆرەکان ساز بکەن و ناچاریان بکەن مل بۆ داخوازەکانی کورد رابکێشن نەک خراپ نیە بەڵکوو باشیشە.

**پرسیار**: کۆماری ئیسلامی ئێران یەکێکە لەو وڵاتانەی میوانداری دەکرێت بۆ کونگرە، هەڵوێستی ئێوە چییە؟ ئەم میوانداریە چۆن تێدەگەن؟

**وەڵام**: ئەگەر ئامادەبوونی ڕیژیمی کۆماری ئیسلامی لە کونگرەدا بۆ ئەوەیە کە ڕیژیمیش وەک لایەنیک لە کێشەی کورد خوازیاری گۆڕینەوەی بیروراییێت بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوا پێویستە بە ئەرێنی چاو لە ئامادەبوونی ڕیژیم لە کونگرەدا بکریت [هەر چەند ئەو ئەگەرە زۆر کەمە] بەڵام ئەگەر ئامادە بوونی ئێران بۆ ئەوەیە هەر وەک لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا ئاماژەی پێ کرا، بۆ ئەوەی دەسکەوتی خۆی لەو کونگرەدا بە دەست بێنێت بەو مانایە کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بێ هیچ دەسکەوتێک ناچار بکرێن کە بە قازانجی کۆماری ئیسلامی واز لە خەباتی چەکداری بێنن، یان بە واتایەکی دیکە کونگرە هەر لە سەرەتای چاو هەڵهێنانیەوە یەکەم هەنگاوی لە بەرژەوەندیی ڕیژیمەکانی زاڵ بە سەر کوردستاندا بیت، پیکنەهاتنی زۆر باشتر لە پێکهاتنیەتی.

**پرسیار**: بۆچوونێک هەبوو کە پێیوابوو سێ کۆمەڵە - دوو دیموکرات لە رابردوودا هێندە کێشەیان هەبوو چاوەروان نە دەکرا وا بەئاسانی یەکبگرن، هۆکارەکانی ئەو هاوکاریانە چی بوو؟

**وەڵام**: پێشتر کە باس لە حیزبەسەرەکیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرا دەوترا دیموکرات وکۆمەڵە، ئیستا دەڵێن دیموکراتەکان و کۆمەڵەکان، ئەو دابڕانانە بە بی گەرانەوە بۆسەرچاوە و هۆکاری ڕەوایی یان نارەوایەکانیان هەر کام لەو بەشانە لەگەل یەکتر کۆمەڵێک کێشەیان هەبوە وزیانێکی گەورەیان بە بزووتنەوەی کورد گەیاند. ئیستا کە بە خۆشیەوە هەموویان وادیارە لەو کونگرەیەکدا کە بریارە پێک بێت بەشدار وخاوەن بەشن . بەڵام بەداخەوە ئەوان یەکیان نەگرتوەتەوە بەو مانایە کە بوو بێتنەوە بە دیموکرات و کۆمەڵەکانی جاران بەڵکوو هەر کامیان بە بەشدار بوون لەو کونگرەدا باڵایان بە باڵای یەکتر گرتوە. بە واتایەکی دیکە ئەوان لەو کونگرەدا لە تەنیشت یەکتر دادەنیشن کە لە خۆیدا باشە و بەڵکوو کونگرە ببیتە چەتریک بۆ هاوکاری هاوبەشی ئەوانە لەگەل یەکتر هەرچەند من پیّم وایە لەوانەشە پرۆسەی یەکگرتنی ئەو بەشانە لەگەل یەکتریش وەدوا بخات یان پرۆسەکە لە نێو بەرێت. خۆزیا مەرجی ئەندامەتی لە کونگرەدا بۆ ئەو حیزبانە کە لێکدابڕاون ئەوە بوایەت کە پێش هاتنە نێو کونگرە یەکیان بگرتایەت، بەڵام بەداخەوە بە خۆزگەی من نیە.

**پرسیار**: هەست ناکەن هێزەکانی ڕۆژهەڵات لە ژێر سایەی کونگریەکدان کە سێ پارچەکەی تری کوردستان ( باکوور، باشوور، ڕۆژئاوا) یەکیەتی و پارتی و PKK، بەڵام ئێوە لایەنەکان هێزێکی واتان نیە؟

_**وەڵام**: من پێم وایە فەلسەفەی پێکهاتنی کونگرەی نەتەوەیی پێویستە ئەوە بێت کە بە سەر یەکخستنی هەموو هێزە پرش وبڵاوەکانی کوردستان لەو دامەزراوەیەدا هێزێکی گەورە تر پێ بێت کە ئەو هێزە یەکگرتوە لە خزمەت بەرژەوەندی گشتیی کوردا بێت. ئەوەی کە ئیستا بە رواڵەت هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەی " بالفعل" توانایەکی کەمتریان بە هەڵسەنگاندن لەگەل پارچەکانی دیکەی کوردستان هەیە، دەگەریتەوە بۆ ئەو هەل ومەرجانە کە لە پارچەکانی کوردستاندا لە ئارادا بوون. لە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ی زایینی [١٣٥٧]ی هەتاویی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چاو هێزەسیاسیەکانی پارچەکانی دیکە لە بارو دۆخێکی یەکجار لەباردا بوون. پارسەنگی دەسەڵات و هێز بە گۆڕانی بارودۆخی سیاسی لە باشوور، باکوور و ڕۆژئاوا دا ئەوانیش گۆڕانیان بە سەردا دێت. ئەگەر لە دەرەوەی کونگرە ئەو ناهاوسەنگیە لە بەر چاو بگیریت، پێم وانیە باش بێت کە لە نێو خۆ و چوار چێوەی کونگرەدا باس لە باڵادەستی و بندەستی بکرێت. بەڵکوو شایستەیە کە هەرکام لەو هێزانە بە کەسایەتیەکی سەربەخۆ و مافی یەکسانەوە نەخشی خۆیان لە کونگرەدا بەرێوەبەرن. هێزی شاراوە "بالقوە" هێزەکانئ ڕۆژهەڵاتی کوردستان هیچ دەستکەمێکی لە وانی دیکە نیە. کونگرە پێویستە بنکەیەک بێت بۆ سوود وەرگرتن لە هێزی نەتەوەیی کورد بەگشتیی نەک جیاوازی دانان و لە بەرانبەر یەکتر داناندا.

**پرسیار**: ئەگەر یەکێک لە پەیامەکانی کونگرە داوای ئاشتی بکات لەگەل ئێران، ئێوە ئامادەن؟

**وەڵام**: من پێم وایە کە کونگرە پێویستە پەیامی ئاشتیی هەبێت و داوای ئاشتیی بکات. ئەگەر کونگرە لە پێگە وبارودۆخێکدا بێت کە بتوانێت ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دابین بکات و کۆماری ئیسلامیش بە راستیی ئامادەی چارەسەر کردنی کێشەی کورد لەو بەشە لە کوردستاندا بێت، ئەوا پێویستە هەموو لایەک پێشوازی لێ بکەن. بەڵام ئەگەر یەک لایەنە و بە تەنی رووی لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێت، من وەک خۆ، ئەوە بەمانای پەیامی ئاشتی نابینم بەڵکوو بە پەیامی خۆ بەدەستەوە دان و تەسلیم بوونی دەزانم. ئاشتی بە یەک لایەن ناکریت و پێویستی بە ئامادەبوونی دوولایەنی کێشەکە هەیە. بەڵام ئامادەبوونی کۆماری ئیسلامی بۆ ئاشتی راستەقینە و چارەسەری پرسی کورد لەو هەلومەرجەدا یەکجار زۆر بە دوور دەزانم.

**پرسیار**: پێتانوایە کونگرە دەتوانێت چی بکات بۆ داهاتووی کوردستان و بەتایبەتی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟

**وەڵام**: کونگرە ئەگەر کونگرەیەکی راستەقینە بێت و سوود لە هێز وتوانا و فاکتەرەکان لە راستای ستراتیژی تەوافوق لە سەر کراودا وەر بگرێت، سەرکەوتنی کونگرە یان کورد لە هەر پار چەیەکی ئەو کوردستانەدا بە قازانجی کوردی

پارچەکانی دیکەشە و دەبێتە هێزێکی یارمەتیدەر بۆ وەدیهاتنی ئامانجەکانیان. بە درێژایی مێژوو و ئیستاشی لە گەل بێت دوژمنی سەرەکی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، دووبەرەکی و ئاژاوەی نێو خۆیی کورد بوە. دوژمنەکانیش هەمووکات سوودیان لە و ناکۆکیانە بە قازانجی خۆیان وەر گرتوە. جا ئەگەر کونگرەی نەتەوەیی بتوانێت ببیت بە چەترێک بۆ ئەوەی کوردەکان لە سەر ئاماجە هاوبەشەکان یەک بخات و ناکۆکی لە نێویاندا نەهێڵێت گەورەترین دەسکەوتی دەبێت و کورد لەسەر کەوتنی نیهایی نزیک دەکاتەوە.

**پرسیار**: پارتی دەڵێت لە حەفتاکانەوە خەریکی کونگرەی نەتەوەیین، یەکیەتی و دیموکرات دەڵێن لە هەشتاکانەوە خەریکین، PKK ش دەڵێت لە دەیەی نەوەدەکانەوە خەریکی کونگرەین، ئەگەر هەموو ئەم هێزانە وا پەرۆشی کونگرەن، بۆ چی تووشی دەیان شەڕی ناو خۆ و کێشە و گرفت بوون؟

**وەڵام**: هەر وەک لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا ئاماژەم پێ کرد بەڵای سەرەکی کورد دووبەرەکی و لەوەش خراپتر شەڕی نێو خۆیی کورد بوە بۆیە هەر کام لە حیزبەسیاسیەکانی کورد بە هەست کردن بە بەرپرسایەتی نەتەوەیی لە قۆناخێکدا خوازیاری کۆبوونەوەی هێزەسیاسیەکانی کوردی پارچەکانی کوردستان لە ژێر چەتری دامەزراوەیەکی سیاسیدا بوون، جا بەهەر ناوێک بووبێت. هەر کامەش لەو حیزبانە کە ئێوە باستان کردوون و بە حیزبی دیموکراتیشەوە بەتایبەت ئەو کاتەی دوکتور قاسملوو ڕێبەری ئەو حزبەی بەدەستەوە بوو، بانگەوازیان بۆ پێکهێنانی وەها دامەزراوەیەک کردوە. بەڵام بە داخەوە بە هۆی جۆراوجۆر و هەلومەرجی تایبەتی لەو بوارەدا سەرکەوتنێکی ئەوتۆ بەدەست نەهات. ئیستا کە وادیارە دەرەتانێکی لەبار هاتبێتە پێش دەبێت بە گەشبینیەوە چاوی لێ بکرێت و هەوڵ بدرێت کە ئەو کونگرەیە لە سەر بنەمای سەربەخۆیی بڕیاردان و میکانیزمێکی گونجاو بە جۆرێک کە بتوانێت وەڵامدەری پێویستیەکانی ئیستای کورد بێت، پێک بێت.

**پرسیار**: کونگرەی نەتەوەیی لە کورتترین مانادا (هاوهەڵوێستی نیشتمان - نەتەوەیی - گوتاری یەکگرتوویی کوردە)، بەڵام لە ناو هێزە کوردیەکاندا ئەم پرینسیپانە نابینرێت، کە واتە هەر هەمووی بانگەشەیە بۆ چی، بە ناوی کونگرەی نەتەوەییەوە؟

**وەڵام**: هەر وەک لە وەڵامی پرسیاری سیهەمدا بە کورتی ئاماژەم پێکرد، نابێت چاوەروان بکرێ کە ئەو پرنسیپانە کە ئێوە ئاماژەتان پێکردوون، لە پێشدا هەموویان مسۆگەر ببن و ئەگەر وەها پرنسیپگەلێک بە دی نەهاتبوون واز لە کونگرەی نەتەوەیی بهێنرێت. بەڵکوو من پێم وایە کە ئەگەر کونگرەی نەتەوەیی پێک بێت دەتوانرێت یارمەتیدەر بێت بۆ جێ کەوتنی ئەو پرنسیپانە. بە کورتی کونگرەی نەتەوەیی و پرنسیپەکان تەواوکەری یەکترن.

**پرسیار**: کونگرە باس لە ئاشتی دەکات بەڵام باشوور بە خەباتی چەکداری مافەکانی خەڵک بە دەستهاتوون، لە باکوور ئەگەر شتێک کرابێت خەباتی چەکداری کردوویەتی، بۆ چی ئیستا بۆ رۆژهەڵات - باکوور داوای ئاشتی دەکرێت، لە کاتێکدا نە ئێران و نە تورکیا ئامادەنین ئاشتی بکەن، بگرە چەندین سەرکردەیان لە پێناو ئاشتی شەهید بوون؟

**وەڵام**: بەراستی من لەوە تێ ناگەم بۆ چی وڵاتگەلێک کە دەرەتانی هیچ چەشنە خەباتێکی ئاشتیخوازانە بە گەلانی بندەست وخەڵکی وڵاتەکەیان نادەن و داوا ئاشتیخوازانەکانیان بە گولله وەڵام دەدەنەوە و کاتیک ئەو گەلانە بۆ بەرگری و دیفاع لە خۆ ناچار دەبن دەست بۆ چەک بەرن، یان لە راستیدا شەریان بەسەردا دەسەپێت و بەناچاری شەری چەکداری بەرۆکیان پێ دەگرێت، ئەو کات لە جیاتی مەحکووم کردنی سیاسەتی سەرکوتکەرانەی ئەو ریژیمانە، بزووتنەوە چەکداریەکان لۆمە دەکرێن. وسەرنەکەوتنەکان دەخەنە ئەستۆی شەڕی چەکداری. ئێمە نموونەی ئەو هێزانەمان لەبەر چاوە کە شەری چەکداریان رەد دەکردەوە و تەنانەت بە شێوەی جۆراوجۆریش یارمەتیدەربوون بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران بەڵام بە هۆی ئەوەی جیاوازی بیروڕایان لەگەل ریژیم بوو، لە هێزە چەکدارەکان خراپتر سەرکوت کران.

بەکورتی ئاشتی بە یەک لایەن ناکرێت، بە داخەوە ریژیمەکانی حاکم بە سەر کوردستاندا ئاشتیان ناویت بەڵکوو خۆ بە دەستەوەدانیان دەوێت و هیچیتر.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - رێکەوتی: ٢٨ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## باباعەلی مێهرپەروەر: دەسکەوتەکانی خەباتی چەکداری بەستراوەتەوە بەو تێچوویە کە حیزب لەو بوارەدا دەیدا

خەباتی چەکداری لە کوردستانی خۆرهەڵات لە ئارا دایە، شەڕ لە چەندین ناوچەی وەک شنۆ، ڕەبەت، مهاباد، پاوە، بانە و مەریوان و سەقز کراوە، ڕژێم گورزێکی گەورەی لێکەوتووە و دەگوترێ زیاتر لە ١٧٠ کوژراو و برینداری هەیە، لە لایەکی تریشەوە بەشێک لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی و سەرجەم ڕیفۆرمخوازەکانی ناوخۆ و میدیای فارس و ئۆپۆزیسیۆنی فارس  بە گشتی دژ بە خەباتی چەکداری دەدوێن و بە کاولکاریی ماڵی خەڵک و ڕژانی خوێنی دەزانن و دەڵێن دەستکەوتی نابێ.

بۆ تاووتوێ کردنی ئەو باسە، وتووێژێکمان لەگەڵ ڕێزدار باباعەلی میهرپەروەر، سیاسەتوانی ناسراوی کورد، ئەنجام داوە کە لێرەدا دەخرێتە ڕوو.

**ڕۆژی کورد:** حدکا لە دووساڵی ڕابردووە سیاسەتێکی نوێی گەڵاڵە کردووە، کاراکتێرە سیاسیەکانی ئەو حیزبە ڕایانگەیاندووە پشتگیری خەباتی مەدەنی دەکەن و هاوسەنگەری شەقامیان لە بەرانبەر پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە خۆرهەڵاتی کوردستان بە تەنیا ناهێڵنەوە و بۆ ئەم مەبەستەش جووڵەیان بەهێزی پێشمەرگەیان کردووە، بەچەشنێک وەک ڕاگەیەنە گشتیەکان باس دەکەن چالاکیە سیاسی-تەشکیلاتیەکانی ئەو حیزبە لە ئاستێکی بەریندا لە ناوخۆی خۆرهەڵاتی کوردستان درێژەی هەیە و ئەمەش دژکردەوەی هێزە ئەمنیەتی و نیزامیەکانی دەسەڵاتی ئێرانی بەشوێنەوە بووە. بەگشتی ڕوانینتان لەو بوارەوە چیە؟

**میهرپەروەر:** هەر حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی مافی خۆیەتی کە بە هەڵسەنگاندن و تاووتوێکردنی هەلومەرج وبارودۆخی ناوچەی تێکۆشانی خۆی بەرنامەی تایبەت دابنێت و بەڕێوەی بەرێت. کۆماری ئیسلامی هیچکات ئامادە نەبووە ڕێگە بە چالاکی ئاشکرای سیاسی بە حیزبە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدات. تەنانەت مەیدانی تێکۆشان و چالاکی ڕێکخراوە مەدەنیەکانیشی لە نێوخۆی وڵات بەرتەسک کردۆتەوە و بەبیانووی جۆراوجۆر کۆسپ و تەگەرە دەخاتە بەردەمیان و زۆر لە چالاکوانەکانیش ڕەوانەی بەندیخانە دەکا. کاتێک ڕژێم چالاکی ڕێکخراوە مەدەنیەکان تەحەمول نەکات، بێگومان لە

بەرانبەر چالاکی سیاسیی پێشمەرگەکانی حیزب لە نێو خۆی وڵات هەرچەند بەرنامەی شەڕی چەکداریشیان نەبێت کە دیارە نیشیانە، تەحەمول ناکات و هێرش دەکاتە سەریان. وەک ئەو نموونانەی کە لە چەند ڕۆژی رابردوودا روویاندا. بە بڕوای من تێکۆشان لە نێوخۆی وڵات بەشێوەی بەرگریی چەکدارانە چ حیزب بیهەوێ یان نەیهەوێ شەڕی لێدەکەوێتەوە. ئایا حیزب ئامادەیە بۆ شەڕی چەکداری لەگەڵ ڕژیم لەهەلومەرجی ئیستادا هەیە یان نا، پرسیارێکە کە دەبێت حیزب وڵامی بداتەوە.

**ڕۆژی کورد**: پێویست بوونی بەرگریی چەکداری هەنووکەیی لە خۆرهەڵاتی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**میهرپەروەر**: حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەڵێ مادام کۆماری ئیسلامی ڕێگە بەچالاکی سیاسی و مەدەنی هەڵسووڕاوانی ئەو حیزبە بەشێوەی ئاشکرا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نادات، ناچارین بۆ بەرگری لەخۆ بەشێوەی چەکداری چالاکی بنوێنین بەڵام هەروەک لە وڵامی پرسیاری یەکەمدا باسم کرد ئەو جەولە چەکدارانە دەرگیری سەربازی لێدەکەوێتەوە. هەڵسەنگاندنەکانی حیزب لەو بوارەدا چەند ورد و واقعبینانە بووە، چەندە بەستێنی وەها چالاکیەکیان ڕەخساندوە، بێگومان کاریگەری لەسەر ئاکام و دەرئەنجامی ئەو جموجۆڵانە دا دەنێت.

**ڕۆژی کورد**: هۆکار، بەستێن ودەسکەوتەکانی شێوازی بەرگریی چەکدارانە دەتوانێت چی بێت؟

**میهرپەروەر**: زۆر جار و لەلایەن زۆر کەسەوە لەجیاتی دەستەواژەی بەرگریی چەکدارانە، دەستەواژەی شەڕی چەکداری بەکار دەبرێت. ئەوەی کە لە ئیستادا لە نێوخۆی وڵات لە ئارادایە، شەڕی چەکداری نیە، هەرچەند ڕژیم حیسابی شەڕی چەکداری بۆ دەکات و هەر بەو بیانوویەشەیە کە هەوڵدەدا بەتوندترین شێوە لەگەڵ ئێمە تەشکیلاتییەکان بەرەو بێتەوە کە هەم تێچووی مرۆیی بۆ حیزب قورس بکات و هەم خەڵکەکەش چاوترسێن و تێچووی هاوکاریان لەگەڵ پێشمەرگەکان سەنگینتر بکات. هۆکاری سەرەکی بڕیاری حیزب لەو بوارەدا ڕزگار بوون لە چەقبەستوویی کەمپ نشینی و چالاک بوون لە نێوخۆی وڵات و لە نێو جەرگەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. بە بڕوای من دەسکەوتەکانی بەستراوەتەوە بەو تێچوویە کە حیزب لەو بوارەدا دەیدا. ئەگەر حیزب نایهەوێ یان ئامادەیی بۆ شەڕی چەکداری نیە، نابێت بەرنامەش بۆ بەرگریی چەکداری دابنێت، کاتێک دەڵێین بەرگری واتا بە مانای توانای بەرگریشە چوونکوو وەک فارسان دەڵێن: "شتر سواری دولادولا ندارد" ئەگەر حیزبیش نەیهەوێت ڕژیم شەڕی بەسەردا دەسەپێنێت، کەوابوو بۆ ئەو حاڵەتە دەبێت لە هەموو بوارێکەوە ئامادەیی هەبێت چ سیاسی، چ لوجستیکی و چ هەماهەنگی لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و...هتد.

**ڕۆژی کورد**: ئاوێتەکردنەوەی بەرگریی چەکداری و خەباتی مەدەنی ئاراستە کردەیەکانی چۆن پێناسە دەکەن؟

**میهرپەروەر**: ئەگەر بارودۆخ بۆ خەباتی مەدەنی گونجاو بێت چ باشتر کە بەو شێوەیە خەباتە پەرە بدرێت. لەڕاستیدا چالاکیی بەرگری چەکدارانە لە ڕوانگەی ئەو ڕێکخراوانە کە وەها بەرنامەیەک بەڕێوە دەبەن، وڵامێکە بۆ بەڕێوە نەچوونی خەباتی مەدەنی یان پشتیوانێکە بۆ خەباتی مەدەنی.

**ڕۆژی کورد**: شێوازی بەرگریی چەکداری دەخوازێ هەموو لایەنە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهاوئاهەنگی یەکتر ئەرکە نیشتمانیەکانیان بەڕێوە بەرن، پێتان وایە ئەقلیەتی کردەیی بۆ بەڕێوەچوونی ئەرکێکی شیاو چەندە ئیمکانی کرداری هەیە؟

**میهرپەروەر**: بە بڕوای من ئەگەر ڕێکخراوە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بیانتوانیبایە خۆیان لە چنگ ئەو پرشوبڵاوی و پەرتەوازەییە ڕزگار بکردایە چ بە یەکگرتنەوە لە یەک دوو حیزبدا چ بە پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو، دەیتوانی کاریگەرییەکی ئەرێنی یەکجار گەورەی لەسەر ورەی خۆڕاگری و بەرنگار بوونەوەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاست ڕژیمی دژ بە کوردی کۆماری ئیسلامی، دانابایە. ئێستا گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕاستیدا لەو هەموو پرشوبڵاوی و پەرتەوازەییە تووڕە و بێزارن و دیارە ڕژیمیش ئەو پەڕی سوود لەو بارودۆخە وەردەگرێت و هەموو هەوڵی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی کەلێنی نێوان هێزە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرینتر بکاتەوە. مخابن بەستێنەش لەوبارەوە پتر ئامادەیە. گومانی تێدا نیە کە ئاستی هاوئاهەنگیش بەهۆی ئەو بارودۆخە بەداخەوە نزم و بەڕادەی پێویست نیە. دەرەنجامی وەها حاڵەتێکیش زیان بە تێکۆشان لە نێوخۆی وڵات دەگەیەنێت. بۆیە ناچارین بڵێین کە بەڕێوەچوونی ئەرکێکی شیاوی نیشتمانی بە هاوئاهەنگی لەگەڵ یەکتر ئەگەر نەڵێین مەحاڵە دەبێ بڵێین لە ئاستێکی زۆر نزمدایە و ئەوە دەردێکی کوشەندەیە.

**ڕۆژی کورد**: هێزە نیشتمانیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هاوئاهەنگێکی شیاودا کە ئاماژەمان پێکرد دەتوانن ئەو ئەزموونە بۆ دواڕۆژی دەسەڵاتی سیاسیش بەکار بێنن؟

**میهرپەروەر**: بێگومان هاوئاهەنگی و تەبایی هەوێنی هەر سەرکەوتنێکە چ لە ئێستا و چ لە داهاتوو و دواڕۆژدا. سەرچاوەی هەماهەنگیش هەست کردن بە بەرپرسایەتی و لە ئەولەویەت دانانی بەرژەوەندیی نەتەوەیی لە سەرەوەی بەرژەوەندیی تەسکی حیزبی و کەسییە. بوونی هەماهەنگی بەمانای یەکگرتنەوە و وەسەر یەک خستنی حیزبەکان لەیەک

یان دووحیزبدا نیە، بەڵکوو وەسەر یەک خستنی ئامانجەکان، تاکتیکە ستراتیژیەکان، جیا کردنەوەی حیسابی ململانێی حیزبی و لە ئەولەویەت دانانی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانە. پلۆرالیسمی سیاسی و ململانێی حیزبی دەبێت لە خزمەت بەرژەوەندیی گشتیی و بۆ بەرەو پێشبردنی ئامانجەکانی گەل بێت. ئەگەر بەڕاستی و دوور لە درووشم، ڕێکخراوە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مانای ڕاستەقینە دیموکرات بوایەتن و ڕێزیان لە خەبات و تێکۆشانی بەرانبەریان بگرتایە و وەک تەواوکەری خەباتی یەکتر چاویان لێبکردایە، ئەوکات ئەو ئەقلیەتە دەیتوانی ببێتە مایەی سەرکەوتنی یەک لە دوای یەک. بەڵام دەبێت بۆ وەها بارودۆخێک ئاوات بخوازین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد - ڕێکەوتی: ٢ی جوولای ٢٠١٦

## ئەسپی تیروای عیبادی لە مەخموور

دوێنێ لە تیلویزیۆنی K24 راپۆرتێکم لە سەر هاتنی هێزێکی پۆشتەو پەرداخی سوپای عێراق بۆ مەخموور، گوایە بۆ ئامادەکاری هێرش بۆ سەر مووسڵ و ئازادکردنی، بینی. کەوتمە بیری چیرۆک و ئەفسانەی ئەسپی تیروا( دەڵێن یۆنانیەکان کاتی خۆی بۆ ماوەی ١٠ساڵ شاری تیروایان گەمارۆ دابوو بەڵام نەیانتوانیبوو شارەکە بگرن. هەر بۆیە هاتن ئەسپێکی دارینی زۆر گەورەیان ساز کرد و ژمارەیەک لە سەربازە بە ئەزموون و چالاکەکانی خۆیان خستە نێوی و بەرواڵەت دەستیان لە گەمارۆی شارەکە هەڵگرت و کشانەوە و لە مەیدانی شەڕەکەدا ئەسپە دارینەکەیان بەجێهێشت. خەڵکی شارەکە پیان وابوو لە گەمارۆی ١٠ساڵەی یۆنانیەکان رزگاریان بوە بەبێ گوێدان بە هۆشداری هەندێک لە زانایانی خۆیان کە وتبوویان ئەوە فێڵە و تاکتیکی یۆنانیەکانە، ئەسپەکەیان بردە نێو شار و لەمەیدانی شارەکەدا رایان گرت. لەنیوەی شەودا سەربازەکان لەزگی ئەسپە دارینەکە هاتنە دەر و توانیان دەروازەی شارەکە بە رووی سوپای یۆنان کە لە تاریکی شەودا دووبارە گەرابوونەوە، بکەنەوە و بەو شێوەیە هێزەکانی یۆنان شاری تیروایان داگیر کرد و لە شەڕەکەدا سەرکەوتن)

ئێستاش من هەرچی لە رەفتاری دەوڵەتی بەغدا و سیاسەتی عیبادی [ کە بە زۆری لەلایەن ئێرانەوە بۆی دادەنرێت] تێدەفکرم بۆم ناچێتەوە سەریەک کە نیەتیکی خێری لە ناردنی ئەو هێزەدا هەبێت و بەئەسپێکی تیروای دیکەی دەزانم، جا بیانووەکە هەرچی بێت. عیبادی هێشتا نەیتوانیوە رومادی و دەوروبەری بەتەواوی کونترول بکاتەوە و شاری فلووجە رزگار بکات. بائەو هێزەی لەو بارودۆخەدا بۆ ئازادکردنی فلووجە بناردایەت. چۆنە لە حاڵێکدا پێشمەرگەی کوردستان بەلێهاتوویی و فیداکاری توانیویە بەرادەیەکی بەرچاو داعەش لە سنووری کوردستان دوور بخاتەوە و لە راستیدا لەو بەرەدا شکستی بەداعەش هێناوە، کەچی عیبادی ئامادەنیە مووچەکانیان بدات بەڵام حەشدی شەعبی [سوپای پاسدارانی دوارۆژی عێراق]ی قوت کردوەتەوە وپرچەکیان دەکات. چۆنە کە دووساڵە لە راستیدا گەمارۆی ئابووریان خستوەتە سەر هەرێمی کوردستان و مووچەی کارمەندان و بوودجەی هەرێمیان بریوە. دووساڵە پارەی گەنمی دەسترەنجی جووتیارانی کوردستانیان بە بیانووی جۆراوجۆر نەداوە. بەبیانووی پەتای ئانفلوئانزای باڵندە پێشیان بە هەناردەکردنی بەرهەمی دەواجینەکانی کوردستان بۆ خوارووی عێراق گرتوە و بەو شێوەیە نانی هەزاران کەسیان کە لەو بەشەدا بە جۆرێک لە جۆرەکان کار دەکەن بریوە و بارودۆخەکەیان بۆ هەرێمی کوردستان دژوارتر کردوە.

یەکێک لە دەسکەوتە بەنرخەکانی شەڕی داعەش، کە لە سایەی فیداکاری پێشمەرگەوە بەدەست هاتوە، رزگارکردنی

ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بوە و ڕیژیمی بەغدا بەوە نارازیە. بۆیە هەوڵدەدات هەر چۆنێک بوە ئەو دەسکەوتانەی هێزی پێشمەرگە لە نێو بەرێ. وەزعیەتی شەڕفرۆشتنی حەشدە شەعبیەکان بە کوردەکانی دووزخورماتوو هەر دۆێنی بوو هەر چەند بەرواڵەت شەڕەکە کۆتایی پێهاتوە بەلام هێشتا ئاگری ژێر خۆڵەمێشە و لەوانەیە هەر ئان وساتێک سەرهەڵبداتەوە.

بەکورتی من وای بۆ دەچم هاتنی ئەو هێزەی سوپای عێراق بە بیانووی شەڕی داعەش و گرتنەوەی مووسڵ بۆخوڵقاندنی قەیرانێکی دیکە بۆ هەرێمی کوردستان بێت بەتایبەت دوای هاتنە ئارای باسی ریفراندومی خەڵکی باشووری کوردستان لە سەر چارەنووسی خۆیان و ئاژاوەگێریە ژێربەژێریەکانی ئێران لە ناوچەکەدا ودژایەتی کردنی ئاشکرای سەربەخۆیی کوردستان.

هیوادارم بەر پرسانی هەرێمی کوردستان بە هەستیاری و بەر پرسایەتیەوە ڕێگەیان بەهاتنی ئەو هێزە پۆشتەوپەرداخەی سوپای عێراق دابێت. وترا هاتنی ئەو هێزە کاتیە، خۆ هاتنی حەشدی شەعبیش بۆ دەوروبەری دووزخورماتوو گوایە کاتی بوو. هەر وەها هیوادارم ئەو بۆچوونەی من هیچکات بەراست نەگەرێت و کوردستان بەدوور بێت لە قەیرانی نوێ.

١٢ - ٢ - ٢٠١٦

## هەڵبژاردنی بەناو سەرکۆماریی و هەڵوێستی هاوبەشی حیزبەکانی رۆژهەڵات

وابڕیارە رۆژی ٢٩ی مانگی بانەمەڕی ئەو ساڵ جارێکی دیکە شانۆی هەڵبژاردنی بەناو سەرکۆماریی لە ئێراندا بەڕێوە بچێ. لەو پەیوەندییەدا ٦حیزبی رۆژهەڵاتی کوردستان لە راگەیاندراوێکی هاوبەشدا هەڵوێستی خۆیان سەبارەت بەو بەناو هەڵبژاردنە راگەیاندووە ئەویش بایکوتکردنیەتی. چەند قسەیەک لەو پەیوەندیەدا جێی خۆیەتی.

ئەوەی کە ٦حیزبی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ یەکەمجار هەڵویستێکی هاوبەشیان سەبارەت بە پرسێکی لەو جۆرە دەبێ، بۆخۆی باشە (ناشوکری نەبێ لە حاڵەتێ پرشوبڵاویی حیزبەکانی رۆژهەڵاتدا دەبێ دڵ بە هەر چەشنە نزیکبوونەوە و کاری هاوبەش خۆش بکرێ) لەماوەی یەکساڵی رابردوودا چەند نموونەیەکی کاری هاوبەش و هەڵوێستی هاوبەشی ئەو حیزبانە بینراون، وەک بانگەوازی هاوبەشی ئەو حیزبانە بۆ رێوڕەسمەکانی جێژنی نەورۆز کە بەخۆشییەوە سەرەڕای هەڕەشە و گوڕەشەی ناوەندە سەرکوتکەرەکانی رێژیم، وەڵامێکی ئەرێنی لەلایەنی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە وەرگرت. ئایا ئەمجارەش وەڵامی ئەرێنی لەلایەن خەڵکەوە وەردەگرێ یان نا؟ ئایا ئەگەر وەڵامەکە نەرێنی بوو ئەو حیزبانە شکستیان هێناوە یان نا؟ وەڵامی ئەو پرسیارانە ناکری تەنها بە بەڵێ یان نا بێ. چونکە:

**الف:** بەبڕوای من هەڵوێست بەرانبەر ئەوجۆرە لە هەڵبژاردن کە تەنها رواڵەتی هەڵبژاردنی هەیە و بەریە لە مانای هەڵبژاردن، خۆی لە خۆیدا جودایە لەوەی کە خەڵک وەڵامی ئەرێنی یان نەرێنی بداتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو حیزبانە دەڵێن ئەوە هەڵبژاردنی راستەقینە نیە و لە هەلومەرجی ئێستا و بەو تایبەتمەندیانە کە ئەو شێوە هەڵبژاردنانە هەیانە، هەڵوێستێکی راست و دروستە. چونکە لەو جۆرە لە بەناو هەڵبژاردنانەدا دەنگدەر هیچ مافێکی دەستنیشانکردنی کاندیدی دڵخوازی خۆی نیە، لەبەر ئەوەی لەپێشدا شوورای نیگابان لەنێو پتر لە هەزار کەس کە گوایە ئازادن ناوی خۆیان وەک کاندیدی سەرکۆماری تۆمار بکەن، تەنها ناوی چەند کەسێک وەک پاڵێوراوی خاوەن سەڵاحیەت!!!! رادەگەیەنن و بەو شێوەیە خەڵکەکە لەو مافە کە بەپێی یاسا هەیانە، بێبەش دەکەن. دەکرێ بڵێین کە لە رێژیمی کۆماری ئیسلامیدا تەنها شوورای نیگابان مافی هەڵبژاردنی هەیە.

**ب:** ئایا خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان وەڵامی حیزبەکان بۆ نەچوونە سەر سندووقەکانی بەناو هەڵبژاردن دەدەنەوە یان نا؟ ئەوە راستە کە ئەگەر حیزبەکان وەڵامی دڵخوازی خۆیان وەربگرن، توانیویانە نفووز و دەستڕۆیشتوویی خۆیان هەم بە

بیروڕای گشتی و هەم بە دەسەڵاتدارانی ڕێژیم نیشان بدەن، کە لەوەها حاڵەتێکدا ڕێژیمیش حیسابێکی تایبەتییان بۆ دەکا. من بۆ خۆم هیوادارم خەڵکی ڕۆژهەڵات وەڵامی ئەرێنی بە بانگەوازی حیزبەکان بداتەوە. لەبەر ئەوەی کە خەڵکیش زۆر باش لە رواڵەتیبوونی هەڵبژاردن ئاگادارن. مەگەر کەسێک وەک ڕۆحانی کە بە کلیلی چارەسەرکردنی کێشەکانی خەڵک بۆ ماوەی چوار ساڵ خۆڵی کردە چاوی خەڵک، باشترینی ئەو کاندیدانە نیە؟ باشە کام یەک لەو بەڵێنانەی بەجێ گەیاند کە بە خەڵکی دابوو؟ ڕۆحانی تەنها یەک مەئموورییەتی لەلایەن ڕێبەری کۆماری ئیسلامیەوە پێ سپێردرابوو، ئەویش چارەسەری گەمارۆ سەپێندراوەکان بوو بەسەر ئێراندا بەهۆی بەرنامە ناوکیەکانی، دیارە بەهۆی نەرمکێشی لەرادەبەدەری ئوباما سەرکۆماری پێشووی ئەمریکا، توانی بەشێکی زۆری گەمارۆکان لە سەر وڵات لابەرێ. بەڵام نە، توانی و نە دەیویست ئەو بەڵێنانە کە بە خەڵکی وڵاتەکەی دابوو جێبەجێ بکات. کەواتە، بەراستی ئایا خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو ڕاستیانە نازانن؟ کە پێموایە لە حیزبەکان زیاترهەست بەو گاڵتەجاریە دەکەن کە ڕێژیم هەر چوارساڵ جارێک بەناوی هەڵبژاردن وەرێی دەخا.

بەڵام ئەگەر سەرەڕای ئەو ڕاستیانە بەهۆی پرۆپاگەندەکانی ڕێژیم و بەکارهێنانی تەرفەندە جۆراوجۆرەکانی بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکان و گەرمکردنی تەنووری هەڵبژاردن خەڵکی کێشایە سەر سندووقەکان، هەرچەند ئەوە جێی داخە، بەڵام شتێک لە ڕاستیەکان کەم ناکاتەوە. چونکە لەلایەک حیزبەکان نەزەر و بۆچوونی خۆیان ڕاگەیاندووە، وەک فارسان دەڵێن: "من انچە شەرط بلاغ است با تو میگویم.....".لەلایەکی دیکە بە داخەوە ئەو ئیمکان و دەرەتانە لە نێوخۆی وڵات بۆ دەربڕینی دەنگی ئازاد بوونی نیە کە حیزبەکان بتوانن بە تێکلاوبوون لەگەڵ خەڵک بیروڕا و بۆچوونی خۆیان شی بکەنەوە. گومان لەوەدا نیە کە کاریگەریی بانگەوازی هاوبەشی حیزبەکان پترە لەوەی کە هەر حیزب و ڕێکخراوێک بەجیا بۆچوون و هەڵوێستی خۆی ڕابگەیەنێ، هەرچەند وەک یەکیش بن.

ئیستا زیاتر لە هەر کات و ساتێک ئەو پرسیارە لە بەردەم حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ( بەتایبەت لە بەرانبەر دیموکراتەکان و کۆمەڵەکاندا) خۆدەنوێنێ کە ئەو پەرتەوازەییە بۆچی؟ ئێوە کە داوای یەکریزی لە خەڵک دەکەن، بۆچی واخۆتان لە یەکتر دوورە پەرێزن؟ وەک ئەوەی بەداخەوە تارمایی ناکۆکی بە سەر شیوازی بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندراوە هاوبەشە کەیشدا بەدیار دەکەوێ. ئەگەر یەکریزی و یەکهەڵویستی باشە، کە باشە، ئەو پەرتەوازەیە لە بەرچی؟ بەڕاستی ئایا دەنگی ناڕەزایەتی خەڵک بەهۆی پرشوبڵاویی حیزبەکان بەرگوێی بڕیاربەدەستەکانی ئەو حیزبانە نەگەیشتووە؟ ئەگەر پێتان وایە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بە گشتی نوێنەرایەتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەکەن، خەڵک دیموکرات و کۆمەڵەی جارانی دەوێ، نەک دیموکراتەکان و کۆمەڵەکان. بەڕاستی ئێوە خۆتان هۆکاری سەرەکین بۆ دابەشکردنی خەڵکی کوردستان. وەک وتوویانە: "قسە هەزارە دووی بەکارە"، ئەگەر دەتانەوێ هەڵوێستەکان لە نێو خەڵکدا دەنگدانەوەی ئەرێنی

و یەکپارچەی هەبێ، خۆتان لە پێشدا بە کردەوە قۆڵی یەکریزی لێ هەڵماڵن.

٣٠ - ٤ - ٢٠١٧

**پرسیارەکانم لەبابەت بەرەی کوردستانی و هۆکاری پێکنەهاتنی ئەو بەرەیە کامانەن درێژەیان هەیە. لەو بەشەدا کاک بابا عەلی میهرپەروەر ئەندامی پێشووی ڕێبەری حیزبی دیمۆکرات ولامی پرسیارەکان دەداتەوە.**

**برایم جەهانگیری**

- ئایا پێکهاتنی بەرەیەکی کوردستانی پێویستە؟
- گرینگی بەرەی کوردستانی لە چی دا دەبینن؟
- هۆکارەکانی پێکنەهاتنی بەرەی کوردستانی چین؟

**بابا عەلی میهرپەروەر**

بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی بە تایبەت لەو کاتانەوە کە مرۆڤ پێینایە قۆناخی وەبەرهێنان، بۆ پاراستنی شوێنی نیستەجێبوونی یان پەل هاویشتن بۆ سەر سەرزەوینی خەڵکانی دیکە، لەگەل خێل و هۆز وعەشیرەی دیکە بۆ سەریەکخستنی تواناکانیان بەمەبەستی بەرگری لە خۆ یان بۆ دەستدرێژی بۆ سەر نەیارەکانیان، جۆرێک لە هاوپەیمانی کورتماوە یان درێژماوەیان لە نێو خۆیاندا پێکدەهێنا. کە ئەگەر ناوی بەرەی لە سەر دانینێین خۆ دەکری هاوپەیمانیەک بێ کە بۆمسۆگەر کردنی ئامانجێک یان کۆمەڵێک ئامانج دامەزرابن. نموونەیان لە مێژوودا بەرادەیەک زۆرە کەلە ئەژمار نایە. هەر هەمووی ئەوانە لەیەک بابەتدا هاودەنگ هاوڕا و هاوبیربوون، ئەویش ئەوەیە کە "هێز لە یەکگرتن و یەکیەتیدایە" پێکهێنانی هاوپەیمانی یان بەرە مەرج نیە کە تەنها لە نێو هێزە لاوازەکاندا بووبێ (هەرچەند بۆ ئەوان پێیویستترە) بۆ نموونە بەرەی موتەفقین بەدژی بەرەی موتەحدینی فاشیزم، لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا.

مێژووی پێکهینانی بەرە لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا دەگەرێتەوە بۆساڵەکانی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و زاڵبوونی ریژیمی ئاخوندی. کە حیزبی دیموکرات بانگەوازی پێکهینانی بەرەیەکی دیموکراتیکی دژی ئیمپریالیستی بلاو کردەوە. بەداخەوە هەر لەو کاتەوە کە هەست بە یەکریزی ئوپۆزسیونی ریژیم دەکرا تائیستا ئەو بەرە دڵخوازە پێک نەهاتوە. هەرچەند، چەند هەنگاوێک لەبیچمی بەرەدا هەڵگیران و دامەزران بۆ نموونە "شورای ملی مقاومت" و ...هتد. باشترین نموونەیەک لە بەرە کەپێویستە ئێمە وەک ئەزموونێکی سەرکەوتوو لێی فێر بین و لەگەل پرسەکەی ئێمەش لەیەک جنسە، بەرەی کوردستانی لە نێوان حیزبە کوردیەکانی باشوور لە ساڵی ١٩٩١دابوو. بەراستی موعجیزەی ئەو بەرە بوو کە ئیستا حکوومەتیک بە ناوی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەناوچەکەدا خاون نیمچەسەربەخۆیەکە.

گرینگی بەرەیەک لە حیزبە کوردستانیەکانی ڕۆژهەڵات هەر لەوەدا نیە کە حیزبەکان و هەڵویستەکانیان لە یەک نزیک دەکاتەوە، هیزو تاواناکانیان بەرزدەکاتەوە، بەڵکوو لەوەدایە کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر ورە، هیوا، یەکریزی لە نێوخۆی وڵاتیشدا، دادەنێ. خەلکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ خۆشمانبێ یان ناخۆشمان بێ جگە لە بەشێکی بچووکی کە یان سەر بەریژیمە وپاریزگاری لە بەرژەوەندیەکانی خۆیان دەکەن باقیەکەی بەشێوەیەک لە شێوەکان بە سەر حیزبەکاندا دابەش بوون. بەرادەی ژمارەی حیزبەکان و بگرەزیاتریش قۆل ولایەنی زۆرجار دژبەیەکیش لە وڵاتداهەن. ئەگەر بەرەیەک سازبێ گرووپە نەیاراکانی نیو خەڵکیش لە یەک نزیک دەبنەوە و ورەی شۆڕشگێریان بەرزدەبێتەوە و باشتر دەتوانن لە دەرفەتەکان سوود وەر بگرن.

لەگەل ئەوەی لە رابردوودا هەوڵ بۆ پێکهینانی بەرە دراوە بەڵام هەرجار هەوڵەکان بە نیوەچڵی ماونەتەوە بەئاکامی دڵخواز نەگەیشتوون. بەڵام لەم یەک دووساڵەدا جۆرێک لە هاوپەیمانی لە نیو چەند حیزبدا بەناوی ناوەندی هاوکاری پێکهاتوە هەرچەند ناکری ناوی بەرەی لە سەر دابنێن بەڵام دەبێ وەک هەنگاوێکی ئەرێنی بۆنزیککردنەوەی هەڵویستی هیزەکان لە یەکتر چاوی لێبکرێ.

**بە بڕوای من دووکۆسپی گرینگ لە بەردەم پێکهاتنی بەرە بوونی هەیە.**

یەکەم ،دابەشبوونی یەک لەدوای یەک لە ریزی دووحیزبی سەرەکی رۆژهەڵاتی کوردستان واتا دیموکرات و کۆمەڵەیە. پێشتر دیموکرات و کۆمەڵە بۆخۆیان بەداخەوە پێوەندیەکی ناخۆشیان هەبوو وئەزموونی تاڵی شەڕی نیوخۆیشیان لە پەروەندەدا بوو. لە پاش دابەشبوونەکانیش بەداخەوە هێشتا ئاسەواری ئەوپێوەندیە ناخۆشە لەزیهنی ئەنداماں و لایەگرانی ئەو حیزبانەدا پاک نەبوەتە و وەک میراتێکی رەشیش بۆهەرکام لە بەشە جیابوەکانیش ماوەتەوە. ئەوەلەلایەک و لەلایەکی دیکەش ململانێی نیوان بەشەلێکترازاوەکان لەگەل یەکتر هەل و دەرفەتی پێکهێنانی بەرەی ئەگەر نەڵێین بەتەواوی لەکیس داوە، بەداخەوە دووری خستوەتەوە.

دووهەم کۆسپ، نەبوونی ئیرادەیەکی جیدی لەلایەن هەموو حیزبەکانە بۆ پێکهێنانی بەرە. هیچ کۆسپێک ناتوانی ئەگەر ویستیکی بەهێز هەبی بۆ دامەزرانی بەرە، لەپێشیدا راوەستێ. هەرکام لە حیزبەکان لە راگەیاندندا باسی یەکریزی و لێکنزیکبوونەوەی هەرچی زیاتری حیزبەکان لەیەکتر و تارادەی کۆبوونەوە لە بەرەیەکی یەکگرتوودا دەکەن. بەڵام بەکردەوە بەداخەوە جگە لە دروشم،شتێکی دیکەی لی شین نەبووە. بەداخەوە من بۆخۆم بۆ پێکهاتنی بەرەیەک لەهەمووحیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەو وەزعەی هەیە بەم زووانە گەشبین نیم. هیوادارم من بەهەڵەدا چووبم.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی برایم جەهانگیری – ڕێکەوتی: ٢٩ی ئاگۆستی ٢٠١٩

## کوردانی رۆژئاو و ئەگەرەکانی بەردەمیان

ماوەی چەند رۆژە بە توندترین شیوە و بەهەمووئامرازێکی شەرکردنەوە هێرش بۆ سەر رۆژئـاوای کوردستان لە لایەن سوپای پۆشتەو پەرداخی تورکیە لە هەمووروویەکەوە و بەچرا سەوزی ئامریکا دەستی پێکردوە. ئەوپەلامارە نـارەوایە مەحکوومە. وەک دەبینین هەرلەم چەندرۆژەدا سوپای هێرشبەر بەهاوکاری میلیشیا توندرەوەکان چەندە دەرندانە وبێبەزەیـانە ئەوخەڵکە بێتاوانانەیان داوەتە بەر پەلامار و شەلم کویرم، دەست ناپـارێزن و وێـران دەکەن و خوێن دەرێـژن. لەبـارودۆخێکی وەهـادا کەهیچ فریـادرەسێکی بەهێزی نێو دەوڵەتی بەکردەوە بەهانای کوردەکـانەوە نەهـاتووە و خۆیـانن و خۆیـان( بەداخـوە ئەویش هاوتەریب لەگەل ناکۆکی نیوخۆیی)، دوو بژاردەیەیان لەبەردەمدایە.

**یەکەم**: هەر بەوشێوەیە راوەستان و بەرخۆدان(ئەگەر ئیمکان و دەرەتـانیان بوایە باشترین بژاردەبوو)

**دووهەم**: رێکەوتن لەگەل ریژیمی سووریە و سپاردنی لانیکەم ناوچە سنووریەکان بەهیزەکانی سووریە کە پێم وانیە ریژیمی بەعسـی سـووری تەنهـا بە جێگیـر بـوون لە سـنوورەکان رازی بـێ هەمـوو ئەو ناوچانـاەی ئەوی کە تـائیسـتا لە بەردەست هێزەکوردەکاندا بوە .ئەگەر هێزەکانی سوپای سووریە جارێکی دیکە ناوچە کوردنشینەکانی ئەو وڵاتە بخەنەوە ژێردەسەڵاتی خۆیان، چارەنووسی دوارۆژی کوردەکان روون نـابێ، بەڵام ئەوەنـدە هەیە لەئیستـادا پێش بە وێـران کرانـی شـار و گونـدەکان دەگـری(ئەگەر تـورکیە لەگەل هێزەکـانی سـووریە نەکەوێـتە شـەڕ) ئەگەر بەرادەستکردنی ئەو ناوچـانە کە باسـمان کـرد بە هێزەکانی سووریە شەڕەکەی ئیستا کۆتـایی پێبێ، باشترە لەوەی کە دیموگرافی نـاوچەکە بگۆڕدرێ و تـوانەوەی کوردەکـان بە شـوێن خۆیـدا بێنـی. لەهەر حاڵەتێکـدا مـافی بریـاردان بەوکـوردانەیە کە دەسـتەو یەخەی کێشـەکەن. بـائیمە لە دوورەوە تـاوانباریـان نەکەیێن و خوێ بە سەر برینی ئەو خەڵکەدا نەکەیێن.لە نێو دوو بژاردەی خراپ و خراپتردا مرۆڤ خراپەکە هەڵدەبژێرێ.

١٤ - ١٠ - ٢٠١٩

**ئایا ئێران خۆی واکسی نەکردوە؟**

**رۆژی ١٩ - ١١ - ١٩ خۆم بە دژی نەخۆشی ئانفلوئانزا واکسینەکرد، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە چەند حەوتوو پێشتری تووشی ئەو نەخۆشیە بووبووم، هەر چەند بەرواڵەت لەدەستی رزگارم ببوو، مەترسیەکەم هەست پێنەکرد و خۆم واکسینە کرد. بەڵام بەداخەوە بەرگەی واکسینەکەم نەگرت و تووشی لەرز وتایەکی یەکجار توند بووم و بەستەری بوونمی بەماوەی ٥ رۆژ لە نەخۆشخانەی برۆس لێکەوتەوە.**

**ئەو کورتە سەرەتایەم بۆ ئەوە هێنایەوە بۆ ئەوەی بڵێم هەرچی لە بارودۆخی ئیستای ئێران دەروانم شتێکی هاوشێوەی خۆمی تێدا دەبینم. ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست تووشی قەیرانێکی گەورە بوە کە ئێران لەچەقی کێشەکەدایە. بەهۆی گەمارۆی ئابووری ئامریکا، وڵات تووشی دارمانێکی سامناکی ئابووری بوەتەوە. بەر پرسانی وڵات زۆر بەباشی هەستیان بە بیزراوی لەلایەن خەڵکەوە کردوە. لە لوبنان [حەوش خەڵوەتی ئیران] دەچی بۆ پتر لەمانگێک دژی دەسەڵاتدارانی وڵات خۆپیشاندانێکی بێپسانەوە لەئارادایە کە بەشێک لە دروشمەکانیان دژی دەستتێوەردانەکانی ئێران لەو وڵاتە و حیزب اللەی نوور چاوی ئێرانە. ئەوە لەعێراق خۆپیشاندانە خوێناویکە دەچی مانگێک تێپەرێنی و بەئاشکرا دروشم دژی دەستێوەردانی ئێران بەرزدەکرێتەوە و لەکەربەڵا شاری پیرۆز لای شێعەکان کونسوولخانەی ئێران ئاگری تێبەردەدری وئاڵای عێراق لە سەر بیناکە هەڵدەکرێ و....**

**لە وەها بارودۆخێکدا کاربەدەستانی ئێران هەستیان کردوە کە ئیمرۆ یان سبەی نۆرەیان دێ. بۆیە وەک دەستپێشخەریەک و بەخۆ ئامادەکردنەوە دەستیان داوەتە گران کردنی بەنزین ئەوەیش نە ١٠لە سەد یان ٥٠لەسەد بەڵکوو ٣٠٠لەسەد و لە نەکاو و بێ هیچ زەمینەئامادەکردنێک و لەپشتسەری پارلمان کە دەبوا ئەوکارە بەیاسا بکرایە تەنها وەک شوکێکی کوتوپرو داربەکونی زەردەواڵەدا کرا!!!! راستە وەڵات کورتهێنانی بوودجەی هەیە و گرفتی ئابووری بەڵام ئەوە چ مەنتیق و لۆژیکێکە کە لەوە حاڵەتێکا بەکردەوە بەنزین بەسەر ئاگری ژێر خۆڵەمێشی رق و بێزاری خەڵکەدا بکرێ. هەڵویستی جەنابێ رێبەریش کە پشتیوانی لەو کارەکرد وپێشێ بە هەڵوەشاندنەوەی بریارەکە لەلایەن پارلمانەوە گرت و لەهەمانکاتدا ئەمری بەهێزە ئەمنیەتیەکان کرد کە بەرکی خۆیان هەڵسن واتە سەرکوت بکەن، گومانەکە بەهێزتر دەکا.**

**ئەو سەرکوتە بێبەزیانە و ئەوکوشتارە کەلەماوەی چەند رۆژ خۆپیشانداندا کرا، کە بێ وێنەبوو دەمانهێنێتە سەر ئەورایە**

**کە، ڕیـژیم ویسـتوویەتی بەوکـارەی لانـێکەم بـۆ چەندسـاڵێک خەڵـک لەروانـگەی خـۆیەوە چاوترسـێن بکـا وخۆیشـی لە بەرانبەرشۆڕش و ڕاپەرینێکی بەربڵاو و بەبەرنامەتر بەتێچوو وهەزینەیەکی کەمتر واکسینە بکا!!!**

**ئەو بابەتە پرسیارێکە کە بۆ بیرلێکردنەوە دەبێ. لەوانەشە من بەهەڵە تێگەیشتبێتم.**

**۲۰۱۹ - ۱۱ - ۲٤**

## حیزبەکان دەبێ لە گۆڕانکارییەکانی دواڕۆژدا دەور بگێڕن و ببن بە بەشێک لە گۆڕانکارییەکان

کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بلژیک لە درێژەی زنجیرە کۆبوونەوە و سمینارەکان بە مەبەستی بردنە سەرەوەی ئاستی زانیاری و وشیاریی سیاسیی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لەم وڵاتە، وێبینارێکی تایبەتی بۆ کەسایەتیی سیاسیی کورد و حیزبی دێموکرات "بابا عەلی مێهرپەروەر" پێک هێنا.

وێبینارەکە ڕێکەوتی ١٣ی بەفرانبار، بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب، بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" دەستی پێکرد و دواتر بەڕێوەبەری بەرنامە یەک خولەک بێدەنگیی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان ڕاگەیاند.

سەرەتا "ئیبراهیم خودامورادی" بەڕێوەبەری وێبینارەکە بە ناوی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بلژیک، بەخێرهاتنی بەشدارانی کرد، بەتایبەتی سپاسی "بابا عەلی مێهرپەروەر"ی کرد بۆ بەشداریکردنی بەڕێزیان لەم وێبینارە تایبەتدا.

مژاری باسی "باباعەلی مێهرپەروەر" چارەنووسی کورد لە داهاتووی سیاسیی ئێران، مێکانیزم و ستراتیژییەکانی کورد لە گۆڕانکارییەکانی داهاتووی سیاسیی ئێران بە دوای ڕووخان و نەمانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو.

"مێهرپەروەر" بەوردی تیشکی خستە سەر چەندین ڕەهەندی جیاواز و گرینگی ئەم باسە و مێکانیزم و ستراتیژییەکانی پێویستی شرۆڤە کرد.

ناوبراو باسی لەوە کرد: "هەر ڕێکخراوێک پێویستە بەپێی ڕووداو و ئاڵوگۆڕ و بابەتەکانی گشتی و ڕۆژ بۆ هەموو مژارەکان و ستراتیژیی خۆی پلانی هەبێت و ئەرکە لەسەری کە خەڵک لە ستراتیژیکەکانی خۆی ئاگادار بکات و بە ڕای گشتیی بگەیەنێت. لەو نێوەدا ڕێکخراوی سیاسی پێویستە ڕۆڵی کاریگەر و مێحوەریی هەبێت بۆ گۆڕانکارییەکان."

تێکۆشەری سیاسیی کورد لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا باسی لەو فاکتەر و گۆڕانکارییانە کرد کە لە کۆمەڵگای ئێران و

ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێک هاتوون و ئامـاژەی بەو خـاڵە گرینگـانە کـرد کە حیـزبە کوردییەکـان دەبێ لە گۆڕانکارییەکـانی داهاتوودا لەبەرچاوی بگرن.

نـاوبراو تەکەزی کـرد: "حیزبەکـان دەبـێ لە گۆڕانکارییەکـانی دواڕۆژدا دەور بگێـڕن و بـبن بە بەشێک لە گۆڕانکارییەکـان و هەوڵ نەدەن کە لە دوورەوە سەیری بارودۆخەکە بکەن و هەوڵ بـدەن مافەکـانی گەلـی کـورد لە دواڕۆژدا بسەپێنن نەک هەر تەنیـا داوای بـکەن، بـۆ ئەو مەبەستەش دەبـێ حیـزب هەوڵ بـدات لەنێـو خەڵکدا ئاستی خواست و وشیاریی خەڵک ببـاتە سەرەوە و گۆڕەپانی نێوخۆ بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات ئامادە بکات."

"بابا عەلی مێهرپەروەر" هەروەها ئەو ئاستەنگ و کۆسپانەشی خستە ڕوو کە لە داهاتوودا دەبنە کۆسپ و تەگەرە لەهەمبەر وەدیهاتنی مافەکانی گەلی کرد، هەروەهـا یەکڕیزیـی بەپەلە و یەکدەنگی حیـزبە سیاسییەکانی کوردستـانی لەم بـوارەدا بە پرسێکی گرینگ و چارەنووسساز دەستنیشان کرد.

لە بەشێکی دیکەدا "مێهرپەروەر" بەوردی ئەو هەڵاواردنـانەی دەستنیشـان کـرد کە ڕێژیمەکـانی دەسەڵاتدار لە ئێـران بە دژی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئەو وڵاتە بەڕێوەیـان بـردووە و دەبەن و درێژەدانـی ئەم هەڵاواردنە سیستماتیکانە و زێهنییەتە شۆڤێنیستییانە گەییشتوونەتە ئاستێکی مەترسیدار کە پێکەوە ژیانی گەلانی خستووتە مەترسییەوە.

"مێهـرپەرەوەر" نەبـوونی کولتـوورێکی دێموکراتیـک و زێهنییەتـی خۆسەپێنەر و ڕەگەزپەرستـانەی ئەو وڵاتـانەی کە نەتەوەی کـورد تێیـدا دابەش کـراوە، وەکـوو هۆکـاری ئەم دۆخەی زانـی. نـاوبراو لەم بـوارەدا وتـی: "ئەگەر کـورد لەگەڵ نەتەوەی سەردەست لە ئێراندا بە یەکسانی و دێموکراتییانە ژیابا، ڕەنگە قەت بیری لە جیابوونەوە لەم وڵاتە نەکردبا."
نـاوبراو لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا، ئـاوڕی لە بـارودۆخی سیاسیی کـورد لە کوردسـتانی ڕۆژهەڵات دایەوە و باسـی لەو ئەگەر و دەرفەتـانە کـرد کە دەتـوانن ببـنە لـێگەڕ و پـرس بـۆ چارەنووسـی کـورد لە داهـاتووی گۆڕانکارییەکـانی نـاوچە و ئێراندا. بەوردی تیشکی خستە سەر دەستێوەردانەکان و هەوڵ و سیاسەتەکانی ڕێژیم لە نـاوچەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاست و لە بەرامبەریشدا، هەنگاوەکانی ئیسرائیل بۆ پێکهێنانی هاوپەیمـانەتی لەگەڵ چەنـدین وڵاتـی دراوسێی ئێـران بـۆ لاوازکـردن و پێشگیریکردن لە دەستێوەردانەکانی ڕێژیم لە ناوچەدا.

وێبینارەکە بە پرسیاری بەشداران و وەڵامدانەوەیان لەلایەن "باباعەلی مێهرپەروەر" ەوە کۆتـایی پێهات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٦ی جانێوێری ٢٠٢٠

## ئەگەر پیتان باشە، تکایە واژووی کەن

سلاو و رێزی تایبەت
ئەگەر پیتان باشە، تکایە واژووی کەن
هەوڵێکی خێرا بۆ لەقاودانی مەبەستەکانی رژێمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی وەگەڕ بخەین.
جەماوەری گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان
پارت و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، ژنان و قوتابیان و لاوان.
نووسەران و ڕۆژنامەنووسان، هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی گەلی کورد

تەوژمی گرتن و زیندانی و ئەشکەنجە کردنی هاووڵاتیانی کورد لە گەڵ بەردەوام بوونێکی لە مێژینە، ئەمرۆ گەیشتۆتە قۆناغێک کە رۆژ نییە کەسانێک بە تاوانی دەربڕینی بیروباوەڕ، نووسین و چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی تاوانبار نەکرێت و حوکمی زیندان یا سێدارەی بە سەردا نەسپێت. سەرەڕای ئەوەش گەلی کورد، بەردەوام خاوەنداریێتییەکی بەرفراوانیان لە قارەمانەکانی ناو زیندان کردووە. ئەم پاڵپشتییە بۆتە هۆی ئەوەی کە نەیارانی کورد باشتر لەو راستییە تێبگەن کە بە زیندانی کردن و ئەشکەنجە ناکرێت پیش بە لێشاوی بیری ئازادیخوازی کورد بگرن. پشتیوانی لە بەندکراوانی کورد بەردەوام لە ناوخۆی وڵات و چ لە دەرەوەی وڵات لە سەرئاستی نێودەوڵەتی دەنگدانەوەیەکی بەرفراوان و سەرنجڕاکێشی هەبووە ولە زۆر کاتدا توانیویەتی پێش بە بەڕێوەچوونی حوکمی ناعادڵانە بگرێت.

لە درێژەی زۆرتر کردنەوەی باروودۆخی ئەمنیەتی لە شارەکانی کوردستان و گوشاری هێزە ئەمنیەتیەکانی رژیم بۆسەر بەندکراوانی سیاسی ومەدەنی و هەڵسووکەوتی خەراپ و دوور لە ئینسانیەت لە گەڵ بەندکراوان، بەردەوامبوونی گوشار بۆ سەرچالاکوانانی سیاسی و مەدەنی و بنەماڵەکانیان و دەستبەسەرکردنی بەربڵاوی ئەم چالاکوانانە بە بێ حوکمی قەزایی و بە بیانووی جۆراوجۆر، لە رۆژانی رابردوودا ژمارەیەکی تر لە چالاکوانانی مەدەنی لە شارەکانی کوردستان لە لایەن هێزە ئەمنیەکانی رژیم دەستبەسەرکراون و گوازراونەتەوە بۆ گرتووخانەکان.

بە پێی دوایین هەواڵەکان ژمارەی دەستبەسەر کراوانی ئەم دواییەی کوردستان رووی لە زیاد بوونەوە و لە ماوەی دوو

حەفتەی ڕابردوودا نزیکەی ٧٠ هاووڵاتیی کورد لە لایەن هێزە ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دەستبەسەر کراون و هەر هەموویان بێ حوکمی قەزایی دەستبەسەرکراون و تا ئێستاش هیچ هەواڵێک لە بارودۆخیان لەبەردەست دا نیە و هیچ ناوەندێکی ئەمنیەتی ڕژێم حازر بە وەڵامدانەوە سەبارەت بە شوێن و هۆکارەکانی دەستبەسەرکردنی ئەم کەسانە نییە.

یەکێک لەو مەسەلانەی ئێستاکە جێگای نیگەرانیە، گوشار و ئەشکەنجە و هەڕەشە لە دەستبەسەرکراوان لە ئارادایە.

بۆیە وەکوو چالاکانی کورد وێڕای دەربڕینی نیگەرانی سەبارەت بە شەپۆلی بەربڵاوی گرتنی چالاکانی مەدەنی کورد و هەروەها بارودۆخی نالەباری بەندکراوانی سیاسی و مەدەنی، پێشێل کردنی مافەکان و ئازار و ئەزیەتی بەندکراوان و گوشار و زەخت و هەڕەشە لە بنەماڵەکانیان بە توندی مەحکووم دەکەین و داوا لە سەرجەم ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان، حیزبە سیاسیەکان ، کەسایەتیە ئازادیخوازەکان و سەرجەم خەڵکی ئێران و کوردستان دەکەین، ناڕەزایەتی خۆیان بەم کردەوە نائینسانیەی ڕژێم دەربڕن و هەوڵێکی خێرا بۆ لەقاودانی مەبەستەکانی ڕژێمی جەنایەتکاری کۆماری ئیسلامی وەگەڕ بخەن.

...

تێبینی : ئەگەر ئەتهەوی ئیمزای بکەی کۆپی بکە و ناوی خۆت بنوسە و لە پیجی خۆت بڵاوی بکەوە

ـــــی

١- وەسیم سەدیق زادە

٢- ناسر باباخانی

٣- ئەمجەد حوسین پەناهی

٤- بێهزاد خۆشحاڵی

٥- خالید محەمەدزادە

٦- جەلیل ئازادیخۆاز

٧- جەمال نەجاری

٨- ئاسۆ ئەحمەدیان

٩- سەیران موستەفازادە

١٠- خەبات ڕەسووڵی

١١- ئاکام ڕەسووڵی

١٢- شاهۆ حوسێنی

١٣- بیژەن قارەمانی

١٤- هدایەت جان

١٥- ژیان ژاڵە

١٦- سەرگول میرزایی

١٧- شاهین کەریمی

١٨- وریا کەریم حوسەینی جاف

١٩- حەلیمە ئیسماعیلی

٢٠- جەواد حەیدەری

٢١- هەتاو عەبدوڵاهی

٢٢- سەردار زەنگەنە

٢٣- محەممەد هۆژەبری

٢٤- خەلیل قەزەڵی

٢٥- کەیهان یوسفی

٢٦- سۆران محەممەد زادە مقەدەم

٢٧- عۆسمان نۆباری

٢٨- کەژان ئەسەدی

٢٩- خەلیل غەزەلی

٣٠- کەیوان یوسفی

٣١- مینا سوارە

٣٢- رەزا مەنوچێهری

٣٣- کەژاڵ ئیلخانی زادە

٣٤- ئاوێستا سەعادەتی

٣٥- عەبدولا کەریمی

٣٦- عۆسمان تەخاتەب

٣٧- محەممەد تەقی هاشمی

٣٨- سەلاح شەشە

٣٩- سامان شەهابی

٤٠- عومەر شاداب

٤١- سروە زند

٤٢- بەفرین تالانە

٤٣- سەردار خزری

٤٤- ئەبووبەکر لاوچاک

٤٥- جەعفەر ڕاوچی

٤٦- سولیمان حەسەن زادە

٤٧- ڕەزا ئەمینی

٤٨- سوحبەت لوتفی

٤٩- کامیل ئوستاد ئەحمەدی زیندانی سیاسی مەحکووم بە ئیعدام - نۆرویژ

٥٠- بێکەس بەرواری - نۆروێژ

٥١- محەممەد ڕەشیدی

٥٢- نادر شکرالهی

٥٣- شەهاب غەوارە

٥٤- شۆڕش پایمەرد

٥٥- رزگار زەهابی

٥٦- Ribwar hussaini

٥٧- ئالان خاس

٥٨- ئاسۆ عەزیزی

٥٩- Ako amedyan

٦٠- رەحیم اسماعیلی

٦١- کە مال عە لیزادە

٦٢- سۆهراب رەحمەتی

٦٣- مستەفا ڕەستگار

٦٤- هێژا مەمەنگور

٦٥- سامالْ رەحمانی، نۆروێژ

٦٦- ئیدریس هەمزەیی - نۆروێژ

٦٧- حەسەن سالّحی نۆڕوێژ

٦٨- باوکی سامان نوروێژ

٦٩- سامڕان شێخ محەممەدی ، نۆروێژ

٧٠- یوسف خۆشروو

٧١- هیمن حەسەن زادە، لەندەن

٧٢- خالید غولّامی ،نوروێژ

٧٣- برایم قەززاق، ئالمان،

٧٤- روپاک مورادرەسولی، سوئێد

٧٥- گولّالّە پێشنماز، سوئێد

٧٦- مەسعود فەریقی، سوئێد

٧٧- سەیوان سەعیدیان، سوید

٧٨- ناهید حسەینی، سوید

٧٩- شنۆ مێهرپەروەر، نۆروێژ

٨٠- پەخشان فەتاحی، نۆرۆژ

٨١- علی مهرپرور سوئید

٢٧ - ١ - ٢٠٢١

## ڕۆژنامەی کوردستان، تایبەتمەندی و ئاستەنگەکانی بەردەمی

لە سەروبەندی دەرچوونی ژمارە ٨٠٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا پیرۆزبایی و داوای سەرکەوتن بۆ هەموو ئەو کەسانە ئەکەم کە درێژەپێدەری ڕێگای پڕ کەندولەندی ڕۆژنامەی کوردستان بوون و هەن.

ڕۆژنامەی "کوردستان" ئۆرگانی فەرمیی حیزبی دێموکرات درێژەدەری ڕێچکەی ڕۆژنامەی کوردستانی سەردەمی کۆماری کوردستانە. ئایا ناوی ڕۆژنامە بۆ ئەو بڵاوکراوە پڕ بەپێستیەتی یان نا؟ هێندێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەیی تێدایە وەک هەواڵ (هەرچەند کەم وایە بتوانێ هەواڵی ڕۆژ بێ)، بابەتی تەحلیلی و لێکدانەوەی سیاسی و ئەدەبی و.... بەڵام پێچەوانەی ڕۆژنامەکانی ئازاد(ڕێگە پێدراو) ڕۆژانە بڵاو ناکرێتەوە و پێشتریش بڵاو نەدەبۆوە. پێشتر مانگانە یەک ژمارە و لەم ساڵانەی دواییدا تا ئەو جێگەیەی من ئاگادار بم مانگانە دوو ژمارەی لێ بڵاو دەکرێتەوە.

ئەگەر دابنێین ڕۆژنامە لەبەرانبەر شەونامە نە بە مانای کاتی بڵاوکرانەوەکەی بەڵکوو بە مانای ڕۆژنامە واتا ئاشکرا و ئازاد و ڕێگەپێدراو و شەونامە بەمانای نایاسایی و قەدەغە (لەلایەن ڕێژیمەکانی حاکم بە سەر ئێراندا) ئەگەر بەو مانایە بیگرین ڕەنگبێ بچێتە خانەی شەونامە؛ چونکە لە نێوخۆی وڵاتدا جگە لە چەند ماوەیەکی کورت لە مێژووی خۆیدا قەدەغە و لەلای هەر کەس ببینرایە کەسەکەی تووشی سزای قورس دەکرد. (ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێک کە ئینتیرنێت و سایتی ئینتیرنێتی بوونی نەبوو).

مێژووی ڕۆژنامەی کوردستان لەگەڵ مێژووی حیزبی دێموکرات گرێدراوی یەکترن. زۆرکەم وابووە کە هەم حیزبەکە بە ئاشکرا و ئازاد لە نێوخۆی وڵات چالاکی هەبووبێ و ڕۆژنامەکەش بە ڕێکوپێکی بڵاو بووبێتەوە. بەهۆی ئەو بارودۆخە نالەبارەی کە بەسەر حیزبی دێموکراتدا هاتووە ڕێبەریی حیزب لە کوێ گیرسابێتەوە ڕۆژنامەکەش لەوێ چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی بۆ چەند ساڵێک کە حیزب لە نێوخۆی وڵات دەرەتان و ئیمکانی تێکۆشانی هەبوو(نیوە ئاشکرا و نیوە نهێنی) ڕۆژنامەکەش دەرەتان و مەجالی چاپ و بڵاوکردنەوەی تا ڕادەیەک هەبوو.

بەرە بەرە کە مەیدانی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب بەرتەسک بوویەوە ڕۆژنامەکەش بارگە و بنەی پێچایەوە و ڕووی لەشاخ

کرد و تاماوەیەکی زۆری چەند ساڵی لە شاخ و بە ئامراز و کەرەسەی سەرەتایی بڵاو دەکرایەوە و درێژەی بە چالاکیی خۆی دەدا. تاکوو سەرئەنجام ترنجایە شاری کۆیە و لەو کاتەوە تائیستا مانگانە ٢ ژمارەی لێ دەردەچێ.

هەر چەند لە کۆیە دەرەتانی چاپ و ئامادەکردنی چ لە ڕووی کادیری نووسین و چ لە ڕووی ئامراز و کەرەسە بۆ چاپی تا ڕادەیەکیش مودیرن ئامادە بوو، بەڵام کێشەی سەرەکی گەیاندنی بە دەست خوێنەری خۆی بوو.

لە ئاستی باشووری کوردستان، کۆسپ و تەگەرەیەکی ئەوتۆ لەئارادا نەبوو. بۆ دەرەوەی وڵات و ئورووپا دەبوایە یەک دوو ژمارە جا بەهەر وەسیلەیەک بوایە بنێردرایەتە دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزب لە پاریس. لەوێش بە هەزاران نوسخەی بە تێچوویەکی زۆر کوپی دەکرا و بە پۆستی ئاسایی دەنێردرا بۆ ئەو وڵاتانە کە کۆمیتەی حیزبی لێ بوایە. زۆرکەم وا ڕێدەکەوت کە ڕۆژنامە دوای مانگێک بگەیشتایەتە دەست کۆمیتەکان، لەویش تا دەگەیەندرایە شارەکان و بڵاو دەکرایەوە ماوەیەکی دیکەی دەخایاند بەکورتی کاتێ ڕۆژنامەکە دەگەیشتە دەست خوێنەر پترلە چەندمانگی دەخایاند.

لەساڵی ١٩٩٩ (١٣٧٨) دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزب لە پاریس بڕیاری دا لە جیاتی ئەوەی کە ڕۆژنامەکە لە پاریس کوپی بکرێ و لە ڕێگەی پۆستی ئاساییەوە بەڕێ بکرێ بۆ وڵاتەکان، بەهۆی فاکس بەڕێ دەکرا بۆ کۆمیتەکانی حیزب لە وڵاتەکانی ئورووپا و ئامریکا و ئوسترالیا. لەهەر وڵاتێکیش بەگوێرەی پێویستیی خۆی کۆپی دەکرا و لەبەرانبەر بەهایەکی نە زۆردا دەفرۆشرایە ئەو کەسانەی کە ڕۆژنامەکەیان ئابوونە کردبوو کە هەم زووتر دەگەیشتە دەست خوێنەر و هەم لانیکەم تێچووی خۆی دەر دەهێنا و لە هەندێک کۆمیتەشدا داهاتێک بە نسیبی کۆمیتەکە دەبوو.

کێشەی سەرەکی دیسانەکەش دەگەڕایەوە بۆ نێوخۆی وڵات، ئەو مەیدانەی کە پتر لە هەر شوێنیکی دیکە پێویستی دەکرد چالاکی و هەڵوێست و بۆچوونەکانی حیزب لەسەر بابەتە جۆراوجۆرەکان بە ئاگاداریی خەڵکی وڵات بگەیەنێت. تا ئەوکاتەی کە هێزەکانی پێشمەرگە بە شێوەی بەرچاو لە ناوچەکاندا بوونیان هەبوو، ڕۆژنامەی "کوردستان"یش لەگەڵ پێشمەرگەکان سەری بەماڵاندا (بەزۆری لە گوندەکاندا) دەکرد و بەشێکیشی ڕەوانەی نیوشارەکان دەکرا. ئەو کاتانەش کە مەیدانی تێکۆشانی هێزی پێشمەرگە بە هۆکاری جۆراوجۆر بەرتەسک بوویەوە کاریگەری لەسەر چارەنووسی ڕۆژنامەی "کوردستان"یش دانا. دواتر لە ڕێگای تیمە تەشکیلاتییەکان و ڕێگای جۆراوجۆرەوە ژمارەیەکی سنووردار ڕەوانەی نێوخۆی وڵات دەکرا. بە هاتنە مەیدانی ئینتیرنێت و دامەزراندنی سایەتەکانی سەر بەحیزب، ڕۆژنامەی کوردستانیش بە شێوەی مەجازی و بە pdf لەسەر سایتەکان دادەنرا و هەموو ئەو کەسانە کە خوازیاری خوێندنەوەی ڕۆژنامەکە بوون دەستیان پێ ڕادەگەیشت.

کێشەیەکی دیکە کە لەبەردەم دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا هەبوو ئەوە بوو کە ڕۆژنامەکە ئۆرگانی فەرمی حیزبی دێموکرات بوو. بۆیە بەناچاری دەبوایە بابەتەکان لە چوارچێوەی سیاسەتی حیزبدا بوایە یان لانیکەم دژی نەبوایە. بۆیە دەستی نووسەران ئاوەڵا نەبوو و بابەتەکانیان لەگەڵ سیاسەتی حیزب ڕێکدەخرا.
بەکورتی لەو کاتەوە دەست بە نووسینی بابەتەکانی ڕۆژنامەی کوردستان دەکرا تا دەگەیشتە دەستی خوێنەران ڕێگەیەکی پڕ پێچ و لۆچی دەبڕی تەنانەت زۆر جاریش ئەوانەی ڕۆژنامەیان بۆ نێوخۆی وڵات دەبردەوە، لەنێو بەردانذا دەیانشاردەوە!

ڕۆژنامەی "کوردستان" بۆخۆی مەکتەبێک بوو بۆ ئەدەبیاتیکی بە پرەنسیپ، ڕاستگۆ و ڕاستبێژ، دوور لە جنێوفرۆشی و بوختان هەڵبەستن، قسەی سووک و نەشیاو. تەنانەت زمانی ڕۆژنامەی "کوردستان" لە ئاست دوژمنانیش نەزاکەتی تێدا بەدی دەکرا. ڕۆژنامەی "کوردستان" لە ڕووی نووسین و ڕێنووس و پاراویی وشەکانی بۆ خۆی نموونەیەک بوو بۆ ئەو کەسانەی دەیانەویست سەرمەشقێکیان بۆ فێربوونی زمانی کوردی لەبەردەستدا بێ. هەرچەند هەواڵ و باسی ڕووداوەکان لەوانەبوو کاتێک ڕۆژنامەکە دەگەیشتە دەستی خوێنەر بەو هۆیانە کە باسمان کرد، بابەتی ڕۆژ نەبوایەتن، بەڵام لێکدانەوە و شرۆڤەی بابەتەکان کە پتر سیاسی بوون تازەیی و واقێعبینی خۆیان پاراستبوو. زیادکردنی لاپەڕەی تایبەت بە ئەدەب و شێعر و هونەر و.... هەمووکات بۆ چێژ لێ وەرگرتن دەبوون.

ڕۆژنامەی "کوردستان" بایەخێکی تایبەتی بە ئەدەبیاتی منداڵان دەدا. زیادکردنی پاشکۆیەک بە ناوی "دنیای منداڵان" بە ڕۆژنامەکە کە لەلایەن منداڵانی کەمپەکانی حیزبەوە لەژێر چاودێری کادرێکی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان هاوکات لەگەڵ ڕۆژنامەکە دەردەچوو سەرەڕای ئەوەی منداڵانی بۆ لای خوێندنەوە ڕادەکێشا، هانیشی ئەدان بە شێوەیەک خۆیان لە ڕۆژنامەکەدا ببیننەوە. جا بە ناردنی بابەت یان وێنەکێشان یان هەر داهێنانێک بوایە بەشدار دەبوون. هەرلەو بەشدارییەدا لێهاتوویی و ئیستیعدادی منداڵەکان لە ڕووی نووسین یان وێنەکێشان تەنانەت شێعر و... دەردەکەوت.
ڕۆژنامەی "کوردستان" لە ماوەی تێکۆشانی خۆیدا کۆمەڵێک کادری لێوەشاوەی لە بواری نووسین یان کاری فەننی و هونەری ڕۆژنامەگەری پەروەردە دەکرد کە بۆ خۆی سەرمایەیەکی گەورە و بەنرخ بوو بۆ حیزبەکە. بە جۆرێک کە هەموو کات کادرەکانی بەشی ئینتیشاراتی حیزب بەشێک بوون لە کادرە نوخبەکانی حیزب.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکە وێڕای دەستخۆشی لە هەموو ئەو کەسانەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەو ڕۆژنامەدا ئەرکیان لە ئەستۆ بوە، داوای سەرکەوتن و سەربەرزیش بۆ کارگێڕان و هەڵسووڕاوانی ئێستای ڕۆژنامەی "کوردستان" دەکەم. بەو هیوایەی لە داهاتوویەکی زۆر نیزیکدا "کوردستان" لە زێدی خۆی دەربچێ و ڕۆژانە بگاتە دەستی خەڵکەکەی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠٢١

## عەلی مێهرپەروەر: (بەر لە لەتبوون) مۆرەکانی ڕێژێم هەوڵیان دەدا بەخۆنزیک کردنەوە لە جیناحێک پشتی خۆیان قایم بکەن



### دیمانەیەک لەگەڵ بەرێز عەلی میهرپەروەر(تاهیر قاسمی)

**تاهیر قاسمی**: وەک سەرەتایەک بۆ چوونە ناو باسەکە تکایە بە کورتی باسێک لە کارنامەی کۆمیتەی کەمپەینی ئاشتی و پێشکەوتنەکانی لە ماوەی چەند مانگ کار و تێکۆشانی بۆ خوێنەران بخەنە روو.

**عەلی مێهرپەروەر**: کەمپینی یەکبوون کە بە بڵاو کردنەوەی بانگەوازێک بوونی خۆی ڕاگەیاند، زۆری نەخایاند لەگەڵ پێشوازیی گەرمی ئەندامان ولایەنگرانی حیزبی دێموکرات بەرەوروو بوو. ئەو پێشوازیە نیشاندەری ئەو ڕاستیە بوو کە مەیل بۆ لای یەکگرتنەوە ویەکبوونەوەی دووبارەی حیزب، ویستی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبە. دیارە ئەگەرکەسانێک هەن کە لایەنگرییان لێ کردووە، هەر لەسەرەتاوە تا ئیستا کەسانێکیش هەن کە بەربەرەکانێیان لەگەڵ کردووە وکۆسپیان خستوەتە سەر رێگای. دیارە ئەوە شتێکی سروشتییە چونکوو یەکبوونەوە زیان بە بەرژەوەندی کەسانێک دەگەیەنێ کە بەهۆی لێکدابڕان پلەو پایەیەکیان بە نسیب بووە. سەیر ئەوەیە کە موخالیفەکانیش بەرواڵەت دان بەوەدا دەنێن کە یەکبوونەوە و یەکریزی و دیالوگیان پێ باشە بەڵام لەگەڵ کۆمەڵێک ئەمما و ئەگەرو مەرج دانان کە لە ڕاستیدا هەر وەک موخالیفەت وایە. بە گشتی ئەگەر قسە لە دەستکەوت بکەین لەوانەیە شتێکی کۆنکریت و مەلمووسمان بە دەستەوە نەبێت، بەڵام ئەوەی کە باسی یەکبوونەوە چووەتە نێو بەدەنەی هەردوو بەشی حیزب و بە شیوەی جۆراوجۆرلە کۆڕ و

کۆبوونەوەکانـدا دەکەوێتە بـەر بـاس، جێـی خۆشحاڵییە. چونکوو ئـەو باسکردنانە بۆخـۆی بـەمانای بـوونی کێشـەیەکە کـە هەڵدەگرێت بە شوێن رێگەچارەدا بگەرێیت.

**تاهیر قاسمی**: کەسانێک پێیان وایە کەمپەین و کومیتەکەی لە دامەزرانیەوە تـا ئێستا رەوتـی روو بە هەڵکشانیان بە خۆوە نەدیتوە. ئەوە لە روانگەی ئێوەوە چۆن چاو لێ دەکرێ؟

**عەلی مێهرپەروەر**: پێم وایە تێگەیشتنێکی هەڵـە لـە رەوتـی یەکبوونـەوە لـە ئارادایـە. هەڵـە تێگەیشـتنەکە ئـەوەیە کـە یەکبوونـەوە تـەنیا بـە کـاری کومیتـە یـان چەنـد کەسێکی دەست نیشـانکراو دادەنـرێ. بۆیـە ئەگـەر هـەر رۆژ لـە لایـەن ئـەو کەسـانەوە هـەواڵێک بـڵاو نـەکراوە مانـای ئـەوەیـە کـە رەوتـی یەکبوونـەوە رووی لـە کـزی کـردووە یـان بەپێچەوانـەوە. موخالفەکانی یەکبوونیش توشی هەمان هەڵەی لێکدانەوە بوون. ئەوان پێیان وایە بە هەرەشە و گورەشە یان سزادانی چەنـد کەسایەتیەک لە کومیتەی یەکبوون دا دەتوانن رەوتی یەکبوون پەک بخەن. لە کاتێکدا کە ئەو ویستە پێش لـە راگـەیانـدنی بانگەوازەکەش لە ناخی ئەندامان و لایەنگراندا هـەر هەبـووە. بۆیـە نـابێ کـە پێشکەوتن یـان نەکەوتن تـەنیا لـە چالاکی کومیتەدا ببیندرێت. هەرچەند نکۆڵی لەوە ناکری کە بەرنامەرێژی و هیدایەتی رەوتەکە ئـەرکی کومیتـەیـە. ئـەوە لەلایـەک، لـە لایـەکی دیکـەوە یەکخسـتنەوە یـان بـە یەککردنـەوەی لایەنـەکان بـە تـەنیا لـە دەسـت یەکبوونخوازانـدا نیـە بـەڵکـوو بەستراوەتەوە بە کۆمەڵێک هەلومەرج وباودۆخی تایبەت. لەوانـەیە هەلومـەرجێک لـە بـاری سیاسیەوە لـە داهـاتوو دا بێتـە کایەوە کە رەوتەکە توندتر یان ئەهوەنتر بکاتەوە کە بەدەر لە ئیرادەی یەکبوونخوازانە.

**تاهیر قاسمی**: زۆر جار دوو لایەنی حیزبی دێموکرات لە بەیان و راگەیەندراوەکانیان دا بە زیـان یـان قـازانجی یەکگـرتنەوە قسـە دەکەن، بەڵام ئێـوە لە بەرامـبەر هەردوکیـان دا بێـدەنگی هەڵـدەبژێرن. لە کاتێکـدا رەنـگە زۆر کەس چـاوەڕوانی هەڵوێستی بە وەخت لە ئێوە بن. بۆچی بێدەنگی هەڵدەبژێرن؟

**عەلی مێهرپەروەر**: کەمپینی یەکبوون خۆی لەناخی هەموو ئـەو ئەندامە یەکبوونخوازانـە دا دەبینێتەوە کە لەهـەر دوو لادا تێکۆشانیان هەیە. رێبەرانی هەرلایەک کە بە دژ یان بە موافقی رەوتی یەکبوون لێدوان دەدەن نەخش و روانگەی خۆیان لـەو بـوارەدا دەر دەخـەن و رووبـان لـە جـەماوەری خـەڵـک و ئەنـدامانی حیزبـە، پێویسـت ناکـات بـە دەربرینـی هـەر بۆچوونێـک کومیتەی یەکبوون دەست بەجێ هەڵویست بگرێت. لەو کاتەدا لەوانەیە ئێمە ببینە هۆی قووڵتر کردنەوەی کەلێنی نێوان دوو لایەنەکە.

**تاهیر قاسمی**: ئێوە بە پێی ڕەواڵ ئەو کاتانە هەڵوێست دەگرن کە هەردولا شتێک پێچەوانەی هەڵوێستی ئێوە دەربڕن. یان بە واتایەکی دیکە هەڵوێستتان هەمیشە وا بووە کە بتوانن بە شێوەی ڕێژەیی ڕەخنە لە هەر دوو لا بگرن. ئەوەش لە ڕوانگەی چاوەدێران بۆ ئەوەیە کە لایەنێک تانەی لایەنگری لە لایەنەکەی دیکەتان لێ نەدا. پێتان وا نیە کاتی ئەوە هاتووە کە لە سیاسەتی ڕەخنەی نیوە بە نیوە خۆ دوور بگرن؟

**عەلی مێهرپەروەر**: ئەوەی کە ئەگەر هێرشێک بکرێتە سەرمان یان بەشتێک تاوانبارمان بکەن کە ئێمە لێی بەری بین، پێویستە لە وەها حاڵەتێکدا وەڵامی خۆی پێ بدرێتەوە و ڕاستیە کان بە خەڵکی بوترێت. ئێمە زۆر جار باسی ئەوەمان کردوە کە نە دەستکردی لایەنێکین نە ئامرازی تەبلیغاتی بۆ لایەنێک بە دژی لایەنێکی دیکە. هەروەها کەمپینی یەکبوون نە لایەنێکی سێهەمە (ماوەیەک ئەوناوەیان وەدوا خستبووین) نە لایەنگری لایەک و نەیاری لایەکی دیکە. ڕەوتی یەکبوون بەگشتی لەناخی هەموو ئاشتیخوازان دایە و هاورای بەشێکی زۆر لە ئەندام و لایەنگرانی هەردوو بەشی لێکدابراوی حیزبە بە تایبەتی. ئێمە باش دەزانین کە ئەوە ڕێبەرانی حیزب بوون کە جەستەی حیزبیان شەق کرد ئیستاش ڕێبەرایەتی دەتوانێ بە هەست کردن بە ئەرکی گرانی سەر شانیان و وەڵام بە داخوازی یەکبوونخوازان، ئەو برینە سارێژ بکاتەوە. خۆزیا وا نەبوایەو بەدەنەی ئەوحیزبە توانایی خۆی بە بێ چاوەڕوانی لە ڕێبەرایەتی بۆ سەریەکخستنەوەی حیزب وا بخستایەتە گەڕ کە یەکریزی و یەکبوونەوەی بە سەر ڕێبەرایەتیدا بسەپاندایە بەڵام ڕاستیەکە ئەوەیە کە ڕێبەرایەتی بڕیارەکان دەدات و بەڕێوەیان دەبات. هەر بۆیە کەمپین نایهەوێ بە هەڵوێستی ناوەخت ونابەجێ ئاگری دووبەرەکی خۆش بکات. لە هەمان کاتدا چاوەڕوانی لەو ئەندامانەی نێو ریزی ڕێبەرایەتی کە هەست بە پێویستی نزیکبوونەوە و تەنانەت یە کبوونەوەش دەکەن، ئەوەیە کە ڕاشکاوانەتر بێنە مەیدان و ئەرکی نیشتمانی خۆیان بە جێ بگەیەنن، گومانیان نەبێ کە خەڵک وەها چاوەڕوانییەکیان لێیان هەیە وهەنگاوەکانیان بەرز دەنرخێنن. موخالیفەکانی یەکبوون دژایەتی خۆیان لەگەل یەکبوونخوازان ناشارنەوە و چیان لە دەست بێت بۆ پەکخستنی ڕەوتی یەکبوون دەیکەن. ئەو ڕێبەرانەش کە بە دڵ خوازیاری ئاشتی وتەباییین جێی خۆیەتی دەنگی خۆیان بەرزتر بکەنەوە و دیفاع لە ئامانجەکەیان بکەن. بەو شێوە ئەندامەکانی لایەنگری یەکریزیش بێگومان پشتیان دەگرن.

**تاهیر قاسمی**: باشە بە شێوەی کۆنکرێت و بە جیاواز داوای ئێوە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چیە؟

**عەلی مێهرپەروەر**: ئیمە داوایەکی تایبەتیمان لە هیچ لایەک بەتەنێ نیە. داوای سەرەکی ئێمە چارەسەری کێشەکانی نیوان دووبەشی حیزب لە ڕێگای دیالۆک و وتووێژە. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لیدوانەکانی ڕێبەرانیدا باس لە

دانیشتن و ئامادەیی بۆ دیالوک بە بێ مەرج دەکا و ئەوە نە هەر لای ئێمە بەڵکوو لە لای بیرورای گشتیش جێی پەسەندە. لایەنی دیکەش واتا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران باس لە چارەسەری کێشەکانی لەگەڵ بەشەکەی دیکە بە شێوەی ئاشتیخوازانە دەکا و دیالوگ بە گشتی رەد ناکاتەوە بەڵام مەرجی تایبەتی بۆ ئەو دانیشتنانە هەیە و ئەویش داوای گۆڕینی ناوەکەیانە. لێرەدا جێی خۆیەتی ئەو پرسیارە لە بەرانبەر هەردوولادا دابنێین: ئەگەر هەردوولاتان دان بەوەدا دەنێن کە دیالۆگتان قەبووڵە، ئایا ناکرێ نە حدکا پێ لەسەر گۆڕینی ناو دابگرێ و نە حدکیش هەوڵی ئەوە بدات هەر دەبێ رووبەروو دابنیشن تا بەو شێوە بە فەرمی خۆیانیان پێ بناسێنن. وەک لە دیپلوماسیدا باوە، با ناراستەوخۆ لەگەڵ یەکتر دانیشن و بەهۆی لایەنێکی سێهەم کە جێگەی پەسەندی هەر دوولا بێت قسەکانی خۆیان بە لایەنی بەرانبەر بگەیەنن. نموونەی ئەو جۆرە دانیشتنانە زۆرن. هەر چەند لەوانەیە ئەو جۆرە دانیشتنانە دڵخواز نەبن بەڵام بۆ قۆناخی ئیستا هەنگاوێکە لە راستایەکی دروستدا.

**تاهیر قاسمی**: ئایا دوو حیزب تا ئێستا بە رەسمی یان بە شێوەی غەیرە رەسمی دانیان بە بوونی رەوتێک بە ناوی رەوتی یەکگرتنخوازی کە پتر لە چوارچێوەی کەمپەینی یەکبوون دا کۆ بۆتەوە، داناوە؟

**عەلی مێهرپەروەر**: تائیستا لایەنی حدک هەم وەڵامی نامەی کەمپینی داوەتەوە هەم دان بە بوونیدا دەنێ. بەلام لایەنی حدکا تا ئیستا بە نووسراوە وەڵامی نامەکانی کەمپینی نەداوەتەوە.

**تاهیر قاسمی**: دووپات کردنەوەی سیاسەتەکانی پێشووی حدکا لە لایەن کاک مستەفا هیجری لە گۆواری لڤین دا پێچەوانەی چاوەڕوانیی ئەو خەڵکە بوو کە پێیان وابوو بە دوای ئاشتی نێوان کاک حەسەن شەرەفی کەسی دووهەمی ناو حدکا و مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە دیارترین کەسایەتیی ناو حدک، رێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گۆڕانی لە سیاسەتەکانی دا پێک هێناوە یان پێک دێنێ. ئایا بە بڕوای جەنابت کاک حەسەن شەرەفی پێچەوانەی سیاسەتی حیزبەکەی جوڵایەوە و بە پێی وتەکانی کاک مستەفا، هەڵەی کرد؟

**عەلی مێهرپەروەر**: ئەو حەرەکەتە کە بەرێزکاک حەسەن شەرەفی وەک جێگری سکرتێری گشتی حدکا و بەرێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە وەک کەسایەتی دیاری ناو حدک لە رێورەسمی پەردە لادان لە سەر مونۆمێنتی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو لە وییەن نیشانیاندا هەر چەند لەخۆیدا حەرەکەتێکی بەجێ بوو، بەڵام زیاتر لەوە کە وەک ئاشتی لە نێوان نوێنەرانی دوو جەرەیانی سیاسی چاوی لێ بکرێ باشترە وەک دەربڕینی سۆزێکی دۆستانەی دووهاورێ و هاوسەنگەری پێشووی یەکتر سەیربکرێت. چوونکو ئاشتی مانای خۆی هەیە بەتایبەت ئاشتیی سیاسی. ئاشتی تەنانەت لەنێوان دووکەسی

ئاساییشدا دوای دەربڕینی گلەیی و گازەندەکان لە یەکترو قەبووڵکردنی رخنەکان لە یەکترو بەکورتی گەیشتن بە تەوافوق دێتە کایەوە. وەک هەنگاوێکی دروست لە ڕێورەسمێکدا بەڵێ بەڵام وەک شتێکی کاریگەر لە رەوتی یەکبوونەوەدا، بەداخەوە، نە.

**تاهیر قاسمی**: ئەوە راستە کە کێشە و ناکۆکیە چەند ساڵەییەکانی حیزبی دێموکرات خۆی زەمینەی ئەو لەتبوونە بوو. بەڵام کۆماری ئیسلامی زیاترین قازانجی لەو لەتبوونە پێ برا. ئایا دەتوانین بە شێوەی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ شوێن پێی ئیتلاعات لەو لەتبوونەدا ببینینەوە؟

**عەلی مێهرپەروەر**: ئەو لێکدابڕانە شتێکی کوتووپڕو "خلق الساعه" نەبوو بەڵکوو ئاکامی کەڵەکەبوونی کێشە چارەسەر نەکراوەکانی کۆن بوو. چارەسەرەکەیشی نە ئاسانە و نە کاری یەک رۆژ و دوو رۆژە.

ئەوەی کە دوژمنانی گەلی کورد و لەسەرەوەی هەموان کۆماری ئیسلامی کەڵکی لەو رووداوە وەرگرتبێت، قسەی تێدا نیە و سروشتییە کە کۆماری ئیسلامی ویستبێتی کەلێنی نێوان دوو جەناح لە حیزبدا هەرچی زۆرتر قووڵ و بەرینتر بێتەوە. ئەو ریژیمە بە درێژایی تەمەنی خۆی هەوڵی داوە کە مۆرەکانی خۆی بخزێنێتە نێو ریزەکانی حیزبەوە. زۆر جاریش لەو کارەدا ئەگەر بۆ کورت خایەنیش بووبێت سەرکەوتوو بوە و زۆر جاریش مۆرەکانی ئاشکرابوون و لە حیزب وەدەرنراون. ئەوەی کە بەداخەوە دەرەتانی لەباری بۆ مۆرەکانی ریژیم دەرەخساند کەش و هەوای ململانێیەکی ناسالم لە نێو حیزبدا بوو. ئەو مۆرانە هەوڵیان دەدا بە خۆ نزیک کردنەوە لە جیناحێک پشتی خۆیان قایم بکەن. مەبەستی من ئەو کەسانەن کە بە پێی رێنوینی ریژیم دەیانویست خۆ لە نێو لاوانی بەهەست دا حەشار بدەن و بخزێنە نێو ریزەکانی حیزب و ئەرکەکانیان بەرێوە بەرن، دەنا هەر وەک وترا زۆر لاوی شۆرشگێر و نیشتمانپەروەر هاتوونە نێو ریزەکانی حیزب و لەوپەری دڵسۆزیدا خزمەتیان بە گەلەکەی خۆیان کردوە. بۆیە نابێ حیسابی ئەو لاوانە لە گەل هێندێک سیخۆر کە بە زۆری پەتەیان دەکەوتە سەر ئاو و لە حیزب وەدەر دەنران تێکەڵ بکرێت. بەو حاڵەش ناکرێ بە دڵنیاییەوە بوترێ کە هیچ مۆرەیەکی رژیم نەیتوانیوە خۆی لە نێو ریزەکانی حیزبدا مەڵاس بدات. گومانی تێدا نیە کە ئەو جۆرە کەسانە زۆر بە وریایی و بە پێی ئەو رێنوێنیانە کە وەریانگرتوە، یان بە کەڵک وەرگرتن لەو ئیمکاناتە بەرفراوانەی پیوەندی کە ئیستا لەبەردەست دایە وەک تۆری ئینترنیت، موبایل و... رۆژانەش رێنوێنی وەردەگرن و ئەرکی خۆیان بە پێی راسپاردەکانیان بەجێ دەگەیەنن. سەرەرای ئەوانە ناکری دابەش کرانی حیزب بەکاری ریژیم دابنرێ بەڵکووتاوانباری سەرەکی خۆمان بووین وک ئەوەی کە دۆڕاوی سەرەکیش هەر خۆمانین.

**تاهیر قاسمی**: ڕاگەیاندن بە تایبەت تۆڕی ئینترنێت ڕۆڵی سەرەکی لە تەقاندنەوەی کێشەکان و قوڵ کردنەوەی ناکۆکیەکان دا بینی. ئەگەر بەشێکی بۆ هەڵەی ڕێبەریی و بەدەنەی حیزبەکە لەم بارەوە بگەڕێنینەوە، ئایا دەتوانین بەشێکیش بۆ ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی تەرخان بکەین؟ بە تایبەت مەبەستم بابەتە بێ ناوەکانە.

**عەلی میهرپەروەر**: هیچ گومانی تێدانیە کە کۆماری ئیسلامی تەنیا لە یەک شێوە بۆ زەربە وەشاندن لە نەیاران و و ئۆپوزسیۆنی خۆی کەڵک وەرناگرێت بەڵکوو لە هەموو ئیمکاناتێک بۆ تێکدانی ڕیزەکانیان سوود وەر دەگرێت. ڕیژیم دەرەتان و ئیمکاناتی زۆری لەبەر دەستدایە وەک ڕادیو، تلویزیۆن، ڕۆژنامە، ئینتیرنیت و... زۆر کەرەسەی تەبلیغی دیکە. لەو نێوەدا کەسانێک هەن کە بە نووسینی بابەتی جۆراوجۆرو سازکردنی درۆ و دەلەسە و بڵاو کردنەوەی زانیاری نادروست و هە وڵدان بۆ بنکۆڵکردنی بیروباوەرەکان و لەبەرچاو خستن و سووک و بێ بایەخ کردنی بەهاکانی جێی ڕێز لە نێو خەڵک و لە نێو حیزبەکاندا نەخشی خراپ دە گێرن و ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ سوودیان بە ڕیژیم گەیاندوە. ئەو بابەتانە کە زیاتر بە ناوی خوازراو بە دژی ئەم یان ئەوکەس یان لایەن لەسەر هیندێک سایت بڵاو دەکرینەوە بە زۆری فریان بەسەر ڕاستیەوە نەبوە و نیە. بەڵام چ پێمان خۆش بێت چ ناخۆش بێت هەر کام لەو بابەتانە کەم تا زۆر کاریگەریان لەسەر خوێنەرانی خۆیان هەیە. لێرەدا با ئەوەش بڵێین کە ئەو سایتانە کە ڕێگە بە بڵاوکردنەوەی بابەتی ناراست وبێ بەڵگە و تۆمەتی دڵ دوژمن خۆشکەر دەدەن لەو نێوەدا بێ تاوان نین. چونکوو وا نیە کە هیچ بابەتێک بە بێ ڕەزامەندی بەرپرسانی ئەو سایتانە چووبێتە سەر سایتەکان. ئەگەر زۆر خۆشبینانە چاو لە مەسەلەکە بکەین ئەوەیە کە خاوەنی ئەو جۆرە سایتانە ئەگەر بابەتێک بە دژی خۆیان نەبووبێ با دژی هەر کەس و لایەنێک بوو بێت، دایاننناوە و پاساوی ئازادی بەیانیان بۆ هێناوەتەوە. (لێرەدا مەبەستی من ئەوە نیە کە ئەو سایتانە بە مۆرە و دەستکردی ڕیژیم بزانم و ئەو تاوانە ناخەمە پاڵیان) تەنیا ئەوەیە کە بیانهەوێ و نەیانهەوێ ڕژیم پتر سوود لەو مەسەلە وەردەگرێت. نووسینی بابەت لە ژێر ناوی خوازراو لەسەرهەندێک لە سایتەکاندا بووەتە کارێکی ئاسایی بێ ئەوەی تاوانبارکراو بزانێ وەڵامی چ کەسێک بداتەوە. دیارە ڕخنەی بە جێ و بە بەڵگە هەر چەند تاڵیش بن، کەس ناتوانێ نکۆڵیان لێ بکات و هیچ پێویستیش ناکات بە ناوی خوازراو بن. ئەو جۆرە بابەتانە دەرکی دیالۆگ ومناقشەی شارستانیانە دەکەنەوە و سایتەکانیش بۆ وەها بابەتگەلێک تریبوونێکی باشن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ١٤ی ڕەزبەڕی ١٣٨٩ = ٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٠

## دیمانە بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دێموکڕاتەکان

**ڕەحمان نەقشی**

**پرسیار**: کارتێکەریی یەکگرتنەوەی دێمۆکڕاتەکان لەسەر بزاڤی رزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن دەبینی؟

**وەڵام**: بزاڤی رزگاریخوازیی کورد لەسەرانسەری سەدەی بیستەم و دوو دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەک لەهەموو پارچەکانی کوردستانی دابەشکراودا بەردەوام بووە. لەهەرکام لەو چوار بەشەدا مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردن و هەوراز و نشێوی تایبەت بە خۆی هەبووە. ئەوەی کە لە هەمواندا هاوشێوە بووە، دەسەڵاتداریەتی ڕیژیمگەلێکی دیکتاتوری و ستەمکار و ئەگەر نەڵێین هاوپەیمان لەگەڵ یەکتر، دەتوانین بڵێین وەک یەک سیاسەتی سەرکوتی ئەو جووڵانەوەیان پێرەو کردوە. هەرکاتێک لەهەرکام لەوپارچانەدا دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی رووی لەکزی کردوە یان لەو وڵاتانەدا بۆشایی دەسەڵات هاتوەتە پێش، بزاوی رزگاریخوازی کورد، گەشەی سەندوە و وەک ئاگری بن خۆڵەمێش جارێکی دیکە گەشاوەتەوە و بڵێسەی سەندوە. بەڵام مەخابن لەو هەموو گۆرانکاریانە کە لەو ماوە دووردرێژەدا بە سەر وڵاتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا هاتووە، تا ئێستا تەنها باشووری کوردستان بەشێوەی یاسایی بوەتە خاوەن نیمچە حکوومەتێکی کوردی کە ئەویش هەردەم هەرەشەی لەسەرە. کوردەکانی بەشی ڕۆژئاوای کوردستانیش بەشێوەی نافەرمی و بەکردەوە ئێستا ناوچەیەکی خۆبەرێوەبەرییان دامەزراندوە، کەئەویش لەلایەن تورکیە و هەروەها ڕیژیمی سووریەش هەرەشەی لە نێو بردنی لەسەرە.

بزاڤی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، جگە لەسەردەمی سمکۆی شکاک کە ماوەیەک بەشێک لە رۆژهەڵاتی کوردستانی لە ژێر کونترولدا بوو و هەروەها لە سەردەمی کۆماری کوردستانیش دا کەبۆخۆی خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی کوردابوو،

بەداخەوە ئەویش پاش نزیک بە ساڵێک جوانەمەرگ بوو، ئیتر دەرەتانی خۆبەرێوەبەریی بۆ نەڕەخساوە. بۆیە تاکوو سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی ئەو بزووتنەوەیە چالاکی پچرپچر و پتر ناسەرکەوتووی هەبووە و ناچار بووە خەباتی نهێنی و ژێرزەوینی لە بارودۆخێکی دژواردا بگرێتە بەر .لەپاش شۆڕش بزووتنەوەکە بووژایەوە و حیزبەکانی چالاک لەو مەیدانەدا و لەسەرەوەی هەمووان حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران توانیان گوڕوتینێک بەجووڵانەوەکە ببەخشن کە بەداخەوە ئیستاشی لەگەڵ بێ کەوتنە بەر سەرکوتی بێبەزەییانەی ڕیژیمی دژی مرۆڤایەتی کوماری ئیسلامی.

لەلایەک سەرکوتی رژێم و لەلایەکی دیکەش پرژوبڵاوی ریکخراوەکانی نێو ئەو بزووتنەوەیە و پارچە پارچە بوونیان ئەوەندەی دیکەش بزووتنەوەکەی لاواز کرد. لە وەها بارودۆخێکدا ئەو یەکگرتنەوەیە دەسکەوتێکی گەورەیە بۆ رێکخراوە کوردیەکان و ئەوەمان پێ دەڵێ کە رەمزی سەرکەوتن لە یەکریزی و یەکیەتیدایە. دوو بەشی لێکترازاوی حیزبی دیموکرات لە راستیدا دەکرێ بڵێێن هەر لە رواڵەتدا جیاواز بوون دەنا لەستراتیژی، مێژوو، شەهیدەکان، ئامانج و پرینسیپەکاندا و .....هتد هاوبەش و دەکرێ بڵێین خاوەنی یەک رێباز بوون. هەر بۆیە ئەو خاڵە هاوبەشانە لێکی نزیک دەکردنەوە، یان لانیکەم نەیدەهێشت زۆر لەیەکتر دوور بکەونەوە. بەو حاڵەش خەڵکی کوردستان هەموو کاتێک داوای یەکگرتنەوەی دووبارەی لە ڕیبەرانی ئەو دوو لایەنەی حیزب دەکرد. دەکرێ بڵێین ئەو یەکگرتنەوە دەسکەوتی خەڵکی کوردستان لە رۆژهەڵاتە. هەربۆیە دەتوانی لە وەگەرکەوتنەوە و بەهیزترکردنی جووڵانەوەی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا کاریگەریی ئەرێنی هەبێ.

لەگەڵ ئەوەی نکوولی لەکاریگەریی ئەرێنی ئەو یەکگرتنەوە ناکری، بەڵام یەکگرتنەوە سەرەتایە و هەمووشتێک نیە. ئەوکاتە یەکگرتنەوە دەتوانێ مانای راستەقینەی هەبێ و سوودەکانی دەرکەوی کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە بەرنامەیەکی نوی و گونجاو لەگەل بارودۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی رۆژهەڵاتی کوردستان بێتەوە مەیدان. من بۆخۆم هیوادارم کە حیزب لەو زەمینە لەبار و کەش و هەوا ئەرێنیە کە بەهۆی یەکگرتنەوە لەنێو خەڵکی نێوخۆدا رەخساوە سوود و کەڵکی تەواو وەر بگری و گوڕ و تین بە جووڵانەوە کە ببەخشێ.

سەرچاوە: نامیلکەی کۆمەڵێک دیمانە بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دێموکڕاتەکان –

ڕێکەوتی: سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی

## بەشێک لە هاوخەمی وپرسە، نامە، پیرۆز بایی و هتد

---

### مەحموود خاسم

کاتێک ئەم ئێوارەیە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی دێرین و خەباتکاری حیزبی دیموکرات واتا کاک مەحموود خاسم بیست ماوەیەک تاسام و باوەڕم نەدەکرد، خراپتر و خەمناکتر لەوەش ئەوە بوو کە وترا کوژراوە هەرچەند هێشتا چۆنیەتی ڕووداوەکە روون نەبوەتەوە. هەرچۆنێک بێت فەوتی کەسانی وەک کاک مەحموود کە تەمەنێک بە شۆرو شەوقەوە و بەو پەڕی ئازایەتی و لەخۆ بردوویی و وریایەوە پێشمەرگایەتی کردوە و لەو ڕێگاوە ئەرکی نەتەوەیی خۆی بەو پەڕی ڕاستگۆیەوە جێ بەجێکردوە، بەراستی خەسارێکی گەورە بوو. من لەنزیکەوە کاک مەحموودم دەناسی و خەسڵەتە باشەکانی نەک هەر لای من بەڵکوو لای زۆر کەس جێی ڕێز و حورمەت بوو. یەکجار زۆر بەداخم بۆ مەرگی بەناوەختی کاک مەحموود. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی و پڕ بەدڵ سەرخۆشی لە کەسوکار و بنەماڵەکەی دەکەم و خۆم بە شەریک و هاوبەشی خەمیان دەزانم. ڕۆحی شاد بێت.

٢٨ - ٢ - ٢٠١٦

---

### سید رەزای درودگەر و کاک چەکۆی رەحیمی

بەداخێکی گرانەوە لە کەمتر لە یەک حەوتوودا دوو خەباتکاری ڕێی ئازادی، دووتێکۆشەری بە وەج و دوو ئەندامی ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران چ لە ڕابردوو وچ لە ئیستادا، واتا کاک سید رەزای درودگەر و کاک چەکۆی رەحیمی کۆچی دوییان کرد وهاوری و هاوسەنگەران و کۆڕی خەباتیان بەرێبوارانی ڕێگای ئازادی کوردستان سپارد . بەو بۆنە تاڵەوە سەر خۆشی خۆم بۆ بنەماڵە بەڕێزەکانیان، ئەندامانی ڕێبەری حیزب، هاورێ و هاوسەنگەرەکانیان و خەڵکی شارەکانی پاوە و مەهاباد دەر دەبڕم. خەمێکی واگەورە و خەسارێکێ بەوراده مەزن تەنیا بەهەوڵ و تێکۆشانی هاوڕییانی ماندو نەناسیان

تۆزقاڵێک سووک دەبێت و ئەرکە شۆرشگێرانەکانیا درێژەی دەبێت. هەزاران سلاو لە گیانی پیرۆزیان.

٢٠١٦ - ٥ - ١٣

---

**حەمەرسوول حەسەنپوور**

بەداخەوە رۆژ نیە هەواڵی کۆچی دوایی هاوڕێەکی خۆم نەبیسم ئیمرۆ ئاگاداری کۆچی دوایی هاوڕێی خۆشەویستم کاک حەمەرسوول حەسەنپوور بووم(هەرچەند چەند رۆژ پێشتر فەوتی کردوە) بەراستی خەمی لەدەست چوونی ئەو هاوڕێ ئارام و لە سەر خۆ و مەند و تێکۆشەرە دێرینە بۆ من دەردی سەردەردان بوو. هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی و لەکانگای دڵمەوە سەرخۆشی لە بنەماڵە بەرێزەکەی و هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی دەکەم. خۆم بە شەریک و هاوبەشی خەمیان دەزانم.

٢٠١٦ - ٦ - ٥

---

**مامۆستا مەلا محمد عوسمانیم**

ئیمرۆ هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستا مەلا محمد عوسمانیم بیست. مامۆستا پیاوێکی نیشتمانپەروەر و تێکۆشەرێکی ناسراوی ریزەکانی حیزبی دیموکرات بوو. بە درێژایی ئەو ساڵانەی کە مامۆستام دەناسی نەمدی ونەمبیست کە هیچ کەسێک جگە بەباشی وەسفی ئەو مرۆڤە بکات. لەگەل گەورە، گەورە و لەگەل بچووک، بچووک بوو. هەر بۆیە لای هەموو ئەندامانی حیزب و ئەوانەی کە دەیانناسی جێی رێز و ئیحتیرام بوو. بۆ حیزبی دیموکرات کەسانی وەک مامۆستا مەلا محمد سەرمایەیەکی گەورە و مەزن بوون. گومانی تێدانیە کە نەمانی مامۆستا کەلێنێکی گەورە لە ریزی هاوسەنگەرەکانی بەدی دێنێت و خەسارەتێکی مەزنیش بوو کە لە حیزب و لە جووڵانەوەی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان کەوت .لە کانگای دڵمەوە سەرخۆشی لە حیزبی دیموکرات[ بەهەر دوو بەشەکەیەوە] و لە بنەماڵە بەرێز و موحتەرەمەکەی ولە هەموو ئەندامانی حیزب دەکەم و خۆم بە شەریک و هاوبەشی خەمیان دەزانم. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی مامۆستا مەلا محمدعوسمانی. رۆحی شاد بێت.

٢٠١٦ - ١١ - ١٧

### بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز

بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز رۆژی پێشمەرگەی کوردستان، لە کانگای دڵمەوە پیرۆزبایی خۆم پێشکەشی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، و هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان دەکەم. نابێت رێزگرتن لەو شۆڕشگێرە فیداکارانە تەنها لە رۆژێکی دیاریکراو لە ساڵدا خۆی قەتیس بکا، بەڵکو هەڵدەگری هەموو کات وساتەکان گەلی کورد شانازی بەرۆڵە پێشمەرگەکانی خۆیەوە بکا. ئەوەی کە کورد لە مێژووی خۆیدا سەرکەوتنێکی تۆمار کردبێ، بێ ئەملا و ئەولا جێپەنجەی فیداکاری هێزی پێشمەرگەی پێوە دیاربوە. پێشمەرگە یادگاری کوماری کوردستانە و ئەگەر لەحەق دەرنەچین زۆر بە جوانی توانیویەتی ئاڵای خەبات بە شەکاوەیی رابگرێ وئەرکی پێئەسپێردراوی مێژوویی خۆی بەچی بگەیەنێ. لەخۆ بردوویی، فیداکاری لە رێگای ئامانجی بەرزی گەلێکی بێبەش و زوڵملێکراودا کاری هەر کەسێک نیە. بۆیە بەراستی بۆهەڵسەنگاندنی بایەخ و بەهای پێشمەرگە و پێشمەرگایەتی من بۆ خۆم پێوەرێکی وا شک نابم کە بارتەقای گەورەیی و بەهای ئەو بێ. مەگەر ئەمەکناسی گەلی کورد بتوانێ لە ئاست فیداکاری پێشمەرگە هاوسەنگیەکی هەبێ. هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی پیشمەرگە شەهیدەکانی کوردستان. سڵاو و رێزی بێ پایانم بۆ پێشمەرگەکانی کوردستان و بنەماڵە سەربەرزەکانیان.

١٥ - ١٢ - ٢٠١٦

---

### فەتاح کاویان

ئەم جاریش هەواڵی کۆچی دوایی هاورێ و هاوسەنگەریکی خۆشەویستی خۆم بیست. کۆچی دوایی کاک فەتاح کاویان هەرچەند بەلەبەرچاوگرتنی بارۆدۆخی تەندروستی بەرێزیان دوور لە چاوەروانی نەبوو بەڵام هەتا بڵێێ پر خەم و پرئازار و دڵەزێن بوو. کاک فەتاح مرۆڤێکی خەباتکار ، نووسەر، مامۆستا، قسەخۆش و مەجلیس ئارا، رێکوپێک وبەبەرنامە بوو. مرۆڤ کە دەی بینی بێگومان شتی لێ فیر دەبوو. کتێبی قامووسی حەوتەوانەکەی لە جۆری خۆیدا و لە ناوچەکەدا کەم وێنە بوو. بەو بۆنە تاڵەوە پرپەدڵ سەرخۆشی لە ئەندامانی حیزبی دیموکرات و هەمووهاورێکانی دەکەم . سەرخۆشی لە کچەتاقانە و دڵسۆزەکەی دەکەم. هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی. حەیف وسەد مخابن بۆ کاک فەتاحی رۆح سوک و قسەخۆش و ئەدیبەکەم.

١٨ - ١١٠ - ٢٠١٧

## ئەبو کەریمی

جارێکیتر و خەم ەو زامێکی تر. هەواڵی کۆچی دوایی کاک ئەبو کەریمی خەمبار و تاسیەباری کردم. من لە دوو روه کاک ئەبووم دەناسی و لەگەلی هاوریَ بووم یەکەم، وەک دووهاوکارو مامۆستا لە پەروەردە وفێرکردنی شاری مەریوان و وەک دوو هاوسەنگەر لە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا. کاک ئەبوو هەروەک مامۆستایەکی ئاگا و هۆشیار و وەک تێکۆشەرێکی ریگای رزگاری گەلی کورد جیگای رێز و قەدرلێنانە. پڕ بەدڵ بۆکۆچی دوایی ناوبراو خەمبارم . هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی. سەرخۆشی لە بنەماڵەی بەرێزی و لە رێبەرایەتی حیزبی دیموکرات دەکەم.

١٣ - ٢ - ٢٠١٧

---

## ساڵی نویَ و نەورۆز

بە بەبۆنەی هاتنی ساڵی نویَ و نەورۆزی کوردەواری جوانترین پیرۆزبایی خۆم پێشکەش بە هەموو گەلی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان و بە هەموو کوردە پەرتەوازەکان لە جیهاندا، دەکەم.ئاواتم ئەوەیە لە ساڵی نوێدا گری کوێرە وکێشەکانی نێو کۆمەڵگای کوردەواری بە دەست بکرێنەوە و پێویست بە ددان نەکات. ژیانێکی ئاسوودە، رۆحێکی ئازاد و بەدوور لە دەمارگرژی و یەک بوغزاندن بۆ مرۆڤایەتی بەگشتیی و گەلی کورد بەتایبەتی، بەئاوات دەخوازم . ساڵی نویتان پیرۆز، نەورۆزتان پڕلەشادی، دڵتان لێواولێو لەهیوا و داری هیواکانتان پڕبار بێ.

١٧ - ٣ - ٢٠١٧

---

## چارەنووسی پۆلێک لەپێشمەرگە

لە دوای تێکهەڵچوونەکانی ساڵی پاری پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی وڵات، چارەنووسی پۆلێک لەپێشمەرگەکانی ئەو حیزبە بە نادیاری ما بوو. پاش ساڵێک دەرکەوت بەداخەوە هەمووی ئەو پێشمەرگانە شەهید بوون. دیارە ئەوە یەکەم جینایەت و دوایین جینایەتی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی نەبوە ونابێ. بەو بۆنەتاڵەوە سەرخۆشی خۆم پێشکەشی بنەماڵە بەرێزەکانی ئەو شەهیدانە دەکەم و لەگەلیان خەمبارم. هاوخەمی خۆم لەگەل یەک بەیەکی ئەندامانی دەفتەری سیاسی و سەرکردایەتی و ئەندامان و پێشمەگەکانی حیزب دەردەبڕم. هیوادارم رێگای پڕلە شانازی ئەو پێشمەرگانە بێ رێبوار نەمێنێتەوە.

١٦ - ١٠ - ٢٠١٧

---

## بە راستی سەیرە!!

هەرچی لە رۆژی ٢٥ی٩ کە بۆ راپرسی گشتیی لە باشووری کوردستان لە لایەن زۆربەی حیزبەکانی هەرێمی کورددستانەوە راگەیاندراوە، نزیک دەبینەوە، روخسارەکان لە پێوەندی لەگەل ریفراندومی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد لەو بەشەدا روونتر دەبنەوە. بە درێژایی سەدەی بیست و بگرە پێشتریش بە جۆرێک لە جۆرەکان کورد هەوڵی سەربەخۆیی داوە و لەو پێناوەدا چ فیداکاریەک ماوە تابیکا و نەیکردبێ؟ بەسەدان هەزار شەهید و بریندار و کەم ئەندام، بەهەزاران گوندی وێران، بەمیلیۆنان دۆنم مووچەومەزرای وێرانکراو و سووتێنراو بە سەدان هەزار ئەنفال وکیمیاباران، بەمیلیۆنان خەڵکی دەربەدەری وڵاتان و.....هتد . ئیستا کە لە سەدەی بیستویەکەمدا دەرەتان و هەلێکی لەبارتر لە چاو رابردوو بۆ کورد لە باشووردا رەخساوە، کەچی کەس یان کەسانی وا لە بەشەی کوردستاندا پەیدا دەبن کە بە ئاشکرا وبەراشکاوی پلانی دەوڵەتە دوژمنەکانی کورد تەبلیغ دەکەن و دژ بە سەربەخۆیی کوردستان رادەوەستن و دەیان هەوی گوایە کەمپینیکیش لە مرۆڤە نیشتیمانپەروەرەکان!!! بۆ ئەو مەبەستەیان پێک بێنن. دژایەتی ئەو دەوڵەتانەی کە کوردیان بەسەردا دابەش کراوە سروشتیە و دەبێ هەروابێ. بە راستی چ عەقڵێکی سەلیم چاوەروانە کە ئێران، تورکیە، عێراق تەنانەت سووریەی شەقار شەقاریش دان بە سەربەخۆیی کوردا بنێن .بەڵام جێگەی داخ و سەێریش ئەوەیە ئەو کەسانەی بەراشکاوی و بە رووهەڵمالیەوە ئاڵای دژایەتی ریفراندومیان هەڵگرتوە، دژایتیەکەیان وەکوو نیشتمانپەروەری لەقەڵەم دەدەن، وەک ئەوەی

کە خوازیارانی سەربەخۆیی کوردستان واتە زۆرینەی خەڵکی کورد نانیشتیمانی بن. ئەوانە بیانووی سەیر بۆ هەڵوێستەکانیان دێننەوە. بۆ نموونە دەڵێن ئێران و تورکیە نارازین، لەوانەیە سنوورەکەیان بەسەر ئێمەدا دابخەن ئەودەم خەڵکەکەمان لەبرسان دەمرن و بەو جۆرە تووی ڕەشبینی لەنێو دڵی خەڵکدا دەچێنن و ئافەرینێک لە پاڵپشتەکانیانەوە وەردەگرن.یان دەڵێن ئامریکا و دەوڵەتە گەورەکان بەراشکاوی پشتیوانی خۆیان لە سەربەخۆیی کوردستان ڕانەگەیاندوە. پرسیار ئەوەیە لە لایەک چۆن ئامریکا یان وڵاتانی گەورەی دیکە بە ڕاشکاوی پشتیوانی لە دابەشبوونی وڵاتێکی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دەکەن.لەلایەکی دیکە دەوڵەتە زلهێزەکانیش چاوەڕوانن بزانن کورد بۆ خۆی چی ئەکا .هەر وەها ئایا ئێران یان تورکیە لەبەر چاوی ڕەشی کورد سنوورەکەیان کردوەتەوە؟ نەخەێر ئەوان لەبەر قازانج و بەرژەوەندی خۆیان ئەو سنوورانەیان بە ئاوەڵایی هێشتوەتەوە. مەگەر کومپانیاکانی ئەو دوو وڵاتە قازانجی کەمیان دەست دەکەوێت؟ مەگەر ئامادەن هەروابەسادەیی دەست لە بازارێکی پڕقازانجی وەک هەرێمی کوردستان هەڵگرن؟ لەوانەیە بۆماوەیەکی کورت ئەو کارە بکەن بەڵام هەرخۆیان بۆ کردنەوەی دەروازەکانیان و سوود وەرگرتن لە خێروبێری ئەوهەرێمە دەیکەنەوە. نموونەیەکی دیکە مەگەر عێراق چەند ساڵە بوودجەی هەرێمی کوردستانی نەبڕیوە؟ مەگەرئەوە گەمارۆی سەر کوردستان نیە؟ سەیر ئەوەیە ئەوانەی ئیستا دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان دەکەن جارێک لە جاران لە کاناڵە بێلانە!!! کەیانەوە ڕەخنەیەکیان لەو بارەوە لە حکوومەتی عێراق نەگرت و هەموو کاتێک ڕووی ڕەخنە ژەهراویەکانیان هەر لە حکوومەتی کوردی و خۆماڵی بوو[ بێزار کردنی خەڵک لەحکوومەتی خۆماڵی] و ئەوەی کە حکوومەتی عێراق دەیویست بانگەوازیان بۆ دەکرد و دەیکەن. لە ئیستادا عێراق تەنیا هێرشی سەربازی بۆ ماوەتەوە کە نەرۆژگارەکە ئەوە هەڵدەگرێت، نەکوردیش ئەو کوردە دەست کورتەی جارانە. کورد بێگومان ئەو قۆناخە بە سەرکەوتوویی تێئەپەرێنێ بەڵام ئاخۆ ئەو نەیارە دڵسۆزانە!!! چوون ڕوویان بێ سەیری ناوچاوانی بنەماڵەی شەهیدەکانی کوردستان و.....هتد بکەن.

٢٠١٧ - ٧ - ٢٦

---

## کۆچی مام جلال تاڵبانی

بەداخێکی زۆر گرانەوە ئیمرۆ هەواڵی کۆچی دوایی سەرکردە ی ناوداری کورد ڕێزدار مام جلال تاڵبانی سکرتێری گشتیی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لەئاستێکی بەریندا بڵاو بوویەوە. کەسایەتی بەرزی سیاسی مام جەلال کارێکی وای کردبوو کە لەچوارچێوەی کوردستاندا قەتیس نەمابوە بەڵکوو باڵی بەسەر عێراق و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کێشابوو. بۆیە کۆچی دوایی مام جلال بەراستی کۆستێکی گەورەبوو بۆ گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان. لەلایەن خۆمەوە پڕبەدڵ

سەرخۆشی خۆم پێشکەشی بنەماڵە گەورە و بەڕێزەکەی و گەلی کورد دەکەم. پێموایە هیچ قەڵەمێک ناتوانی بارتەقای گەورەیی ئەو گەورەپیاوەی کورد وەسفی شیاوی ئەو بکات. ڕۆحی شادبێ.

٢٠١٧ - ١٠ - ٣

---

## تروسکەی هیوایەک

لەسەر تەختی نەخۆشخانەوە ئەو چەند دێرە دەنووسم لەو چەند ڕۆژەدا بە دوو دەردەوە ناڵاندوومە.دەردی جسمی شتێکی سروشتی و بە دوور لە ئیرادەی مرۆڤە دەبێ لەگەلی بساچی. بەڵام دەردی کوشندە و جەرگبڕ ئەو بارودۆخەیە کە لە باشووری کوردستان ڕووی داوە. لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی بابەتەکە لەو هەراوبەزمەدا نەکەس گوێی بۆدگرێ و نە دەیخوێنێتەوە. دوکتورەکان پێم دەلێن ویروسێک هەر لە تەمەنی منداڵیتەوە لەلەشتا بەشێوەی نووستوو ماوەتەوە کە هەرکات دەرفەتێکی بۆبرەخسێ سەرهەڵدەدا و زەبریکت لێدەدا !!! زۆر سەیرە ئەوە دەمخاتە بەردەم ئەو پرسیارە کە لەشی گەلی کوردی ئازارچێشتوویش ویروسێکی وای هەیە. ویرووسی خەنجەرلە پشتدان!! ویرووسی پاڵدان بەدوژمن وپشت لەگەلی خۆکردن!! و....هتد وهیچ دەرفەتێکیش لەدەست نادا.

لەو ساتەدا دلم بۆئەو یەکیەتیە دەسووتێ کە سەردەمێک ئاڵای هەستانەوی لە شەوەزەنگی نسکۆیەکی داسەپێندراو بەسەر کوردی بەرز کردەوە. کەچی ئیستا لەوپەری شکۆ وسەربەرزی و لووتکەیی کوردا تاقمێک لەنێو یەکیەتیدا( بەوتەی دوو لەسەرکردە دیارەکانی نێو یەکیەتی)بەدست تێکەڵکردن لەگەل دوژمن ئاڵای ئەو شکۆیان خستەسەر عەرز!!! سەد مەخابن! هەواڵەکانی ئەو چەندرۆژە یەک لەدوایی یەک تاڵ و جەرگبڕ بوون. تەنها ئیمرۆ هەواڵی خۆراگریەکی قارەمانانە لەپردێ تروسکەی هیوایەکی لەدڵما گەشاندەوە هیوادارم ئەوتروسکەیە لەرۆژانی داهاتوودا ببێ بە ڕووناکایەکی بەتین وتەم و دوکەڵی نهامەتی کورد برەوێنێتەوە.

٢٠١٧ - ١٠ - ٢٠

---

**نامەیەکی کراوە و بەپەلە بۆ سکرتێرەکانی هەر دووبەشی حیزبی دیموکرات**

**هاوڕێانی بەرێز، کاک مستەفا هیجری و کاک مستەفا مەولودی**

**سڵاو!**

**سەرەتای ساڵی نوێی زایینی شاهیدی راسانی گشتیی خەڵکانی پانتای سەرزەوێنی ئێرانە. راسانێک کە تائێستا مارک و نیشانەی هیچ حیزب و لایەنێکی سیاسی یان جیناحی سەر بە ڕیژیمی پێوە دیار نیە، راسانێکی خەڵکی وەزاڵە هاتووی ئێرانە. راسانێک کە خوازیاری ئاڵوگۆڕی ریشەیی و بنەرەتی لە نیزام و سیستەمی هەبوویە. قسەی ئەوخەڵکە هەر ئەو بانگەوازەیە کە حیزبی دیموکرات بە درێژایی مێژووی پڕ لە فیداکاری خۆی دەیدا بە گوێی خەڵکی ئێراندا.**

**هاوڕێانی هێژا!**

**وەک دۆست و هاوخەباتێکی رۆژانی سەخت و دژواری بەربەرەکانی لە گەل ڕیژیمی گەل لێبیزراوی کۆماری ئیسلامی ولەو ئان وساتە هەستیار و مێژووییدا کە هەر چرکەساتێکی تۆمارکەری حەماسەیەکی خەڵکی راپەریوی ئێرانە، داواتان لێدەکەم چیدیکە دەسات لە سەر دەست دامەنین، چیدیکە یاری بە وشەی دیپلۆماتی مەکەن، چیدیکە کات بەبیانووی جۆراوجۆر لە دەست خۆتان مەدەن. من ئیستا ناڵێم لە رووی تەشکیلاتیەوە هەر ئیمرۆ یەکبگرن، بە لام بەجیدی داواتان لێدەکەم هەر لە ئیمرۆوە کە هیشتا دێرە لەسەر پلاتفۆرمێکی گونجاو بۆ کاری هاوبەش لەو قۆناخەدا رێکبکەوون. دڵنیابن ئەگەر کارێکی لەو چەشنەنەکەن، نەمێژوو دەتان بەخشێ نە خەڵکی بەئەمەکی کوردستان ئیتر بایەخێکتان پێدەدا. هەر ئیستا و هەر ئیمرۆ.**

**براتان علی مهرپرور**

**٢ - ١ - ٢٠١٨**

**بانگەواز**

**نا بۆدرێژەدان بە دوو دیموکراتی و بەڵێ بۆ یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان**

**وەک ئاگارن لە داهاتوویەکی نزیکدا کونگرەی ١٦هەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەرێوە دەچی. پێشاپێش داوای سەرکەوتن بۆ کونگرەکەیان دەکەین و هیوادارین کونگرەیەکی پڕبەرهەمیان هەبێ.**
**ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ئەوەیە لەو هەلومەرجە هەستیارە کە باڵی بەسەر ناوچەکە وئێراندا کێشاوە، داوا لەیەکبوونخوازانی دووبارەی حیزبی دیموکرات بکەین دەنگی خۆیان بخەنە پاڵ دەنگمان و داوایەکی جیدی لە بەشدارانی کونگرەی ١٦هەم بکەین لەم کونگرەدا لەلایەن خۆیانەوە کۆتایی بە دوو دیموکراتی بێنن و بریارێکی بوێرانە وراشکاوانە لە راستای سەریەکخستنەوەی دووبارەی دوو بەشی لێکدابڕاوی حیزبی دیموکرات بدەن.**

**بێگومان ئەوەی کە دوای ١١ساڵ دووری سەرەرای بوونی کەشوهەوایەکی سالم و دۆستانە لە نێوان ئەو دووبەشە، بەتایبەت لەم چەند ساڵەی دواییدا، هەنگاوەکان بۆ یەکگرتنەوە، سەرەرای هەوڵی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامان و رێبەری هەردوولا هێشتا ئاکامێکی ئەوتۆی لێنەکەوتوەتەوە کە جێگای رەزامەندی خەڵکی تامەزرۆی یەکبوونەوەی دووبارەی حیزب، بێ. دیارە ئەوە نیشانەی کۆسب و بەربەستگەلێکە کە لەورێگاداهەیە یان لە لایەن دژبەرانی یەکگرتنەوە دەخرێتە بەردەم رەوتەکە و نەبوونی ئیرادەیەکی جیدی بۆ لە سەر رێ لابردنی ئەو کۆسپانە.**

**کەمپەینی یەکبوونی حیزبی دیموکرات بۆ وەدیهاتنی ئامانجەکەی کە حیزبی دیموکراتێکی یەکپارچە و یەکدەست بوو، سەرەرای هەموو کەندو کۆسپەکانی بەردەمی چی لەدەستهاتبی کردوویەتی. با هەموو یەکگرتنخوازان دەنگی خۆمان بخەینە پاڵ دەنگی ئەو ئەندامانەی کونگرە کە خوازیارن بەربەستەکانی بەردەم یەکبوونەوەی دووبارەی حیزب هەڵبگرن و بتوانن بریارێکی راشکاوانە و بوێرانە لە راستای یەکگرتنەوەی دووبارەی حیزب لە فەترەزەمەنێکی گونجاودا بدەن و رێبەرایەتی داهاتووی حیزب بۆ جێبەجێکردنی بەرپرسیار بکەن.**

**چاوەروانی پشتگیریتانین**

**کەمپەینی یەکبوونەوەی حیزبی دیموکرات**

**١٤ - ٠٢ - ٢٠١٨**

**نەورۆزتان پیرۆز!**

به بۆنەی هاتنی سەری ساڵی نوێ، پیرۆزبایی خۆم پێشکەشی هەموو ئازادیخوازان، هەموو کوردانی سەرئەم زەویە و هەمووی ئەوکەسانە کە بەهاتنی نەورۆز دڵیان شاد دەبێ و خەندە دەکەوێتە سەرلێویان. پێشکەش بەهەموو کچ و کوڕ وپیرولاوی نیشتمانەکەم کە گەڕی هەڵپەرکێ تێکەڵ به گڕی ئاگری نەورۆز دەکەنەوە.

ساڵی رابردوو ساڵی بووژانەوە و چرۆ دەرکردنی هەستی پاکی نەتەوایەتی کورد بوو. ئەو کاتەی کە ئالای سەربەخۆیی لە تەنیشت گشتپرسیەکی گشتگیر لە باشووردا دەشەکایەوە. ماوە کەم بوو بەلام لەو دەرفەتە کەمەیشدا کورد هاواری پنگخواردووی سەدان ساڵەی پڕ بە گەرووی بەرزکردەوە کە ئازادی و سەربەخۆییم دەوێ. چ رۆژگارێکی شیرین بوو!! وەک هەمووجارێ دوژمنان کەوتنەخۆ ناکۆکیەکانی نێوخۆیان واز لێهێنا و نەوتیان بە ئاگری ناکۆکیەکانی نێو ماڵی کوردا کرد. نەیان هێڵا خونچەی هیواکانمان دەم بکاتەوە و هەڵیان وەراند.

لەئێرانی بەلا لێدراوی ئێمەدا سەرئەنجام خەڵکی وەزاڵەهاتوو بەپانتایی وڵات رژانە سەر شەقامەکان و قسەی دڵی پڕ کوڵی خۆیان کە مەرگ و نەمان بۆ ریژیمی ئاخوونەکان بوو، برووسکەئاسا گەیاندە ئەم مسەر وئەوسەری وڵات. هەرچەند هیشتا کۆشک وتاج و تەختی ئاخووندەکان لەسەرجێی خۆیەتی بەلام وەک تاقی کەسرا درزی تێکەوتوە شەقی بردوە و تالاوی جینایەتی ئاخووندەکان هاتوەتەوە نێودەمیان و بۆشیان قورت نادرێتەوە.

بەداخەوە خەمی کورد لەو ساڵەدا هەر خەمی کەرکووکی بێناز نەبوو، خەمی عەفرین و رمبازی دیکتاتۆری مەلای بێمەزەریشی هاتە سەر. سەرەرای هەمووخەمە گورچووبڕەکان، کورد مافی خۆیەتی کە نەورۆزەکەی بپارێزی. بۆیە دەلێم نەورۆزتان پیرۆز.

١٧ - ٣ - ٢٠١٨

### نە بە ئیعدامی رامین حسین پناهی

دەڵێن زوحاک هەموو رۆژێک بۆ تێرکردنی مارەکانی سەرشانی پێویستی بە مێشکی دوولاو بوو. ئەوە داستان و ئەفسانەیە، بەڵام رەمزی مانەوەی هاوچەشنیە لەگەڵ ژیانی ئەمرۆی کۆمەڵگای ئێمە. زۆحاکەنی ئەمرۆ مارەکانی سەرشانیان برسیتر و هارتر و ژەهراویترن لە مارەکانی سەرشانی زوحاکی ئەفسانە . مارەکانیان پێوەیستیان بەخوێنی لاوان هەیە نە یەک نە دوو نە.... ئەویش لەجنسی کورد. پیانوایە خوێنی رامینەکان دەتوانن مارەکان تێربکەن و ئاسوودەیی بۆ مارلەسەر شانەکان بەدیاری بێنن !!! باچیمان بۆ دەکرێ نەهێڵین چیتر رامین و رامینەکان ببن بەخوراکی مارەکانی سەرشانی زۆحاکە مێزەربەسەرەکان! خوزگا کاوەکان زووتر فریا کەوتایەتن و کۆتاییان بەتەخت وبەختی زوحاکەکان بهێنایە.

٢ - ٥ - ٢٠١٨

---

### مانگرتنی خەڵکی شاری بانە نموونەیەکی بەرزی خۆراگریە

نزیک بە بیست رۆژە کە خەڵکی تێکۆشەری شاری بانە بەنیشانەی دەربرینی نارەزایەتی سەبارەت بە سیاسەتەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لەمەر بەستنی سنوورەکان و نانبرینی خەڵکی کاسبکاری ئەو شارە، بە داخستنی دوکان وبازار و شوێنی کەسبوکاریان نموونەیەکی بەرزی خۆراگریان نیشانداوە کە دەبێ دەرسی لێوەربگیرێت. بەبڕوای من تەنانەت ئەگەر خەڵکی ئەو شارە خۆراگرە بە ئامانجەکانی خۆشیان نەگەن و ریژیم بەزۆر مانگرتنەکەیان بشکێنی ئەوان بەنیشاندانی ئەو یەکگرتوویە کەم وێنەیە ئاستێکی بەرزی خەباتی مەدەنیان نیشانی خەڵکی کوردستان داوە. لەوماوەدا رێژیم هەوڵێکی زۆریدا تاکووبەدانی وادەی بێناوەرۆک ئیرادەی خۆراگری ئەوشارەقارەمانە تێک بشکێنێ بەڵام ئیستاشی لەگەڵ بێ سەرکەوتوو نەبوە. من شتێکم نیە جگەلەوە بڵێم خەڵکی بانە سەلماندیان هەروەک ئاربەبا خۆراگرن. ئەوشانازیتانە لێ پیرۆزبی.

٤ - ٥ - ٢٠١٨

---

## چوار لاوی مەریوانی

دوێنێ چوار لاوی مەریوانی بەتەمەن نەزۆر گەورە بەڵام بەعەقڵ و هەست بە بەرپرسایەتیکردن لەئاست وڵات ونیشتمانیان زۆرگەورە و مەزن بوون، بەرواڵەت بەهۆی ئاگرکەوتنەوە لە لێرەوارەکانی ناوچەی مەریواندا گیانی شیرینیان لەدەست دا و نەک بەتەنێ بنەماڵەکانیان بەڵکوو شارێک، نەک شارێک بەڵکوو دەتوانم بڵێم ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان تاسیەبار کرد. ئەولاوە فیداکار،نێشتمانپەروەر و نیشتمان پارێزانە چۆن گیانیان لەدەستدا هێشتا بەوردی رون نیە بەڵام وەک ئەوەی باسدەکرێ گوایە مینە بەکارهاتوەکان لەو شوێنە ئەویش بەناوی شەڕی ئێران وعیراق کە پاش ٣٠ساڵ دوای تەواوبوونی ئەو شەڕەنگریسە هێشتا رۆڵەکانی نیشتمانەکەمان دەکەنە قوربانی،بوە. پرسیار ئەوەیە خۆ ئەومینانە ئەگەریش لەکاتی شەڕی نیوان ئەودووڵاتەدا دانرابی کێ لە کۆکردنەوەی وهەڵگرتنی بەرپرسە.؟ بەدڵنیایەوە ئەومینانە لەلایەن رێژمی ئاخوندیەوە دانراون، چوونکوو تائەو جێگە من شارەزابم ئەو شوێنە هیچکات مەیدانی شەڕی ئەو دووڵاتە نەبوە. کەوابوو بەرپرسی راستەوخۆی ئەوکوشتارە هەر ریژیمی مرۆڤکوژی کۆماری ئیسلامیە. گوڵە سووتاوەکانی وڵاتی گوڵ و زرێبار! بێگومان ئێوە شەهیدی راستەقینەی نیشتمان پارێزین. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکتان. سەرخۆشی لەکەسوکار وخەڵکی شاری کانگای هونەر و جوانی واتا مەریوان ئەکەم. هەزارجار منیش نوقمی خەمتانم.

٢٦ - ٨ - ٢٠١٨

---

## موشەکباران کردنی بارگاکانی حیزبی دیموکرات

جاریکتر وجینایەتیکتر .ئیمرۆ کوماری بەخوین گۆچکراوی ئیسلامی بە موشەکباران کردنی بارگاکانی حیزبی دیموکرات ژمارەیەکی بەر چاو لەرۆلە شۆرشگیرەکانی گەلی کورد ی کردە قوربانی .لەگەل مەحکووم کردنی ئەو جینایەتە ،هاوخەمی خۆم لەگەل هەموو تیکۆشەرانی دیموکرات رادەگەیەنم.سەرخۆشی لەبنەمالە ی بەریزی شەهیدەکان دەکەم. ئاواتەخوازم کەبریندارەکان بە زووترین کات سلامەتی خویان بەدەست بیننەوە. مەرگ ونەمان بۆکۆماری ئیسلامی

٨ - ٩ - ٢٠١٨

## نازانم بۆ کام یەک بگریم

نازانم بۆ کام یەک بگریم بۆئەو پێشمەرگە لاوانە کە تازە خەریک بوو خۆیان دەرشت وگوڵی هیوایان دەپشکوت؟ بۆ ئەو دۆست وهاورێ و ئازیزانەی کە تەمەنێک پێکەوە تاڵی وسوێری خەباتمان چێشتبوو،هاوئاوات وهاوخەبات و هاوئازار و هاوشادی[ئەگەر برەخسایە] بووین؟ بۆ مەزڵوومیەتی گەلی کوردی هەمووکات گەلەکۆمەکی لێکراو؟ بۆحکوومەتی هەرێمە بێدەسەڵاتەکەم کە هەموو رۆژی دوژمنان هەوڵدەدەن کەرامەتی بشکێنن وئەویش دەستەوەسانە؟ بۆ حیزبی دیموکراتی رۆڵەکوژراوی جەرگبڕاوی شەهید لەکۆڵی دووکەرتبوو؟ بۆئەو منداڵانەی کە جارێکی دیکە دایک وبابە پێشمەرگەکەکانیان نابیننەوە و بۆکورووز لە هەنسکەکانیان بەرز دەبێتەوە؟ بۆ خۆم کە لە دوورەوڵاتەوە جگەلە ئاخ هەڵکێشان چارێکم لەدەست نایە جگەلەوەی هەزاران سڵاو بنێرم بۆ گیانی پاکی شەهیدەکان و هەزاران نیفرەت لە بکوژانی دیموکراتەکان و رامین و زانیار و لوقمان و.... بکەم.

٨ - ٩ - ٢٠١٨

---

## سامی هاوارێکی بیدەنگ

ئیمرۆ دوای پێنج رۆژ لە تاسان، دوای پێنج رۆژلە قەتیس مانەوەی فرمێسک لە چاوەکانمدا، دوای پێنج رۆژ لە بێزاری دڵێکی پڕاوپڕ لە نیفرەت لە حاکمانی زاڵمی بەخوێنگۆچکراوی ریژیمی مێزەربەسەرانی کەڵەبۆک، بەڵێ ئیمرۆ خەڵکی رۆڵەکوژراوی کورد لە رۆژهەڵات لەو پەڕی بیدەنگیدا پڕبە پانتایی شارو گوندەکانی نیفرەت وبیزاری خۆی رووبە جینایەتی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دەربڕی. کە لەلایەک ئاوێکی بەسەر ئاگری دەروونی گڕگرتووی من وبە میلۆنان کوردی نیشتمانپەروەردا، کرد. ولەلایەکی دیکە گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان نیشانی دا هیچکات لەئاست زۆڵم وزۆرو ترس وئیرعاب بەچۆکدا نەهاتوە ونایەت. ئیعدامی لاوەکانی کورد، مووشەکبارانی بنکەوبارگای دیموکراتەکان، هەرچەند کوردەکانی لە ناخەوە خەمبار و نیگەرانکرد، ولە هەمانکاتدا بۆ چەند ساتێک بزەی شادی شەیتانی خستە سەرلێوی بارگرتووی کاربەدەستانی تۆقاو لە تەوژمی رقی پنگخواردووی خەڵکی ئێران، بەڵام ئەو وەڵامە بەتین و لێبڕاوانەی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ جارێکی دیکە تامی تاڵی کەکرەئاسای بە کاربەدەستە دەستەوسان لە ئاستی ئیرادەی ئازادیخوازی گەلی کوردا، چەشاند و تیبیان گەیاندن کە ئەگەر ئێوە بە مووشەکەکانتان توانیبیتان چەند شاخەیەک لە داری

بن ئەستووری دیموکراتی هەمووکات شۆڕشگێر بشکێنێتەوە، بەڵام دەبێ بۆتان روون بووبێتەوە کە هیچکارێکتان لە ئاستی رەگ و ریشەی لە دڵی خەڵکی کوردا چەقیوی ئەو دارە حەفتاو چەند ساڵەدا بۆ ناکرێ. ئەو دارە کە بەخوێنی لاوەکانی کورد ئاودراوە هەر بەزوویی چرۆی نوێ دەردەکا.

هەزاران سڵاو لە تاک بەتاکی گەلی کورد لە رۆژهەڵات کە جارێکی دیکە و لەکات وساتێکی هەستیاردا هەڵوێستی ئازایانە و ژیرانە و شۆڕشگێرانەی خۆی دژ بە زاڵمان و داگیرکەرانی کوردستان نیشان دا.

۱۲ - ۹ - ۲۰۱۸

---

## خوشکی گەورەم و ئازیزم

بەداخێکی گرانەوە ئیمرۆ هەواڵی کۆچی دوایی خوشکی گەورەم و ئازیزم دادە فاتمەم پێگەیشت. دادەم ماوەیەک بوو بە دەست نەخۆشیەوە گرفتار بوو. مەخابن ئیمرۆ بەیەکجاری ماڵئاوایی لێکردین داخەکەی گرانترە کە بەهۆی ئەو بارودۆخە بەرۆکی بە ئێمەو مانانی دوورکەوتووی وڵاتەوە گرتوە، تەنانەت ناتوانین لە سەر گۆڕەکەی ئامادە بین. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکت خۆشکە میهرەبانەکەم.

۲ - ۱۱ - ۲۰۱۸

---

## سوپاس وپێزانین

لەچەند رۆژی رابردوودا بە هۆی فەوتی خوشکی گەورەمان دادە فاتمە، ژمارەیەکی زۆرلە خەلکی مەریوان هەم لە بەخاک سپاردن وهەم بە بەشداری لەسەرخۆشیەکەیدا منەتباریان کردووین. هەروەها لەدرەوەی وڵاتیش ئەژمارێکی زۆر لە دۆستان و هاوریانی رێزدارمان، لەرێی تیلفۆن، ئیمەیل یان تۆرە کۆمەڵایەتیەکان یان لە نزیکەوە هاوخەمیان لەگەل کردوین و

خەمیان لەگەڵ بەشکردوین بۆیە لە لایەن خۆم وبراکانم و هەموو بنەماڵە کەمانەوە ڕێز و سوپاس و پێزانین پێشکەشی هەموو ئەو ئازیزانە ئەکەم.هیوادارم هیچکامیان خەم نەبینن و هەمووکاتێک شادی میوانیان بێ .لەوەی کە نەمتوانیوە بەیەک بەیەکی ئەو ئازیزانە ڕاستەوخۆ وەڵام بدەمەوە داوای لێبووردن ئەکەم.

٥ - ١١ - ٢٠١٨

---

## ئەنوەر سوڵتانی

نازانم بۆ مەرگی شاعیرێکی هەست ناسک، شۆڕشگێر،ئیسک سووکی قسەزانی قسە خۆش، مرۆڤێکی پڕبە مانای خۆی ڕیزدار و بەکەرامەت.......چ بنووسم کە بارتەقای مەزنی ئەو مرۆڤە گەورەیە بێ، جگەلەوە بڵێم، داخی گرانم بۆ مرۆڤە دڵ پڕلەهیوای ڕزگاری گەلەکی و ڕزگاری نەدیو، هەزاران سڵاو لەگیانی پاکت کاک ئەنوەر گیان، سوڵتانی شیعر و هەستی بەرزی نیشتمانپەروەری.هەزاران سڵاو وماڵئاوا.

٧ - ١٢ - ٢٠١٨

---

## سوپاسنامە

بە داخێکی گرانەوە خاتوو گوڵباخ کۆنەپۆشی هاوسەری کاک مستەفا میهرپەروەر ڕۆژی ٢١ - ٢ - ٢٠١٩ لە شاری هەولێر تووشی جەڵدەی دڵ بوو و دوای ٥ ڕۆژ ململانێ لە گەڵ مەرگ ڕۆژی ٢٦ - ٢ - ٢٠١٩ لە نەخۆشخانەی ڕزگاری لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد.لەم ماوەیەدا کەسان و دۆستان و خەمخۆرانێکی یەکجار زۆر بە پەرۆشمانەوە بوون و تەسەلایان پێداین.

بەو بۆنەوە لە لایەن بنەماڵەی میهرپەوەر و کۆنەپۆشیەوە سوپاس و پێزانینی خۆمان پێشکەش بە:

- دوکتۆر و کارمەندانی بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی رزگاری دەکەین کە هەوڵێکی زۆریان بۆرزگارکردنی خوالێخۆشبوو گوڵباخ کۆنەپۆشی لە چنگی مەرگ دا.

- هەموو ئەو کەسایەتی و لایەنانە دەکەین کە لەو ماوەیەدا لە هەولێر چ لە کاتی نەخۆش کەوتن و فەوت و تەشجیع جەنازە و بەخاکسپاردنی، چ لە ڕێورەسمی پرسە و سەرەخۆشی چەند ڕۆژەیدا کە لە هەولێر، سلێمانی ، پێنجوێن، کەرکووک و دەورووبەر بە بەشداریکردنیان هاوخەمیان لە گەڵ کردین.

- خەڵکی بەویژدان زینـدووی شـاری مەریـوان کە بەشێوەیەکی بەرچـاو بەشـداری ڕێورەسـمی پرسـە و سەرەخۆشـی ئەو مەرحوومەیان کرد و بە بەشداریان تەمی خەمیان لێ ڕەواندینەوە.

- بنەماڵەی ڕێزدار جەنابی شێخ تاهیر و شێخ ئەنوەری نزارە کە لە یەکەم ساتەکانی نەخۆشکەوتنی مەرحوومە گوڵباخ کۆنەپۆشیبە تەواوی خێزانەکانیانەوە لە هیچ هەوڵ و خزمەتێک بۆ هاوخەمی و لە ئەستۆگرتنی پرسە و سەرەخۆشی و میوانداریی لە خەڵکێکی زۆر درێخیان نەکرد.

- دوستان و لایەنە سیاسیەکانی ڕۆژهەلات و کوردانی نیشتەجێی ولاتانی نورویژ و سوئێد، کە بەو پەڕی دڵگەرمی و دڵفەراوانییەوە لە ڕێگەی دوور و نزیکەوە بەبەشداری لە پرسە و سەرخۆشیدا، هاوخەمی و پەرۆشی خۆیان لە گەڵ دەربڕیوین.

- ناوەندی ئاینیی قازی و بەرێوەبەرەکانی، کە ئەوپەڕی هاوکارییان لە گەڵ کردین تاکوو ڕێورەسمی پرسەکە لە ئوسلۆ بە باشی بەڕیوە بچێ.

- هەموو ئەو کەس و لایەنانە کە چ لە ڕێگای تەلەفون وچ لە ڕێگای تورە کۆمەلایەتیەکانەوە هاوخەمیان لەگەڵ دەربڕیوین. بەهۆی ئەوەی کە نەمانتوانیەوە بە یەک بە یەکی ئەو ئازیزانە وەلام بدەینەوە داوای لێبووردن دەکەین.

بە گشتی هاوخەمی و هاودەردی هەموو ئەو دۆست و ئاشنا و مرۆڤە خەمخۆرانە لەو ماوەدا، بوو بە مایەی سووکنایی دڵی پڕ ناسۆرمان، بۆیە لە کانگای دڵمانەوە سوپاسیان دەکەین. ئەگەر ئەو هەموو دەربڕینی هاوخەمیە نەبوایە بێ گومان پشتی ئێمە لە ژێر باری خەمەکەدا دەچەمایەوە.

لە گەڵ ڕێز و حورمەتی دووبارەمان.

بنەماڵەی مێهرپەروەر و کۆنەپۆشی

١٠ - ٣ - ٢٠١٩

**گەڕانەوەی کاک "مظهر" و چەند قسەیەک**

کاک مەزهەری خالقی لەگەڵ تەشیەکی شیرین، شیرین هاتەنێو دڵی خەڵکی کورد. بەگۆرانیەکانی کاک مەزهەر ئەوەندەی دیکە گوێگرانی ئەوکاتی رادیۆ کرماشان زیادی کرد. دوای ئەوەی بۆ خۆی بوو بە بەرپرسی رادیۆ، دەنگی لەرادیوکە کپ کرا[جانازانم بۆ خۆی وەها بڕیارێکی دابوو یان نا] دوای سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ و دوای ماوەیەک کاک مەزهەر وڵاتی بەجێهێشت و رووی لەهەندەران کرد بە گۆرانی، دوژمن پێی خۆشبێ یان پێی ناخۆش بێ بۆ وڵاتەکەم ئەگەڕێمەوە ....جارێکی دیکە کاک مەزهەدر گەڕایەوە نێو دڵی خەڵکەکەی و دوژمن پێی ناخۆش بوو، بەڵام خەڵک پێیان خۆش بوو. تێکۆشانی لە ناوەندی کولتووری لە سلیمانی لەراستای خزمەت بە هونەر وئەدەبی کوردی جێی رێز و پێزانینی هەر مرۆڤێکی خاوەن هەستی کوردە.

کونگرەی بەناو ناودارانی کورد لە سنە هەرچەند خۆی لەخۆیدا و بەرواڵەت بەمەبەستی رێزدانانە بۆ هەڵکەوتوانی بواری ئەدەب و هونەری کورد و ئەگەر لەهەلومەرجی تایبەتی ئیستای رێژیمی کوماری ئیسلامی دژی کورد نەبوایە جێێ خۆی بوو، بەڵام بە داخەوە ئەو کونگرە خوازراو یان نەخوازراو بوو بە داوێک بۆ شکاندن و وردوخاشکردنی کەسایەتی هونەرمەندانی "معترض"ی تاراوگەنشین. لەگەڵ رێزم بۆ هونەرمەندان و تێکۆشەرانی N.G.O کان کە لەنێوخۆی وڵات تێکۆشانیان هەیە و بۆ پاک مانەوەش ناچارن بە سەر پردی "صراط" دا بڕۆن وهەوڵیان خزمەت گەیاندنە بە هونەر وئەدەبی کورد ، بەڵام ریژیم لە نیازپاکی ئەوان سودی خۆی وەر دەگرێ وناراستەوخۆ و بەپێچەوانەی ویستی خۆیان، دەیانکا بە دەستەچیلەی مەرامەکانی خۆی. بە بڕوای من رێژیم نەک کاک مەزهەری خەڵات نەکرد بەڵکوو زیانێکی قەرەبوو نەکراوەیشی بەکەسایەتی بەزەحمەت بەدەستهاتووی ناوبراویش گەیاند. خۆزگا ئەویش وەک شاعیری پۆڵا ئیرادە واتا عبدلله پەشیو ئەو بانگهێشتەی رەد بکردایەتەوە و دوژمن پێی خۆش نەبایە و کەسایەتیە کەی بە بزەیەکی تاڵی دژمن نەگۆرایەتەوە.

٣ - ٧ - ٢٠١٩

**جیهانێکی سەیرە!!!**

زۆر جار بیر لەو شیعرە کە نازانم شاعیرەکەی کێیە دەکەمەوە، بەڵام هەرکەس بێ زۆر بەباشی یاسایەکی بنەرەتیی سروشتی باسکردوە کە لەهەر سەردەم وکات وساتێکدا، نەک هەر لە ژیانی مرۆڤدا بەڵکوو لە تەواوەتی سروشتدا خۆدەنوێنی. شیعرەکە فارسیە و دەڵێ" برو قوی شو گرراحت جان میطلبی کە در نظام طبیعت ضعیف پامال است"

هەواڵەکانی سەبارەت بە رۆژئاوا لەم رۆژانەدا باسی گەرمی هەر ماڵێکی کوردە، لە هەر چوارپارچەی کوردستان. رۆژێک بەهێرشی تورکانی تینوو بەخوینی کورد بۆ سەر ئەوخەڵکە، خەم سەرتاپامان داگیر دەکا و هەرلەو کاتەدا باسی گەرمی خەیانەت!! یان لانیکەم بیوەفایی ئامریکایەکان دەرهەق بە هاوپەیمانە کوردەکانیان وبەقوربانیکردنیان لەبەردەم ئەوردوغان تۆزی خەم دامان دە پۆشی .خۆهەڵکێشانی ترامپ بۆگیرانەوەی سەربازەکانی وڵاتەکەی بۆ لای بنەماڵەکانیان سوودلێوەرگرتنی بۆهەڵبژاردنی ساڵی داهاتوو، بەرچاومان رەش دەکا .ئەو کاتیش کە خۆی لە بەرانبەر زەخت و گوشاری نێوخۆیی و دەرکی لەبەرانبەر ئەو بریارە نارەوایە دەبینی، ئەمجار بەپەلە لە بیچمی نوێنەرانی کورد لەگەڵ داگیر کەر دادەنیشی و رێک دەکەوی کە "دەبێ" کورد بەمەودای ٢٠مایل لە ماوەی ١٢٠سعاتدا لە سنوور دوور بکەوێتەوە و......لە زۆر شوێن تەقەی خۆشێ دەکەیێن . چەندرۆژدواتر میراتگری پیتری مەزن لە گەڵ داگیر کەر دادەنیشی و لە سەر کوردی رۆژئاوا رێکەوتننامە مۆر دەکا کە "دەبێ" کورد ٣٠ کیلومیتر لە سنوور دوور بکەوێتەوە و...... بەبێ ئەوەی کوردی دەستکورت لە هەموو شوێنێک لەوبریارە چارەنووسسازانەدا کەمترین پرسی پێ کرابێ. بۆیەدەڵێم " بروقوی شو ".....

سەیرتر لە هەموو ئەوترامپەی کە دەیگوت دەبێ سەربازەکانمان بگەرێنەوە نیو ماڵ و منداڵی خۆیان ئیستا ئەمری پیان کردوە " بۆ پاراستنی بیرە نەوتیەکانی رۆژئاوا هێزێک لە رۆژئاوا بمێنێتەوە"!!!!

بە راستی بۆ پێشگرتن لە ئاوارە بوونی سەدان هەزارکوردی مەینەتبەش و شهید کرانی سەدان ژن و پیاو منداڵ و ورد ودرشتی کورد پێویست بە پاراستن نەبوو؟ بەراستی جیهانێکی سەیرە!!!!!

٢٥ - ١٠ - ٢٠١٩

### بڵێسەی ئاگری شۆڕش لەئێرانیش بەرز بوویەوە

ئەوە بۆ دوورۆژ دەچێ کە لە چەندین شاری ئێران بە کوردستانیشەوە شەپۆلێکی نارەزایەتی بەرواڵەت بەهۆی گران بوونی نرخی بەنزین، بەدژی رێژیم وەری کەوتوە . ئاستی بەریلاوی وچۆنیەتی خۆپیشاندانەکان لەچاو رۆژێک پێشتر بەرچاو بوە. بە پێی ئەوهەواڵانە کە بڵاو کراونەتەوە تائیستا نزیک بە دەکەس لە شارەکانی ئێراندا بە گوللەی هێزە سەرکوتکەرەکانی ریژیم شەهید بوون کە لێرەدا بە هەزاران سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی ئەو رۆڵە بەجەرگ و نەترسانەی گەل. هەر چەند بەرواڵەت خۆپیشاندانەکان بە بیانووی گرانی بەنزین بوە بەڵام لە راستیدا گران بوونی بەنزین، بەنزینێک بوە کە کراوە بەسەر ئاگری نارەزایەتی خەڵک لەریژیمی پت وسیدارە لە تەواوەتی خۆیدا. لەوە ناچی تەنانەت بەهەڵوەشاندنەوەی نرخی زیادکراوی بەنزینیش ئەو ئاگرە بکوژێتەوە، بەڵام رۆژانی داهاتوو نیشانی دەدا کەئەو شۆڕشە بەرەو کوێ دەچی.ئەزموونی شۆڕشی عێراق و لوبنان و..نیشانی داوە خەڵکی راپەریو، بەبێ ئەوەی بەئامانجەکانی خۆیان بگەن مەیدانەکانی ئازادی چۆڵ ناکەن.

۱٦ - ۱۱ - ۲۰۱۹

---

### ئایا ئێران کوژرانی قاسم سولیمانی دەکاتە دەستمایەی وتوویژ لەگەل ئامریکا؟

چواررۆژ لە کوژرانی قاسم سولیمانی فەرماندەی سوپای قودسی ئێران و نوێنەری خامنەیی لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست لە بواری پەرەپێدانی نفووز و دەست رۆیشتوویی ئێران لە ناوچەدا تێپەرێ. بیگومان کوژرانی قاسم سولیمانی لەلایەک بوە هۆی خۆشحالی وشادمانی هەمووی ئەوانەی کە بەهۆی سیاسەتە سەرکوتکەرانەکانی ریژیمی کۆماری ئیسلامی کە سولیمانی یەک لە بەریوەبەرانی گەورەی ئەو سیاسەتە لەنێوخۆو و دەرەوەی وڵات بوو و لەلایەکی دیکە بۆ ئێران زەربەیەکی کوشەندە وجەرگبڕبوو و بەو هەراو هوریایە و گەراندنی تەرمەکەی لە شارەگەورەکانی ئێران و کۆ کردنەوەی ژمارەیەکی زۆری سیالەشکەر بەمەبەستی نیشاندانی بەخەمبوونی خەڵک لە کوژرانی ئەو پیاوە و پشتیوانی لەوریژیمە و هەرەشە و گورەشەی گەورەتابچووکی کاربەدەستانی ئێران بۆ تۆڵەکردنەوەی لە ئامریکا، پێموایە هەمووی دەکەنە دەستمایەی وتوێژێک

لەگەڵ ئامریکا، لە راستای کەمکردنەوە یان یان لابردنی گەمارۆکانی لە سەر ئێران. زۆر کەس دەڵێن ئەو رووداوە دەرکی وتویژی لە نیوان ئامریکا و ئیرانی بەتەواوی داخستوە من وای بۆ ناچم. ئەوە کە روونە ئەوەیە کە ئێران لە شەری سەربازی راستەوخۆ لەگەڵ ئامریکا دۆڕاوی بێئەملاو ئەو لایە و کاربەدەستانی ریژیمیش ئەوەباش دەزانن. ترامپیش لەلایەک تائیستا گورزی خۆی لە ئیران وەشاندوە و توانیویە بالانسێک لەنێوان ئەوهەموو دانبەخۆداگرتن لەبەرانبەر پەلامارەکانی ئێران لەماوەی رابردوودا وەک تەقاندنەوەی کەشتیە نەوت کێشەکان، خستنەخوارەوەی پەهباد یان فرۆکە بێفرۆکەوانەکەی ئامریکا، لێدانی پالاوگە نەوتیەکانی ئارامکۆی عەرەبستان و... بێنێتە ئاراوە و پێدەچێ پێیخۆش بێ لەوەها بارۆدۆخێکدا ئەگەریش بەنهێنی و پەنامەکیش بی دەست بە وتویژ لەگەڵ ئێرانیەکان بکا. رۆژانی داهاتوو دوای نیشتنەوەی کەفوکوڵەکان رەوتی رووداوەکان باشتروون دەبێتەوە.

٦ - ١ - ٢٠٢٠

---

### پەنات بۆ کوێ برد؟!!!

بە پێی هەواڵەکان کاک مستەفا سەلیمی پێشمەرگەی دیل و یەخسیری دەستی ئاخووندە چنگ بەدخوێنەکان، لەدەرفەتێک سوودی وەرگرت ولەگەڵ کۆمەڵێک زیندانی لە زیندانی شاری سەقەز هەڵهات. ویستی خۆی بگەیەنێتە بەناو شوێنی ئەمن و پەنای بۆ برادەران !!! هێنا!!! کەچی لە چاوتروکانێکدا بەکەلەپچەکراوی بەهۆی دۆستانەوە!!! پێشکەشی خوێنمژەکانی ریژیمی کۆماری ئیسلامی، تاسەرئیسقان دژی کورد کرایەوە. بەراستی مرۆڤ لەئاست ئەوکردارە نامرۆڤانە شۆکە دەبێ و زمان لە گۆ دەکەوێ. لەگەڵ مەحکووم کردنی ئەو جینایەتە، هەر دەتوانم بڵێم بەراستی شەرمە.

١١ - ٤ - ٢٠٢٠

---

## داوایەکی دۆستانە

لەو رۆژانەدا بەداخەوە هەواڵی ناخۆش لە نێو خۆی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەبیستین. باس و موناقشە لە سەر بابەتی نێوخۆی هەرحیزب و رێکخراوێک لە نێو ئەندامەکان بەگشتیی و رێبەرایەتی بەتایبەتی شتێکی سروشتیە بەڵام کە باسەکان لە گرێژنەترازان وبریندارکردنی رۆحی یەکتر و کەوتنە سەرزاران ، مەخابن نەک کێشەکان چارەسەر نابن ، بەڵکوو هەرکەس بە ویستی خۆی ترش وخویی هەواڵەکان دەکات و لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بڵاوی دەکاتەوە و دەبێتە هۆی نیگەرانی دۆستان و خۆشحاڵی نەیاران . من لێرەوە وەک دۆست و هاورێەکی هەردوولای کەێشەکە داوایان لێدەکەم لەو بارودۆخە ناسکەدا بەهێمنی چاو بەگرفتەکاندا بخشێنن. پێ لە هەڵەنان و ئەزموون وەرگرتن و راگرتنی یەکرێزی نیوخۆی حیزبەکە لە سەر بنەمای چارەسەری راستەقینەی کێشەکان نەک مرۆڤی پێ سووک نابێ بەڵکوو بە پێچەوانە گەورەشی دەکات. هەوڵدان بۆ چاکسازی و راستکردنەوەی هەڵەکان بەڵێ بەڵام نەبەنرخی لاوازکردنی پەیکەرەی حیزبەکە. بەهیوام هەر دوولا بە هەستکردن بەبەرپرسیاریان هەنگاو بۆ چارەسەری کێشەکان هەڵگرن.

١١ - ٥ - ٢٠٢٠

---

## هیوایەکی نوێ

جارێکی دیکە وئەمجارە بەگوروتینێکی نویوە پرسی یەکگرتنەوەی هەر دووبەشی حیزبی دیموکرات هاتوەتەوە بەر باس. من بەش بەحاڵی خۆم وەک کەسێک چ بۆ پێشگرتن لە دابڕان و چ بۆ سەریەکخستنەوەی دووبارەی دووبەشی لێکدابڕاوی حیزب هەوڵی زۆرم دا کەبەداخەوە ئیستاشی لەگەل بێ سەرکەوتوو نە بووم. بەڵام لەبەر ئەوەی هەم دابەشبوونەکە خەسارێکی مەزن بوو هەم سەریەکەوتنەوەکە بایەخێکی زۆری بۆ بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ، ئەو پرسە هەر زیندوە و دوای ماوەیەکی زۆر لە بێهیوایی بۆ یەکبوونەوەی حیزبی دیموکرات، ئیستا بەلەر چاوگرتنی هەلومەرجێکی گونجاو کە هاتوەتە کایەوە هیوایەکی نوێ بۆ یەکبوونەوەی دووبارەی حیزب پەیدا بوە. وەک دەزانین لەم چەند رۆژەی رابردوودا کۆمەڵێک لە رێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەچوار چێوەی ریزە داخوازێکی چاکسازیانە، پێویستی یەکگرتنەوەی دووبارەی حیزبیشیان بەجێدی(بەوتەی خۆیان) هێناوەتە ئاراوە و لەدیدار و چاوپێکەوتنی دواجاریان لەگەل بەرێز لێپرسراوی گشتیی حیزب موافقەت و رەزامەندی لەسەر دەستپێکردنەوەی وتووێژەکان دەربڕاوە. هەر وەها لەم یەک

دووڕۆژی رابـردوودا وتـارێکی هیـوابەخش سـەبارەت بە چارەسـەری کێشـەی دوودیمـوکرات لەلایەن بەرێزمامۆسـتا عبـدالله حسنزادەوە بڵاو کراوەتەوە کەلەگەڵ پێشوازیەکی باش بەرەوروو بوە و دەتوانی بۆ ئەم گەرە لە وتوێژەکـان یـارمەتی دەربـێ. بۆیە بۆجارێکی دیکە داوای دڵسۆزانەم لە هەردوولا دووپات دەکەمەوە کە چیتر کات بەفیرۆمەدەن و بۆ جارێک و بۆ هەمیشـە ئەو بابەتە کە دەغدەغەی هەر دڵسۆزێکی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستانە چارەسەر بکەن و بەئاکـامی دڵخـوازی بگەیەنن. بەهیوام جارێکی دیکە هیواکان کاڵ نەبنەوە.

١٩ - ٥ - ٢٠٢٠

---

## دایکی خێزانم

بەداخێکی گرانەوە ئیمرۆ سەعاتی ٣ی دوانیـوەرۆ بەکـاتی باشووری کوردسـتان دایکـی خێـزانم بە نـاوی حەفسە عبـدل احمد کـۆچی دوایـی کـرد داخەکە گرانتـرە بـۆ ئەوەی لەهەلـومەرجی ئیسـتا دا بەهـۆی پەتـای کرۆنـا نـاتوانین تەنـانەت لە مـاڵی خۆشمان پرسە و سەرخۆشی بۆ دابنێن. ئەگەر دۆستان لوتفیان کرد دەتوانن بەو ژمارە تیلەفۆنە تەماسمان لەگەل بگرن.

## سوپاس و پێزانین

لەچەند رۆژی رابردوودا و دوای بڵاو بوونەوەی هەواڵی کۆچی دوایی دایکـی خێـزانم بە نـاوی حەفسە عبـدول ژمـارەیەکی زۆر لە دۆستان وخۆشەویستان زەحمەتیان کێشا و لەرێگای تیلەفۆن، پەیام، یان نووسینی کومینتی هاوخەمی لە سەر فەیسبووک من وخیزانمیان بەسەرکردەوە و هاوخەمیـان لەگەل کـردین .ویسـتمان بە هـۆی ئەو نووسـراوەیە پـڕ بە دڵ سوپاسـی لوتـف و مەحەبەت و هاودەردیـان بکەیـن. ئەگەر نەمـانتوانیوە وەڵامی یەکبەیەکـی هەمـوو ئەو ئـازیزانە بـدەینەوە داوای لێبـووردن و لێخۆشبوونیان لێئەکەێن وهیوای سڵامەتی و شادی و لەشساخی بۆ گشت ئەو خۆشەویستانە ئەخوازین.

٣ - ٦ - ٢٠٢٠

---

### داخی گرانم بۆ مەرگی تێکۆشەرێکی ناوداری کورد

ئیمرۆ هەواڵی دڵتەزێنی کۆچی دوایی کاک جلیل گادانی بەهۆی نەخۆشی دونیاگری کرۆنا بڵاو بوویەوە. مەرگی کاک جەلیل دڵی هەمووئەو کەسانەی کە تەنیا بۆ جارێک ئەوپیاوە میهربان و مرۆڤدۆست و تێکۆشەرەی ریگای رزگاری گەلەکی دیبێ هەژاند. کاک جەلیل نموونەی کەسێک بوو کە بەخەمی هەموانەوە بوو .کەم کەسم دیوە ئەوەندە بەخەمی پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکانەوە بێ. کاک جەلیل نموونە ویادگارێکی باشی سەردەمی کۆماری کوردستان بوو.ئەو کەسێک بوو کە نە زیندانی فلک الافلاک و نە سەختیەکانی دواتری ژیان ساتێک لە تێکۆشان لەپێناو ئازادی گەلی بیبەشی کورد دڵساردی نەکردەوە. بەو بۆنە تاڵەوە سەرخۆشی لە بنەماڵە موحتەرەمەکەی، لە رێبەرانی حیزبی دیموکرات ، لەهاوسەنگەرەکانی، لەهەموودۆستانی ئەو گەورەپیاوە و بەگشتیی لە خەڵکی تینووی ئازادی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەکەم. خۆم بەهاوبەشی خەمی خەمخۆرانی ئەزانم. هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی. رێگەی پڕرێبوار بێ

٦ - ٨ - ٢٠٢٠

---

### ٢٥ی گەلاوێژ

سبەی ٢٥ی گەلاوێژ ٧٥مین ساڵوەگەری دامەزرانی حیزبی دیموکراتە، بەو بۆنەوە پربەدڵ پیرۆزبایی لە هەموو ئەندامانی رێبەری و کادیر و ئەندام ولایەنگر و دۆستانی حیزبی دیموکرات ئەکەم . سڵاو دەنێرم بۆگیانی پاکی کاروانی شەهیدانی لەئەژمارنەهاتووی. سلاو بۆ گیانفیدایی زیندانیەسیاسیەکانی. حیزب لەماوەی ئەو ٧٥ساڵەدا خاوەنی زۆر سەروەری و شانازی بوە لە سەرەوەی هەمووانیشەوە دامەزرانی یەکەم کۆماری کوردستان. حیزب لەو ماوەدا تووشی کارەسات و کێشەی گەورە وبچووک بوەتەوە، سێ سەرکردە وسکرتێری گشتیی کە نەک هەر لە یێو حیزبدا بەڵکوو لەنێو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورددا، دیار وهەڵکەوتوو بوون، بەدەست رێژمەکانی دژی کوردی سەڵتەنەتی و کۆماری ئیسلامی شەهیدکران . کارنامەی ئەو حیزبە لێواولێوە لە قارەمانەتی و لەخۆ بووردوویی رۆڵەکانی چ لە نەبەردە روویارووییەکان و چ لەکونجی زیندانەکاندا. بەردەوامی و بەزیندوومانەوەی ئەوحیزبە بەهۆی ئەمەکناسی و فیداکاری رۆڵەکانی و گەلی حیزبخۆشەویستی کورد لە رۆژهەڵاتی کورستانە. بەداخێکی گرانەوە لەئاستانەی تێپەرینی ٧٥ساڵ بەسەر تەمەنی ئەو حیزبەدا برینی

دابرانەکانی هێشتا سارێژ نەبوەتەوە. نازانم بۆ ڕێبەرانی هەردووبەشی لێکدابڕاوی ئەو حیزبە نەیانتوانی یان نەیانویست وەڵامێک بەهەموو ئەوکەسانە کە داواکاری سەریەککەوتنەوەی دووبارەی دووبەشی لێکدابڕاوی حیزب بوون، بدەنەوە؟!!! خۆزگەم دەخواست ڕێبەرانی هەردووبەشی حیزبی دیموکرات لەو ڕۆژەپیرۆزەدا پەیامی یەکریزی ویەکبوونەوەی ڕاستەقینەی حیزبیان بڵاو بکردایەتەوە.

۱۵ - ۸ - ۲۰۲۰

---

## تەیفوور بەتحایی

بەداخێکی گرانەوە جارێکیتر مەرگی ناوادەی تێکۆشەرێکی ناوداری کورد خەمباری کردین. مەرگی کاک تەیفوور بەتحایی بۆ هەموو ئەوکەسانەی کەدەیانناسی یەکجار دڵتەزێن بوو. من کاک تەیفوورم لە نزیکەوە دەناسی هاوخەباتی شاخ بووین. ئەو نەک هەر پێشمەرگە و ڕێبەرێکی قارەمان بوو قارەمانی دادگا کانی سەردەمی پەهلەوی دیکتاتۆریش بوو. هەر ئەوکاتە خەڵکی کوردستان شانازیان بە خۆراگری وەها ڕۆڵەیەکی بەجەرگی خۆیانەوە دەکرد. ڕۆحت شاد کاک تەیفووری خۆشەویستی دڵان.

---

## ئەو کاک "قوەتە

من لەوماوەدا کەشانازی ئەوەم بوو، هاوسەنگەری پێشمەرگەکان بم، بەهەزاران پێشمەرگەم دیوە بە خوو وخدەی جیاوازەوە هەر چەند هەموویان لە یەک بابەتدا وەک یەکبوون ئەویش خەبات و تێکۆشان بۆ ڕزگاری گەلەکەیان و فیداکاری تا ئاستی گیانبەختکردن. لە نێوایاندا کەسانێک هەدەکەوتن کە بێئەوەی پلەیەکی تەشکیلاتی ئەوتۆیان هەبێ گۆشگڵەمێکی شۆرشیان دەگرت کە لەجۆری خۆیدا زۆر پڕبایەخ بوو. یەک لەو نموونانە کاک "قەوەت"بوو. من ڕۆژێک نەمدی ئەو مرۆڤە تۆزقاڵێک لە هەوڵ وتێکۆشانی بۆخزمەت بەهاورێکانی کەم کاتەوە، جارێک نەمدی بیانوویەک بۆ سستی لە ڕاپەراندنی ئەرکەکەیدا بهێنێتەوە. ئەو مرۆڤە بەراستی و پڕبەمانای وشەکە لای هاورێکانی خۆشەویست و ڕێزلیگیراوبوو. ڕادەی ڕێز و ئیحتیرامی هەر مرۆڤێک بەستراوەتە و بۆ ئەوەی ئەو مرۆڤە چەندە بەسوود و بەکەڵکە بۆ کۆمەڵگاکەی. بەسوود بوون هەر ئەوە نیە

پلەی بەرز وپۆست مەقامێکی بەروالەت بەرزت هەبێ. ئەو کاک "قوەتە" یەکجار بەکەڵک وبەهۆی ئەو خزمەتە پاکەی کە بەهاوڕیکانی دەکرد، لای هەموان ڕێزی لەسەر سەران بوو. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی، سەرخۆشی لە هەموو ئەو کەسانە ئەکەم کەکاک "قەوەتیان خۆش دەویست

۲۳ - ۹ - ۲۰۲۰

---

**چ کارەساتێکە!**

ساڵی ۲۰۲۰ ساڵی نەگبەتی و نەهامەتی بۆ مرۆڤایەتی بەگشتی و بۆ گەلی دایم بەلا لە سەرشانی کورد بەتایبەتی تاڵتر و بەناسۆرتر. جگە لە کوشتاری بێبەزەیانەی کرۆنا، هەر دوێنی داخی گرانم شاعیرێکی شۆڕشگێری تاسەرئیسقان تاڵی چێشتوو وەک جەلالی مەلەکشامان لەدەست چوو. ماڵئاوایی یەکجاریمان لە سیاسەتمەدار و پزیشک و خەباتکارێک وەک دوکتور نەجمەدین کەریم، یەک لە ئالاهەڵگرانی ریفراندۆمی سێ ساڵ پێش کرد. وادیارە شوومی ساڵی ۲۰۲۰ هێشتا کۆتایی نەهاتوە. ئیمرۆ راگەیاندراوی بەرێز کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات، رێبەری بێئەملا وئەولای ریفرادومی باشووریەکانم بینی کە هاواری بۆلای کوردان هێناوە کە نەهێڵن جارێکیتر شەڕی براکوژی باڵی شوومی خۆی بەسەر کوردستاندا بکێشی. من وەک تاکێکی کورد دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی کاک مەسعوود و نیفرەت لە شەڕی ماڵوێرانکەری براکوژی ئەکەم وداوا لەهەموو کوردێکی بەپەرۆش بۆ چارەنووسی کورد ئەکەم کە هاواری خۆیان دژی شەڕی کورد،کورد بەرزکەنەوە و بێدەنگ نەبن.

۲ - ۱۱ - ۲۰۲۰

---

**لە ئاستانەی ٢٦ی سەرماوەزدا**

**یەکێک لەو ئەرکە بەجێ وپێویستانە کە کاتی خۆی حیزبی دیموکرات هەنگاوی بۆ هەڵگرت دیاریکردنی ڕۆژێک بوو بە ناوی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان بۆ ریزگرتن لە فیداکاری ئەو رۆڵە شۆڕشگێرانە کە گیانی خۆیان کردوە بە قەڵخانی بەرگری لەگەلەکەیان. هەر چەند رێزگرتن لەو مرۆڤە خۆ نەویستانە نابێ لە ڕۆژێکدا قەتیس بێتەوە بەلام وەک سەمبولێک جیگەی خۆیەتی. هەر بەو بۆنەوە جوانترین پیرۆزبایی خۆم پێشکەشی هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان بەگشتیی و پێشمەرگەکانی دیموکرات بەتایبەتی، ئەکەم .هیوادارم هەموو پێشمەرگەکان بەوئاواتەیان کە رزگاری گەلی کوردە بگەن.**

**جیگەی خۆیەتی جارێکی دیکە ئاماژە بە کارەساتی جەرگبڕی دابەشبوونی حیزبی دیموکرات بە سەر دووبەشدا لە ١٤ساڵ پێش ئیستا و لەئاستانەی رۆژی پێشمەرگە لە ١٥ - ٩ - ١٣٨٥واتا ١٠رۆژ پێش لە ٢٦ی سەرماوەز رۆژی پێشمەرگەدا بکەیێن. لەو کاتەوە تائیستا ئەندامانی دڵسۆزی حیزبی دیموکرات لەنێو هەر دووبەشی حیزبدا و هەروەها لە نێوخۆی وڵات و لەهەر شوێنیکی ئەو جیهانە کە دۆستێکی نزیکی ئەو حیزبە بووبێ، دابەشبوونی حیزبەکەی بەکارەسات بۆ بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان زانیوە و داوای دووبارە یەکبوونەوەی ئەو حیزبەیان کردوە. بەلام بە داخەوە سەرەرای چەندین ساڵ بەسەر ئاسایی بوونەوەی پێوەندی نێوان ئەو دووبەشە( کە لە خۆیدا کارێکی باش بوو) و دەستپێکردنی وتوێژ گوایە بۆ سەریەکخستنەوەی دووبارەی جەستەی لەتکراوی حیزب دەستی پێکردوە و هەر دەم لە زاری بەرپرسانی بالای رێبەریی هەر دوو بەشی حیزب دەبیستری کە لێکتیگەیشتنی باش سەبارەت بە یەکگرتنەوە لەئارادایە، بەلام ئیستاشی لەگەلدا بێ، سەد مەخابن هیچ ئاسەوارێک لە یەکگرتنەوە دیار نیە. من وەک کەسێک کە خۆی بە دڵسۆزی ئەحیزبە دەزانێ، داواتان لێئەکەم ئیمساڵ لە رۆژی پێشمەرگەدا، یان هەواڵی یەکگرتنەوە وەک پاداشتێک بەپێشمەرگەکان رابگەیەنن یان بەیەکجارەکی خەڵکیی دڵنیا بکەن کە چاوەروانی یەکگرتنەوە و شتی لەو بابەتە نەبن.**

**١٢ - ١٢ - ٢٠٢٠**

## ئیقباڵ علیرمایی

کاک اقباڵ علیرمایی یەک لەو پێشمەرگانە بوو کە هەرلەو کاتەوە کە تێکۆشانم لە ریزەکانی حیزبدا دەست پێکرد لەگەلی ئاشنا بووم پێشمەرگەیەکی بەهەموومانـاوە شۆڕشگێر و خەباتکار بوو . خۆشەویستی نێو ریزەکانی حیزب بەتایبەت لە ناوچەی ژاوەرۆ و مەریوان بوو. مرۆڤێکی قسەخۆش و لەدلان نزیک بوو . زۆر بەداخم بۆ کۆچی دوایی ئەورۆڵە تێکۆشەرەی دیموکرات .سەرخۆشی لە بنەماڵەکەی ، لە هاوسەنگەرانی و لەحیزبی دیموکرات ئەکەم . خۆم بەهاوبەشی خەمی هەموو خەمبارانی کۆچی دوایی کاک ئیقباڵ ئەزانم

۱۰ - ۱ - ۲۰۲۱

---

## کۆماری کوردستان

بە بۆنەی ٧٥مین ساڵوەگەری دامەزرانی کۆماری کوردستان پیرۆزبایی خۆم پێشکەشی نەتەوەی کورد بەگشتی ولە کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی ئەکەم. کۆماری کوردستان سەرەرای تەمەنێکی زۆرکورت دەسکەوتی زۆر بەنرخی بۆگەلی کورد هەبوو بۆیە هەمووکات بەرێزەوە یادی دەکەنەوە وهیواخوازن جارێکی دیکە بتوانن چارەنووسی خۆیان بەدەستەوە بگرن بەهیوای ئەو رۆژە.

۲۰ - ۱ - ۲۰۲۱

---

## کوڕی ئازیز و خۆشەویستم سەلاح مێهرپەوەر

بە داخێکی زۆر گرانەوە کوڕی ئازیز و خۆشەویستم سەلاح مێهرپەوەر بە هۆی نەخۆشی کرۆناوە دوای هەفتیەک بەربەراکانی لەگەل ئەم پەتا نەگریسەدا ئەم بەیانێیە کۆچی دوای کرد. سەلاح مرۆڤێکی ئێجگار میهرەبان و لە دڵا شیرین و خۆشەویست بوو، خەمی لە دەستدانی زۆر قورس و گرانە بۆسەرجەم بنەماڵە و دۆستانی و هەموومانی تازیە بار کرد و بە ئاسانی تەحەممول ناکرێت. بۆیە ئاگاداری دۆستان و خۆشەویستان ئەکەین لە بەر پاراستنی سەلامەتی هەموو لایەک و پابەند

بوون بە رێنمایە تەندرووستیەکان

پرسە و سەرخۆشی حوززوریمان نابێت

٢٨ - ٣ - ٢٠٢١

---

**سپاس و پێزانین**

لە ماوەی چەند رۆژی رابردوودا، بەبۆنەی کۆچی ناوادەی ئازیزمان، گلێنە و نووری چاوانمان، سەلاح میهرپەروەرەوە، شەپۆلێکی بەرین لە تەلەفوون و پەیامی هاوخەمی و هاودەردی لەلایەن زۆرێک لە رێکخراو و کەسایەتییە سیاسی و مەدەنییەکان، دۆستان و ئاشنایان لە باشوور، رۆژهەلاتی کوردستان و دەرەوەی ولاتمان پێگەیشتووە.

بەم بۆنەیەوە بە پێویستی دەزانم بە نوێنەرایەتیی سەرجەم بنەماڵە تازیەبارەکانەوە، سپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی یەک بەیەکی ئەو بەرێزانە بکەین. بێگومان شەپۆلی هاوخەمیی لەرادەبەدەری ئەم ئازیزانە، بووەتە مایەی هێمنی و سووکنایی دڵی ناسۆرمان.

ئەگەر نەگونجاوە بە گوێرەی پێویست ولامدەری ئەو هەمووە پەیام و پەیوەندییە تەلەفوونیەتان بین، داوای لێبووردن دەکەین و بۆ هەتاهەتایە خۆمان بە منەتباری ئەو هەمووە لوتف و مەحەبەتە دەزانین.

هیوادارین ئازیزی کەس تووشی ئەم پەتا مالوێرانکەرە نەبێ و ئێمە بتوانین لە خۆشی و شادی ئێوەدا قەرەبووی ئەو هەمووە سۆزو موحیببەتە بدەینەوە.

عەلی میهرپەروەر

٣١ - ٣ - ٢٠٢١

---

**لوقمان میهفەر**

**داخی سەر داخانم بۆ مەرگی نـاوەختی هـاوری و هاوخەبـات وهـاوبیری نەگۆرم کـاک لوقمـان میهفـر بنەمـاله موحتەرەمەکەی ورۆله نـازدارەکانی بـاوکیکی میهربـان و خەبـاتکـار حیزبـی دیمـوکرات کـادر وریبەریکـی تیگەیشـتوو پیگەیشـتوو ومنـی داخـداری جەرگ سووتـاو ئـازیزیکمان لەدەستدا.**

**رۆحت شاد ریگەی خەباتت پرریبوار بی**

**١٠ - ٤ - ٢٠٢١**

---

**مستەفا حکیمزادە**

**داخی سەر داخانم بۆ کۆچی دوایی پیشمەرگەیەکی وەفادار بەریبازی دیموکرات ئەمین و دەستپاک خـاکی و خزمەتگوزاری بـی ریای هەموو پیشمەرگەکان مرۆڤیکی خاکی ورۆحناسک بەراستی ئەوەی سفەتی باش بوو لەو مرڤەدا بەدیدەکرا. لەنـاخی دلـی پر ئـازارمەوە سەرخۆشی لەبنەمالەی حەکیمزادە بەگشتی وبنەمالەکەی خۆی بەتـابەتی ئەکەم و هـاوبەشی خەمیانم سەرخۆشـی لەمامۆستا عبدوللا حەسەنزادە ئەکەم بۆلەدەستدانی یاری غارە بەوەفاکەی هەرچی بنووسم ناتوانم وەسفی پر بە پیستی تـایبەمەندیەکانی ئەو مرۆڤە خۆ نەویستە بکەم هەر ئەوەندە ئیژم لەناخی دلمەوە بۆی بەداخم**

**٥ - ٥ - ٢٠٢١**

---

**ئەحمەد کاکەمەم**

**بەداخیکی گرانەوە ئیمرۆ هەوالی کۆچی دوایی هاوری و هاوخەبات ودۆستی دیرینم کاک ئەحمەد کاکەمەمیم بیست.**

**من کاک ئەحمەدم پیش شۆرشی گەلانی ئیران لەسالی ١٣٥٧دا بەهۆی پیشەکەمان (هەردوو بەرپرسی کومیتەی"پیکار بابیسوادی "لەشارەکانی خۆمان بووین )دەناسی و زورجار لەسیمینارەکاندا یەکترمان دەدی هەرلەو کاتەوە کاک ئەحمەد دۆستیکی بەریزم بوو پاشان کەلە حزبی دیموکراتدا یەکترمان دیتەوە دۆستیکەمان بووبە هاوخەباتیش. بەراستی بۆمەرگی لەنەکاوی کاک ئەحمەد یەکجار بەپەرۆشم رۆحی شاد سەرخۆشی لەبنەمالە موحتەرەمەکەی وهاوری وهاوسەنگەرانی ئەکەم و بەشداری خەمیانم**

**١٥ - ٨ - ٢٠٢١**

---

**کەریم شەلماشی**

**زۆر بەداخم بۆ کۆچی دوایی پیشمەرگەی دیرین و خەباتکاری بی شیلەوپیلەی کوردستان کاک کەریم شەلماشی من کاک کەریمم زۆر میژ بوو دەناسی کاک کەریم لە زومرەی ئەو پیشمەرگانە بوو کە وەک دەلین سەرت پی سپاردایە سەرەخۆشی لەبنەمالە بەریزەکەی وهاوسەگەرانی ئەکەم**
**رۆحت شاد پیشمەرگەی قارەمان و چاونەترسی کوردستان**

**٨ - ١ - ٢٠٢٢**

---

**تۆڵە ئاوا دەبێ!!!**

**شەوی رابردوو شاری هەولێرلەلایەن ئێرانەوە کەوتە بەر هێرشێکی مووشەکی (١٢) کەژمارەکەیشی مانای خۆی هەیە. بەپێی راگەیەندراوی سوپای پاسداران ئەو هێرشە تۆڵەسەندنەوە لەئیسرائیل بەوبیانوە بوە کەئیسرائیل چەند فەرماندەیەکی سوپای پاسدارانی لەسووریە کوشتوە!!!**

**بەراستی ئەو هێرشە جگە لەترسنۆکی ئێران هیچ شتێکی دیکەناگەیەنی.ئەوان هیچ شەرم لەخۆ ناکەن کەدەلێن بنکە نهێنیەکانی ئیسرائیلمان لەهەولێر کردوەتە ئامانج وبەوشێوەیە تۆلەیەکی گورچووبرمان لە دوژمن کردوەتەوەئەوەیە (اقتدار اسلامی)!!!!**

**١٣ - ٣ - ٢٠٢٢**

---

**یەکگرتنەوەی دوولایەنی حیزب**

**ئیمرۆ هەوالی کۆبوونەوەی ریبەرایەتیی حدکا وحدکم بەمەبەستی تاوتوویکردن یان لە راستیدا پەسەندکردنی یەکگرتنەوەی دوولایەنی حیزبم بیست و گەلیک خۆشحال بووم.**

**دابران گورزیکی گرانی لەپەیکەری ئەوحیزبە وجوولانەوەی کورد لەرۆژهەلاتی کوردستان وەشاند بیگومان یەکگرتنەوە کاریگەریی پیچەوانەی دەبی.**

**مەرجی سەرەکی سەرکەوەتنی ئەو یەکگرتنە ئەوەیە کە دلەکان و دەستەکان یەکبگرنەوە. بەوبۆنەوە هەر لەئیستاوە پیرۆزبایی لەریبەرایەتی و ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزبی دیموکرات ئەکەم و هیوای سەرکەوتنیان بۆبەئاوات ئەخوازم**

**٣ - ٨ - ٢٠٢٢**

**دوکتور صادق شرفکندی**

**ئیمرۆ سیسال بەسەر تیرۆری تێکۆشەری ناوداری کورد دوکتور صادق شرفکندی وهاوڕیانی لە شاری بیرلین بەدەست تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی تیدەپەری بەوبۆنەوە هەزاران سلاو دەنیرم بۆ گیانی پاکی کاک دوکتور و هاوریانی (فتاح عبدولی، هومایون ئەردەلان و نوری دەکردی)**

**نەنگ و سەرشۆری بۆ ریژیمی جینایەت پیشەی کۆماری ئیسلامی**

**١٧ - ٩ - ٢٠٢٢**

---

**ژینا گیان تۆ نامری ناوت ئەبیتە رەمز**

**مانگرتنی سەرانسەری ژمارەیەکی یەکجار زۆر لەشارەکانی کوردستان وباقی شارەکانی ئیران یان وەک کۆبوونەوی نارەزایەتی یان شیوەکانی دیکە نیشانەی تووڕەیی و بیزاری گەلانی ئیران لەریژیمی جینایەت پیشەی درۆ سالاری کۆماری ئیسلامیە بیگومان ئەو ئەوشەپۆلە لە نارەزایەتی زیاتر لەهەر کاتیک گولۆلەی رژیم دەخاتە لیژی وتا لەگۆرنانی ئەو رژیمە راناوەستی شانازی بۆخەلکی هەموکات شۆرشگیری کوردستان.**

**خوینی بەناهەق رژاوی ژینا بوەتە خوینی سیاوش بۆریژم و بەرەگ وریشەیدا دەچیتەخوار و وەک ئاگریک کەوتبیەتە نیو پوشەلان کوژانەوەی بۆ نیەتاکۆشکی زولم وبیدادی رژیم دەکاتە خۆلەمیش.**
**گەلی خۆراگری کورد خەباتتان دژی زولم و ستەم پیرۆز بی**

**١٩ - ٩ - ٢٠٢٢**

---

### لە بەڵکاندا پشکی شێر بەر کوردستان ئەکەوێ

لەماوەی ئەو چەندرۆژەی رابردوو کەشەپۆلیک لەنارەزایەتی ودەربرینی تووڕەیی خەلکی ئیران بەگشتی وکوردستان بەتایبەتی بە دژی کۆماری ئیسلامی و کوژرانی ژینای بیتاوان لەشەقامی شارەکانی ئیراندا کەوتوەتە ری ریژیم بۆپاراستن ومانەوەی خۆی بەتوندی بەرەو رووی خەلکی وەزالە هاتوو بوەتەوە وبەداخەوە ژمارەیەک لە خۆپیشاندەران شەهید بوون.

لەگەل ئەوەی ئاواتم ئەوەیە کە لەوپیوەندیەدا خوێن لەلووتی هیچ کەسیک لەسەرتاسەری ئیران نەیەت، بەلام دەبینین رادەی شەهیدەکانی کوردستان یەکجار زۆرە.

ئەوەنیشان دەدا کە ریژیمی کۆماری ئیسلامی دامەزراو لەسەر بناغەی درۆ و "خدعه!!!"چەندە دژ بەگەلی مافخواز وهەمووکات پیشرەوی کوردە.
جاریکی دیکە لەگەل ناردنی هەزاران درود و سلاو بۆ گیانی هەموو شەهیدانی راپەرینی ئەمجارە و سەرخۆشی لەبنەمالە تازیەبارەکانیان. نەنگ ونیفرەت دەنیرین بۆ بۆکوماری دژی مرۆڤی ئیسلامی ئیران. تەنیا بەرووخانی ئەوریژیمەیە کە خەلکانی ئیران دەتوانن هەناسەیەک بەئاسوودەیی بکێشن

۲۰۲۲ - ۹ - ۲۲

---

### مەرگ یەکجار و شیوەن یەکجار

لە راپەرینی ئەمجارە دا خەلک بۆ یەکلاکردنەوەی حیسابی خۆیان لەگەل ریژیم رژاونەتە سەرشەقامەکان چوونکوو باش دەزانن هۆی خراپی بارودۆخی ژیان، گەندەلی و چەپاوی سەرمایە و سامانی ولات، گەمارەی ئابووری و دابەزینی سەرسوورهینەری بەهای دراو، پرەسەندنی تیرۆر و ئاژاوە لەناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست، تالانفرۆشکردنی ولات بەولاتی سووخۆری چین و رووسیەی هەمووکات داگیرکەر و پاوانخواز وتینوو بەئاوگەرمەکان، رەشپۆشکردنی ژنان وتارینەری بزە لەسەر لیوان و پرکردنی چاوان لەفرمیسک و عەزا و عەزا و عەزا، پال پیوەنان و دەرپەراندنی نوخبەکان و ناچارکردنیان

بەئاوارەیی و جیهیشتنی ولات بەناچاری و....هتد سەبەبکاری هەموو ی ئەمانە و سەدان نموونەی دیکە خودی ڕیژیمە وتا دیوەزمەی ئاخووند و نیزامی ئاخوندی لەگۆر نەنری خەلک ناتوانن بەئاسوودەیی بژین بۆیە ئەگەری زۆرە ئەمجارە شۆرشی ژنسالار یەکلاکەرەوە بێ وەک دەلین مەرگ یەکجار و شیوەن یەکجار.

٢٤ - ٩ - ٢٠٢٢

---

## هاتنە مەیدانی مامۆستایان و خویندکاران گوڕوتین بەشۆرش دەدا

بەراگەیاندنی مانگرتنی مامۆستایان و تەحریمی پۆلەکانی خویندن لەزۆربەی زانکۆکانی ئیران دەتوانی راپەرینی خەلک لەشەقامەکان بەهیزتر بکا چوونکوو تویژی مامۆستایان و خویندکاران تویژی رووناکبیر ن و زۆرترین پیوەندیان لەگەل بنەمالەکان هەیە و بیگومان گاریگەریان لەسەریان دەبی. دەبی چاوەروان بین کەکریکارەکانیش پەیوەست بەو راپەرینە بن کەئەگەر رووبدا و بەردەوامی هەبی ریژیم ناچار بەپاشەکشی دەکا.

بەهیوای وەها رۆژی

٢٧ - ٩ - ٢٠٢٢

---

## دروون و مووشەک

ئەمرۆ جاریکی دیکە ریژیمی دژی مرۆڤایەتی کۆماری ئیسلامی ژەهری خۆی بەسەر حیزبەکانی رۆژهەلاتی کوردستاندا رژاند و بنکە و بنەمالە کانیانی کردەئامانجی دروون و مووشەکانی. ریژیم لەناوخۆ تووشی گەورەترین مەترسی بووەتەوە وهەموو خەلکی شۆرشگیری شارەکانی سەرانسەری ولات نەعرەی سەرەو ژیرکردنی ریژیمیان بەگویی سەردەمدارانی نیزام گەیاندووە بۆیە ترس لەرووخان سەری لیشیواندوە وخەشی خۆی بەکوردەکان دەریژی.

بەلام رژێم دلنیـابی کەهێرشـە کـوێرانەکەی نەوتیکیکە و بەسـەرئاگری بلیسەسـەندووی شۆرشـی گەلانـدا دەکـری و تەخـت و بەختی رێژیم دەکاتە خۆڵەمێش.

۲۸ - ۹ - ۲۰۲۲

---

## سڵاو رۆژهەڵات!

ئیمرۆ نۆی رەزبەر لەوەلامی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی رۆژهەلاتی کوردستان لەزۆرینەی شارەکان مانگرتنی گشتی بەچری بەریوە چوو. ئەوە سەرکەوتنیکی گەورەی دیکەیە بـۆ گەلـی کـورد وهیزەسیاسیەکانی. ئەو مـانگرتنە بەشکۆیە جـاریکی دیکە بەکاربەدەستە کویر وکەرەکانی کۆماری ئیسلامی سەلماند کەگەلـی کـورد هیچکـات ملکەچـی رێژیمـی زولـم وزۆر نـابی و زیـانی مووشـەکبارانە کویرانەکانیـان بـۆ خۆیـان دەگەریـتەوە و پیوەنـدی نیـوان حیزبەکـان و خەلـک رۆژ لەدوای رۆژ پتەوتـر و نەپساوەتر دەبی. ئیسـتا حیزبەکـان لەجـاران زیـاتر ئەرکـی سەرشـانیان قورسـترە. متمـانەی خەلـک بەو حیزبـانە بەئاسـانی بەدەست نەهاتوە تابەئاسانی لەدەستی بدەن.

۱ - ۱۰ - ۲۰۲۲

---

## سڵاو لەخەڵکی هەمووکات خۆراگری سنە

راپەرینی گەلانی وەزالە هاتووی ئیران بەتـایبەت گەلـی کـورد پێینـاوەتە چـوارەمین حەوتـووی خـۆی .لەومـاوەدا شۆرشگێرانی شاری سنە بیوچان شەقامەکانیان کردوەتە مەیدانی خۆراگری. کە بەداخەوە ژمارەیەکی بەرچاو لەرۆلەکانی ئەوشارە بەدەست هێـزە دژی گەلـی ودژی مرۆڤـایەتی کۆمـاری ئیسـلامی شـەهید ، برینـدار یـان دەسبەسـەر کـراون بەلام ورەی خۆراگریـان نەک دانەبەزیوە بەلکوو هەروا پیشەنگ ماونەتەوە .من هیچم نیە جگە لەوە بلیم هەزاران سلاو لەگیـانی پـاکی شـەهیدەکان ،سلاو لەئازایەتی ونەبەزیتان،

مەرگ ونەمان بۆ ریژیمی مندال کوژی کۆماری ئیسلامی

١١ - ١٠ - ٢٠٢٢

---

## چلەی شەهید کرانی ژینا ئەمینی

ئیمرۆ رۆژی چلەی شەهید کرانی ژینا ئەمینیە وسەرەرای کۆسپ و تەگەرەی زۆری ریژیم بۆ پیشگیری لە بەریوچوونی گردبوونەوەکان بەلام تورەیی وئیرادەی خەلک بۆسەرەوبنکردنی ریژیمی مندالوژی کۆماری ئیسلامی بەهیزتر لەوە بوو کەریژیم بتوانی لە پیلانەکانیدا سەرکەوتوو بی. بەدەنگەوە هاتنی خویندکاران و چین وتویژەکانی دیکەی خەلکی ئیران بۆدەربرینی دروشمی جیهانگیری ژن ژیان ئازادی جاریکی دیکە هاوپیوەندی خەلکی ئیرانی لەگەل کورد نیشان دا.

پیویستە گەلی کورد لەو دەرفەتە زیرینە زۆر بەباشی سوود وەربگری وخەباتی خۆی تیکەل بەدەریای خرۆشاوی خەلکی ئیران بکا وبەهەندیک رەفتاری ئیحساسی ئەو هاوپەیوەندیە خەوشدار نەکا.

هەزاران سلاو لەگیانی پاکی ژینا وژینایانی دیکە کەگولی ژیانیان بەدەست تیرۆریستەکانی ریژیم پەر پەر بوو.

٢٦ - ١٠ - ٢٠٢٢

---

## جاریکیتر ریژیم لە کوردستان جینایەتی خولقاند

لەم یەکدوورۆژی رابردوودا خەلکی شارەکانی کوردستان لەگەل زۆر لەشارەکانی دیکەی ئیران، بەدەستی خالی تەنها بۆدەربرینی بیزاری خۆیان و یادی شەهیدەکان بەتایبەت ژینای جوانەمەرگ رژانە سەر شەقام بەلام ریژیم وەک پیشەی هەمیشەیی خۆی بە گوللە بەرەو رووی ئەو خەلکە بوویەوە وخوینی لاوانی کوردی رژاند بۆیە گەلی کورد و خەلکی

سەرانسەری ئیران بەو ئاکامە گەیشتوون تەنیاریگای رزگاری گەلانی ولات نەمانی ئەوریژیمە سەرکوتکەرەیە.

هەزاران سلاو لەگیانی پاکی شەهیدەکان ونەنگ و نفرین بۆ ریژیمی خوینریژی کۆماری ئیسلامی

٢٨ - ١٠ - ٢٠٢٢

---

## جاریکیتر و درۆیەکیتر!!!

ریژیمی خوینمژی کۆماری ئیسلامی جینایەتیکی دیکەی خولقاند و ژنیکی رووسووری مەریوانی بەناوی نەسرین قادری شەهید کرد و سەرباقی ئەوە بنەمالەکەی ناچارکرد بلین کچەکەیان بەهۆی نەخۆشی گیانی لەدەستداوە. دیارە ئەوە یەکەم درۆ ودوایین درۆیان نیە

خەلک زۆر لەمیژە بروایان بەقسەی کاربەدەستەکانی ئیران و ریژمەکەیان نەماوە و بایەخیان پینادەن.

و سەرخۆشی لەبنەمالەی سەربەرزی نەسرین قادری و خەلکی شۆرشگیری مەریوان ئەکەم

مەرگ و نەمان بۆ کۆماری دژی مرۆڤی ئیسلامی ئیران

٦ - ١١ - ٢٠٢٢

---

## عەبدولا عیزەتپوور

هەوالی کۆچی دوایی هاوری و هاسەنگەر و هاوبیری خۆم کاک عەبدولا عیزەتپوورم بیست لە کانگای دلمەوە خەمبار بووم بۆماوەی نزیک بە دووسال لەگەورەدی و ماوەی چەند مانگ لە قەندیل لەگەل کاک عبدولله هاومەنزل بووین ئەو پیکەوە

بوونە دۆستایەکی قوولی لەنیوانمان دروست کردوە هەر بۆیە کە کۆچی دوایی کاک عبداللە خەمیکی وای بە دلما برد کەتەنها ئازیزیک دەتوانی وەها کاریگەریەک دابنی.

رۆحت شاد هاوریم سەرخۆشی لە بنەماڵە و مندالەکانی و هاوریان و هاوسەنگەرەکانی ئەکەم.

٢٨ - ١٢ - ٢٠٢٢

---

## زۆر بەداخم بۆ کۆچی ناوادەی کاک ئیدریس هورمزی

کاک ئیدریس مرۆڤیکی خویندەوار، تیگەیشتوو، خاوەن کەسایەتیەکی بەرز، کادیریکی پێگەیشتووی حیزبی دیموکرات و شۆرشگێریکی ماندوو نەناس بوو.

مەرگی کاک ئیدریس خەساریکی گەورە لەبزووتنەوەی کورد بەگشتی و لەحیزبی دیموکرات بەتایبەتی بوو.

سەرخۆشی لە بنەماڵە ریزدارەکەی و حیزبی دیموکرات و هاوری و هاسەنگەرانی ئەکەم و بەشداری خەمیانم.

٧ - ٢ - ٢٠٢٣

---

## بەزمەکانی نیو فەیسبووک

من هیچکات خۆم لەقەرەی بەزمەکانی نیو فەیسبووک نەداوە (چوونکوو ئەهلی نیم) بەلام کە چاو لەهەندیک نوسراوە ئەکەم بۆنی دووبەرەکی نانەوە وتیکدانی ریزە لەرزۆکەکانی نیوحیزبەکانی لیدیت ناچارم شتیک بنووسم ودەلیم تکایە لیگەرێن با هەرکەس لەهەر ریگایەکەوە کەپییوابی خزمەتیک بەبزووتنەوەی کورددەکا، بابیکا. خۆزگەم دەخواست هەموو حیزبەکان بەیەکەوە و بە پشتیوانی یەکترهەنگاویان هەلبگرتایە، بەلام خۆزگە شتیک و راستیەکان شتێکی دیکەن.

٨ - ٢ - ٢٠٢٣

**بۆ کۆچی نەسرین خانم**

**کاتێک مرۆڤ ئەندامیکی لەشی لەدەستدەدا یان تووشی ئازار وناسۆر دەبی ئەوکات دەزانی ئەو ئەندامەی چەند پربەها وبۆ لەشی چەند بەسوود بوە بۆکۆمەلگایەک وەک کوردی رۆژهەلات بەگشتی وحیزبی دیموکرات بەتایبەتیش هەروەهایە بۆیەکۆچی دوایی هاوژینی بەوەفا ودلسۆزی دوکتور قاسملوو خەسارەتیکی گران و دلتەزینە. نەسرین خانم هەر تەنها هاوژینی کاک دوکتور نەبوو بەلکوو تیکۆشەریکی ماندونەناسی ریی ئازادی گەلی کوردیش بوو.**

**سەرخۆشی لەبنەمالەکەی و حیزبی دیموکرات ئەکەم.**

**رۆحی شاد و هەزاران سلاو لەگیانی پاکی**

**١١ - ٣ - ٢٠٢٣**

---

**سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی بابا عەلی میهرپەروەر**

---

## بەڕێوەچوونی سیمینارێک بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی کوردستان لە وڵاتی دانمارک



**ڕۆژی شەممە ١٢ی خاکەلێوەی ١٤٠٢ی هەتاوی، کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لە وڵاتی دانمارک، سیمینارێکی بۆ کاک "باباعەلی مێهرپەروەر"، ئەندامی پێشووی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات، لەژێر ناونیشانی "ئاوڕێک لە ڕابردوو، کارەساتی شەهیدکرانی**

پێشەوا و سەرنجێک لەسەر شۆڕشی ژینا" پێک هێنا.

سیمینارەکە بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێ کرد.

پاشان بە نوێنەرایەتیی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی دانمارک، "سەربەست ورمێ"، بەرپرسی کۆمیتەی ناوچەی میت یوولەند، پەیامێکی بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.

هەروەها پەیامی هاوبەشی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران و یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن "موژگان پەریزادە"، بەرپرسی کۆمیتەی یەکیەتیی ژنان لەو وڵاتە پێشکەش کرا.

پاشان کاک "باباعەلی مێهرپەروەر" لە دوو گۆشەنیگای تایبەتەوە باسێکی لەسەر ڕۆژی شەهیدانی کوردستان و پاشان گرێدانەوەی ١٠ی خاکەلێوە بە شۆڕشەکەی ژینا و چەمکی ژن ژیان ئازادی، پێشکەش کرد.

ناوبراو وتی: هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان لەسەر کۆماری کوردستان و جوانەمەرگبوونی ئەم کۆمارە، لەسێدارەدرانی پێشەوا قازی محەممەد، مێژووی ئێمە لە سەد ساڵی ڕابردوودا لە سەردەمی قاجار و پەهلەوی و ئیسلامیدا لە یەک شتدا هاوبەش بوون، ئەویش سەرکوتی گەلی کوردە.

کاک باباعەلی مێهرپەروەر بە ئاوڕدانەوەیەک لە شۆڕشی ئێستای ڕۆژهەڵات و ئێران بە گشتی، وتی: لە ماوەی ئەم شەش مانگەدا شۆڕشێک هاتووەتە ئاراوە کە بە شەهیدکردنی کچێکی بێتاوان و مەزڵوومی کورد بە ناوی ژینا ئەمینی، شۆڕشی ژینا هەموو ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە و تەنانەت دروشمی ژن ژیان ئازادی بوو بە داینەمۆی ئەم جووڵەیە و بەردەوامی شۆڕش لە ماوەی ئەم چەند مانگەدا، هەموو وڵاتانی جیهانی گرتەوە.

سەرچاوە: کوردستان میدیا — ١٤ی خاکەلێوەی ٢٧٢٣

---

کۆکردنەوەی و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خاکەلێوەی ٢٧٢٣ی کوردی = ئەپریلی ٢٠٢٣ی زایینی